


# سەرکەوتن لە یەکگرتن دایە



**ژن، ژیان، ئازادی**

**WOMAN, LIEF, FREEDOM**

**بەشی: ١٨**

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# نامیلکەی(ژن، ژیان، ئازادی)

## بەشی؛ ١٨

بەشێک لە وتارو نوسراوە و وتوویژو نووسەران سەبارەت ڕاپەڕینی(ژن، ژیان، ئازادی) لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و سەراسەری ئێران کە پێشتر لە ماڵپەڕ و تۆڕەکۆمەڵاتییەکان بڵاو کراونەتەوە.

منیش ئەم کۆکراوەیە لە دووتۆیی ئەم نامیلکەیە دا دەیخەمە بەرچاوی ئێوەی خۆشەویست. سپاس و پێزانین بۆ نووسەرانی ئەم نامیلکەیە.

کۆی نامیلکەکە ١٠٣ لاپەڕەوو ٢٤ی بابەتن.

ناوەڕۆکی بابەتە و نووسراوەکان راو بۆچوونی و تێبینیی نووسەران خۆیانن. بەندە لێیان بەرپرسیار نیم.

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی





سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

# پێڕست:


١- هەڤپەیڤینی "کوردکاناڵ" لەگەڵ بەڕێز مستەفا هیجری ................................ دیمانە: عەلی بداغی .... ٥

٢- وتووێژی خالید عەزیزی لەگەڵ کاناڵی "کلمە"، سەبارەت بە ڕاپەڕینی گەلانی ئێران ...... ئیبراهیم ئحراری ...... ١٣

٣- محاربە و فەساد لەسەر عەرز، حوکم و ڕەفتارێکی پێچەوانە ................................ عومەر باڵەکی ....... ١٥

٤- مۆڵەتی کوشتن: چۆن ئورووپا ڕێگا بە ئێران و ڕووسیە دەدا بێ سزا مرۆڤ بکوژن ................................
................................................................ پۆلیتیکۆ - ماتیو کارنیشنیگ و: کەماڵ حەسەنپوور ....... ٢٠

٥- ترسی ڕێژیم لە مانگرتن و هێرشی هێزە سەرکوتکەرەکانی بۆ سەر خەڵکی کاسبکاری کوردستان ........................
................................................................................ ئا: کاروان مێراوی ........ ٢٥

٦- دەرکەوتنی ڕووی ڕاستەقینەی کۆماری ئیسلامی ئێران ................................ ئامانج زیبایی ......... ٢٩

٧- زیندان بەزێنەکانی ئێمە (سۆعدا خەدیرزادە) ................................................ ئا: دیاکۆ دانا ...... ٣٢

٨- وتاری پرۆفیسۆر عەبباس وەلی لە خانووی ئەدەبییات لە هانوڤر- ئەڵمان سەبارەت بە شۆڕشی هەنووکەی ئێران ......
................................................................ لە ئینگلیسییەوە: وێنووسی ڕوانگە ....... ٣٥

٩- هاوکاری کوردستان لە ڕاددەی سەراسەری دا ................................................ مستەفا شڵماشی ....... ٤١

١٠- کوردستان هێڵی سوورە! ................................................................ گۆران ئەمیری ...... ٤٤

١١- لەم شۆڕشە نوێیەی ئێراندا، ڕۆئیەتی سیاسیی کورد لە ئاستی ڕۆڵی مەیدانیی ویدا نییە ... د. ئاسۆ حەسەنزادە .. ٤٦

١٢- ژینای ئێمە، یان مەهسای ئەوان؟ ................................................................ ئاسۆ مینبەری ...... ٥٠

١٣- کاریگەرییەکانی وەئەستۆگرتنی سیاسیی پارلەمانتارانی جیهان ................................ زانیار حوسێنی ...... ٥٣

١٤- پرسی فێرکاری و شۆڕشی ژیان لە کوردستان ................................................ حەسەن ساڵحزادە ....... ٥٧

١٥- بۆچی کوردستان کۆڵ نادا؟ ................................................................ ئەلبورز ڕووبینتەن ....... ٦١

١٦- خامنەیی دانی پێدا نا کە سیاسەتی باتوم و سەرکوت شکستی هێناوە ...................... سایتی پەیام ......... ٦٤

١٧- تایبەتمەندییەکانی شۆڕشی ژینا لە ڕۆژهەڵات ................................................ ڕەزا دانشجو ....... ٦٦

١٨- سەرۆکوەزیرانی هولەند لە چەند تویتێک ................................................ مستەفا شڵماشی ....... ٧٠




سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

١٩- وەحشەتی ڕژێم لە هێزی جەماوەر ........................................................ سایتی پەیام .......... ٧١
٢٠- یەکگرتوویی کورد یانی چی؟ ................................................................ میرۆ عەلیار .......... ٧٤
٢١- سیستمی کۆنفیدراڵی باشترین بژاردەی چارەسەرکردنی پرسی فرە نەتەوەیی لە ئێراندا! .... محەممەد سلێمانی .... ٧٧
٢٠- پاراستنی ئیرادەی سەربەخۆی جەماوەری ئێران ئەرکمانە! ............................. عوسمان حاجی مارف ...... ٨٢
٢١- شۆڕشی ژینا و تێڕامانێک ........................................................ تووبا ئەلیاسی ....... ٨٥
٢٢- مەرگی ژیانبەخشی ژینای کوردستان و ئەرکە هەنووکەییەکانی کۆمەڵگای کوردستان ....... هاوڕێ کرماشانی ...... ٨٩
٢٣- فەلسەفەی لەسێدارەدان لە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیدا ...................................... سۆران شەمسی ........ ٩٣
٢٤- کەمنین ئەو هێز و کۆنەپارێزانەی ئێران کە زراویان لە وشەی فرە نەتەوەیی بوونی ئێران چووە ........................
............................................................................................................ محەممەد سلێمانی ....... ١٠٠






سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## مستەفا هیجری: ڕێژیم لە بواری ئیدئۆلۆژییەوە ڕووخاوە و هێزەکانی خەریکە هەڵدەوەرن



**هەڤپەیڤین: عەلی بداغی**

**ئامـاژە: تێپەڕینی ١٠٠ ڕۆژ بەسەر ڕاپەڕینی ژینـا دەرفەتێکی بـاش بـوو بـۆ ئەوەی هەڵسەنگاندێک بۆ دۆخی ڕاپەڕین و تاوتوێی خاڵە لاواز و بەهێزەکانی بکرێت، دەسکەوت و کەموکوڕییەکانی لێک بدرێتەوە و وێنایەک لە دوورەدیمەنەکانی بەدەستەوە بدەین. هەروەها بەدوای وەڵامی کۆمەڵە پرسیارێکدا بگەڕێین کە کۆمەڵگەکە لەو چەقبەستووییە ڕزگار بکات. "کوردکانـاڵ" بـۆ ئەو مەبەستە هەڤپەیڤینێکی لەگەڵ بەڕێز مستەفا هیجری، بەرپرسی ناوەندی بەڕێوەبەری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کردبوو کە "کوردستان" پوختە و کاکڵی ئەم دیمانەیە بۆ خوێنەرانی بڵاو دەکاتەوە.**

**عەلی بداغی: کاک مستەفا ١٠٠ ڕۆژ لە ڕاپەڕینی ژینـا تێپەڕیوە. بەرلەوەی چەند پرس و پرسیارێکی تایبەت لە خزمەت جەنابتدا بێنینە گۆڕێ، پێمان باشە لێکدانەوەی جەنابت لەسەر دۆخی ئێستای ئێران بزانین. ئێرانی دوای ئەم ڕاپەڕینە چ جیاوازییەکی لەگەڵ دۆخی پێش ئەو ڕووداوە هەیە؟**

**مستەفا هیجری:** ئەوەی لەو پێوەندییەدا دەبێ بـاس بکرێ دوو بەشە، واتە دۆخی خەڵک و دۆخی دەسەڵات. بە نیسبەت کۆماری ئیسلامیی هەڵوەرین لە ڕێژیمدا دوای ئەو سەد ڕۆژە زۆرتر بووە و ئەگەر پێشتر گرووپێک، یان بە نیسبەتی کەم خەڵکێک بە دەوریانەوە مابوون و باوەڕیان پێ دەکردن، ئەوەش زۆر لە کەمی داوە. تەنانەت لەنێو هێزەکانی سەرکوتکەر،



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

بەتایبەتی لەنێو مەرجەعەکانی شیعەدا کە پشتیوانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران بوون، لەنێو ئەوانیشدا درزی تێکەوتووە و ئەو یەکدەستیییەی لە هێرەمی دەسەڵاتی ڕێژیمدا هەبوو، ئێمە ئێستا ئەوە نابینین. بێجگە لەوە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە باری ئیدئۆلۆژیشەوە شکستێکی تەواوی خواردووە.

ئەگەر سەرنجتان دابێ، ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە سەرەتای هاتنەسەرکاریەوە، بەشێکی زۆر لە وزە، سامان و دارایی ئەو وڵاتەی تەرخان کرد بۆ ناوەندە ئایینیەکان بۆوەی بتوانێ ئەو نۆرم و بەهاگەلەی بۆخۆیان وەکوو نۆرم و بەهای ئیسلامی دەیناسن، نەوەیی نوێی پێ گۆش بکەن. لە قوتابخانەکان، زانکۆکان، ئیدارە و تەنانەت کارگە و کارخانەکان و لە هەموو شوێنێک ئەو سیاسەتە گیرایە بەر. بەڵام ئێستا دەبینین ئەو نەسڵە کە ئەو هەموو سەرمایەگوزارییەیان لەسەر کردووە و، بە تەمابوون بۆیان ببێتە پشتیوانی ڕێژیمەکەیان، ئەوە ئەوانن لەسەر شەقامەکان دژی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران دروشم دەدەن و خوازیاری ڕووخانی ڕێژیمن. بەتایبەت دەمەوێ ئاماژە بکەم بە دەوری بەرچاو و قارەمانانەی ژنانی ئێران کە زیاتر لە خەڵکی دیکە ستەملێکراو بوون. ڕەنگە ئێمە ئەوە کە ژنان سەرپۆشی ئیجباری لەسەر خۆیان لا دەبن بە شتێکی کەم بزانین، بەڵام بە بۆچوونی من ئەوە یەکێک لە کۆڵەکە ئیدئۆلۆژییەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییە کە ئەو خەڵکە بە دەستی خۆیان ڕووخاندیان و یەک لە بەها سەرەکییەکانی ڕێژیمیان خستە ژێر پێی خۆیان و ئەوانە دەستکەوتی زۆر گرینگن.

بێجگە لەوانە کۆماری ئیسلامی ئێران، ساڵانێکە پرووپاگەندە دەکا بۆ ئەوەی شیعە و سوونی و نەتەوەکانی جیاوازەکان کە پێکهاتەی ئێران پێک دێنن، لەبەرامبەر یەکتردا ڕابگرێ؛ بە نانەوەی ئاژاوە و دووبەرەکی، بە سیاسەتی هەڵاواردن، بە لێدانی تۆمەتی جیاییخوازی و... . بەڵام ئەزموونی ئەو سەد ڕۆژە نیشانی دا کە نەک سیاسەتەکانی ڕێژیم جێ نەکەوتوون، بەڵکوو دروست بەپێچەوانەی ئەوان، نەتەوە جیاوازەکان و ئایینەکانی جیاوازەکان بە لایەنگری لە یەکتر دروشمیان دا. ئەو یەکیەتی و یەکریزی و یەکدەنگییە کە بە مانای هەرەسهێنانی ویستەکانی ڕێژیمە، دەسکەوتێکی زۆر گەورە بوو. لە بەشەکانی دیکەش وەک ئابووری و سیاسەتی دەرەکی، ڕێژیم تووشی دارمان و هەرەس بووە. بەڵام ئەگەر بێینە سەر خەڵک، ئەو خەڵکە لەگەڵ ئەوەی تازەبەاری لەدەستدانی خۆشەویستەکانیانن، ناڕاحەتن لەوەی برینداریان زۆرن، خەڵکێکی زۆر گیراون و بێسەروشوێن کراون؛ بەڵام خەڵک براوەن و ئەو وێنایەیان دروست کرد کە خەڵک دەتوانێ ئەو ڕێژیمە بڕووخێنێ و نیزامی سیاسیی دڵخوازی خۆی بێنێتە ئاراوە. خەڵک ئێستا ئیدی بەتەواوی ترسیان لە ڕێژیم شکاوە و درێژە بە خەباتی خۆیان دەدەن. بەتایبەتی دەبینین خەڵکی دنیا لە پارلمانەکان، دەوڵەتەکان لە نێو ڕۆژنامەنووسەکان، هونەرمەندان و بە ئیستلاح سلیبریتییەکان، لە هەموو شوێنێک هاتوونەتە پشت خەڵک و بە ئاشکرا دژی ڕێژیم هەڵوێست دەگرن.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

دەستکەوتێکی گەورەی دیکەش ئەوەیە ئەگەر لە ساڵەکانی ڕابردوودا، دەماندیت خەڵک دەهاتنە سەر شەقامەکان، داواکان بۆ مووچەی دواکەوتوو، یان داخوازیی سینفییان هەبوو؛ بەڵام لەو سەد ڕۆژەدا دروشمەکان لەوە تێپەڕین و تەواوەتیی کۆماری ئیسلامی ئێرانیان کرد ئامانج و دروشمی مەرگ بۆ ڕێبەری ڕێژیم بەرز کرایەوە. ئەوە پێمان دەڵێ کە ئەو خەڵکە ئیدی هیچ هیوایەکی بە ڕێژیم نەماوە و ئەو قەناعەتەی لەلا دروست بووە کە بۆ سارێژکردنەوەی برینەکانەکانی و، بۆ ژیانێکی سەربەرزانەتر دەبێ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی، بڕوا.

**عەلی بداغی:** کاک مستەفا باستان لە دۆخ و دەسکەوتەکانی ئەم ڕاپەڕینە کرد. بەڵام دەرفەتەکان چی؟ ئەم دەرفەتانە چین کە بۆ پرسی کورد لە ئێران دروست بووە؟ هەروەها کورد چۆن دەتوانێ ئەم دەرفەتانە بقۆزێتەوە و لە پێناو دۆز و پرسە گەورەکەی خۆیدا بەکاری بێنێ؟

**مستەفا هیجری:** گرینگتر لە هەموو شت ئەوە کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران، تەنانەت پێش کۆماری ئیسلامی و لە ڕێژیمی پەهلەویشدا کورد وەکوو خەڵکێکی یاخی و سەربڕ پێناسە دەکرا. کورد لەو سۆنگەیەوە بەتوندی سەرکوت دەکرا، زوڵمی لێ دەکرا و نەیاندەهێشت سەر هەڵێنێ، بەڵام ئێستا لە تاران، لە تەورێز، لە بەلووچستان خەڵک بۆ پشتیوانی لە کوردستان دروشم دەدەن. ئەوە دەرفتێکی باشە بۆ ئەوەی کورد جارێکی دیکە و بەشێوەیەکی دروست و ئوسوولی لە زمان خەڵکی دیکەوە دەناسرێ. ئەوە دەرفەتێکی زێڕینە و ئێمە هان دەدا بۆ ئەوەی بتوانین لەگەڵ ئەو خەڵکە ڕاپەڕیوەی غەیری کوردستان پێوەندی بگرین و ئەو پێوەندییە، مەعنەوی و سیاسییە کە هاتووەتە پێش بتوانین بەهێزتری بکەین. لێرەدا پێمخۆشە داوا لە خەڵکی تێکۆشەری کوردستان بەتایبەت لاوەکان بکەم کە ئەو دەسکەوت و یەکگرتووییە بە هەند وەربگرن. ماوەیەکی زۆری کێشاوە، کورد زۆری خوێن داوە تاوەکوو ئازادیخوازی و بەها مرۆییەکانی خۆی بە خەڵکی ئێران و جیهان بسەلمێنێ. لەبیریشمان نەچێ ئەگەر ئەو ڕاپەڕینە، لەنێو خەڵکی ئێراندا بەشێوەی بەربڵاو دەنگی داوەتەوە و دنیا هاتووەتە پشتی؛ لەسۆنگەی ئەو یەکگرتوویییە. ئێمە شان بە شانی خەڵکی ئێران دەتوانین، ڕێژیم برووخێنین و ویست داخوازییەکانی خۆمان بێنییە دی، بۆیە لەو پێوەندییەدا ئەوەندی ئیمکانمان هەیە و بۆمان دەلوێ دەبێ پتر تێبکۆشن و کەلکی پتر لەو دەسکەوتە وەرگرین.

دەرفەتێکی دیکە کە دێتە پێشێ مەسەلەی ڕۆژئاوایە بە ئەمریکا و ئورووپاوە. ئێستا جیهان دەزانێ کە ئەو ڕاپەڕینە، یەکەم هەنگاو لە کوردستانەوە دەستی پێ کرد. ئێستا دەزانن کە ئەوە حیزبەکانی ئۆپۆزیسیۆنی کورد بوون کە داوایان کرد خەڵک بێنە سەر شەقام و مان بگرن و خەڵک بە گوێیان کردن. ئەوە ئێعتبارێکی تازەتری داوە بە کورد و هێزە سیاسییەکانی کوردستان داوە کە دەبێ بیکەینە دەسمایەیەکی باش بۆ دیپلۆماسییەکی بەهێز. ئەمن هەر لەو سەفەرە کورتەی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

بۆ بەشداری لە کۆنگرەی ئینترناسیۆنال سۆسیالیست هەمبوو، ئەو تامەزرۆییەم بینی.

**عەلی بداغی**: کاک مستەفا لە تەنیشت ئەو باسانەی کە لەسەر دەسکەوتەکان و دەرفەتەکانی ئەم جووڵانەوەیە کردتان، بۆ هەمووان ئاشکرایە کە جووڵانەوەکە لە کوردستان هێندێک تایبەتمەندیی خۆی هەیە بۆ نموونە ڕۆڵی مامۆستایانی ئایینی. واتە ئەگەر لە دەرەوی کوردستان دەبینین دیاردەی مەندیلفڕێدان هەیە و خەڵکەکە بە بێزراوییەوە لە ئاخوندەکان دەڕوانن، بەڵام لە کوردستان هەم ڕەفتاری مامۆستاییانی ئایینی جیاواز بووە و خەڵکیش ڕێزێکی زۆر تایبەتیی بۆ ڕۆڵی مامۆستایانی ئایینی هەیە. بەڕێزتان چ خوێندنەوەیەکتان بۆ ئەو جیاوازییانە هەیە؟

**مستەفا هیجری**: جیاوازییەکی گرینگ هەیە لەنێوان ئەو دوو تەیفە لە کوردستان و دەرەوی کوردستان. ئەوەی کە کەسایەتییە ئایینییەکانی شیعە بەتایبەتی ئەوانەی کە موجتەهیدن خەڵک چاوەڕوانی ئەوەی هەبووە کە لەسەر ئەو زۆڵموزۆرییەی ڕێژیم لەو ماوەیەدا لە خەڵکی کردووە بێنە جواب. ئەوان بەپێی بنەما ئایینییەکانی خۆیان، دەبێ داکۆکی لە ستەملێکراو بکەن. بەڵام هەتا ئێستاش لەگەڵ بێ، بێجگە لە هێندێک لە کەسایەتییە ئایینییەکانی شیعە، ئەوانی دیکە هەر لەگەڵ ڕێژیمن و پشتیان لە خەڵک کردووە. بەڵام لە کوردستاندا بەپێچەوانەیە. لە کوردستان کەسایەتییە ئایینییەکان لەگەڵ خەڵکن، نیشتمانپەروەرن و لەو ماوەیەدا پشتی خەڵکیان گرتووە و دژی ڕێژیم ڕاوەستاون. هەرچەند ئەوە ڕەنگە بۆ ئەوان تێچووی زۆریشی هەبێت و لەو سۆنگەیەوە تووشی زیندان و لێپرسینەوە و سزای جۆراوجۆر بن، بەڵام ئەوان ئەرکی ئایینی و ئەخلاقیی خۆیان بەجێ هێناوە و بەرگرییان لە خەڵک کردووە، قازانج و بەرژەوەندیی خۆیان لە پێناو خەڵکەکەدا فیدا، کردووە و بێجگە لە ژمارەیەکی کەم ئەوانی دیکە لەو بارەوە بۆ خەڵک جێگای ڕێزن. بۆیە ئەمن ڕێزی یەکجار زۆرم بۆ ئەو مامۆستا و کەسایەتییە ئایینییانە هەیە و دەستخۆشیان لێ دەکەم و دەڵێم هەر ئەوە شایستەیانە کە بەرانبەر خەڵکەکەیان ئاوا ئامادەی فیداکارین؛ بێگومان کەسایەتی و خۆشەویستی ئەوان ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر دەبێ.

**عەلی بداغی**: کاک مستەفا ئەم ڕاپەڕینە تێچووی زۆریشی بووە، بەتایبەت بۆ خەڵکی کوردستان تێچووەکان لەچاو شوێنەکانی دی قورس بووە، ئەوە بە ئاماری کوشتنەکان، ژمارەی بریندارارن، زۆریی گرتن و ڕەشبگیرەکان و شێوەی سەرکوتی خەڵک لە کوردستانەوە دیارە. بۆ؟ لەبەرچی؟

**مستەفا هیجری**: هەر لە سەرەتای هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامییەوە، نەتەوەکان بەتایبەتی کورد، لەژێر هەڵاواردنی زۆر ئاشکرادا بووە. ئەوەش هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوە کە کورد هەر لە ڕۆژی یەکەمەوە، ئەو ڕێژیمەی باش ناسیوە و زانیویەتی کە ئەو ڕێژیمە ناتوانێ ویست و داخوازییەکانی خەڵک دابین بکا، بۆیە لەدژی ڕاوەستاوە. گەلی کورد لە هەموو



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

ماوەی دەسەڵاتدارەتیی ڕێژیمدا لە خەباتی خۆی بەردەوام بووە. بۆیە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە تەواوی ئەو ماوەیەدا بە نیسبەتی خەڵکی کورد هەر پیلانگێڕی کردووە، زوڵموزۆری نواندووە، خەڵکی کوشتووە، ڕێبەرانی جووڵانەوەکەمانی تێرۆر کردووە و دوژمنایەتییەکی تایبەتی لەگەڵ کورد بووە. لەو سۆنگەیەوە خەبات و تێکۆشان و نارەزایەتییەکانی کورد لە ئێران هەمیشە پڕ تێچوو بووە. بەڵام لەگەڵ هەمووی ئەوانەدا کۆماری ئیسلامی نەک هەر نەیتوانییوە خەڵکی کورد بەچۆک دابێنی، بەڵکوو دەبینین کە ئەو نەتەوەیە ڕۆژ بە ڕۆژ ژیرانەتر و بەورەتر دێنە مەیدان و هەتا ڕووخانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی کۆڵ نادەن.

**عەلی بداغی**: واتە ئێوە دەڵێن کە ئەو تێچووانە بە هیچ شێوەیەک خەڵک چاوترسێن ناکەن و پاشگەزیان ناکەنەوە؟

**مستەفا هیجری**: بێگومان. ئەمن پێموابێ هەر ئێستا ئەو خەڵکە کە تێچووی زۆریشیان داوە، ئەوان بە ئیرادەترن. ئەگەر سەرنجتان دابێ، ئەوەی ئێمە لەو ماڵەیەدا لە بنەماڵەی شەهیدان بینیمان، لە بابی شەهیدەکان، لە دایک و خوشک و برا و منداڵی شەهیدەکان، ئەوان هەمووی هاندەر و وەرەبەخش بوون. لەباتی لاڵانەوە و پاڕانەوە، لەباتی لاوازی و کەساسی، بەڵام وەک لیدێرێکی سیاسی خەڵکیان بۆ درێژەدانی خەبات هان دەدا. ئەوە نیشان دەدا، خەڵک دڵبریندارە، نارەحەتە، تازیەبارە، بەڵام لە عەینی حاڵدا، ورەی بەهێزتر و هیوای قایمترە.

**عەلی بداغی**: کاک مستەفا وەکوو باستان کرد، ئەم ڕاپەڕینە دەسکەوتی زۆری بۆ پرسی کورد بووە، بەڵام لە تەنیشت ئەو دەستکەوتانە بێگومان ڕەنگە کەموکووڕی و کەمایەسییش بە ڕاپەڕینەکەوە دیار بێ، ئەگەر جەنابت بتەوێ خاڵە لاوازەکانی ئەم جووڵانەوەیە دەستنیشان بکەی، ئەوانە لە چیدا دەبینی؟

**مستەفا هیجری**: ئەو سەد ڕۆژە تاقیکارییەکی زۆر گرینگ و مێژوویی بوو بۆ گەلەکەمان و خەڵکی ئێران بە تەواوەتی. لەوەڕاش کە ئەو خەباتە کۆتایی نەهاتووە، پێویستە وەک چۆن خاڵە بەهێز و دەسکەوتەکان باس دەکەین، خاڵە لاوازەکانیش ببینین. ئەمەش بۆ ئەوەیە بۆ داهاتوو خاڵە لاوازەکان بنەبڕ بکرێن هەتا تێچوومان کەمتر بێ. خاڵێکی لاوازی بنەڕەتی لە ئاستی سەرانسەریدا ئەوەیە لە شارە گەورەکان هێشتا خۆپێشاندانەکان میلیۆنی نین، تەنانەت چەند سەت هەزار کەسییش نین. بۆ ئەوەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران بڕووخێ پێویستە هەمووان بەشدار بن.
لە کوردستانیش لەگەڵ هەموو سەرکەوتنەکان کە بوومانە، بەڵام ئێمە دەمانتوانی بە وردبینیی زۆرتر، تێفکرین و دوورکەوتنەوە لە هەست و سۆز و بە لێکدانەوە و مشوورخۆریی زیاترەوە تێچووی ڕاپەڕینەکەمان کەمتر بکەین و ئەوەندە شەهید و بریندارەمان نەدابا. ئێمە وەکوو خەڵکی کورد کەممان نەهێناوە لە خەباتدا. ئەو دەمەی کە بەشێکی زۆر لە



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

خەڵکی ئێران خومەینییان لە مانگدا دەدیت و پیرۆزییەکی ئاسمانی بۆ ئەو ڕێژیمە قایل بوون، کورد ئەوکاتە لەدژی ئەو ڕێژیمە خەباتی کردووە. یانی ئێمە ٤٤ ساڵە قوربانی دەدەین. ٤٤ ساڵە ئێمە دەڵێین ئەو ڕێژیمە کۆسپی سەر ڕێگای ئازادییە، ئەو ڕێژیمە زاڵمە و دەبێ بڕوا و و نەمێنێ. ئیدی پێویست ناکا ئێمە لە درێژەی خەباتەکماندا، بمانەوێ بیسەلمێنین کە شۆڕشگێڕ و خەباتگێڕین. بەڵکوو دەبێ شانبەشانی خەڵک لە بەشەکانی دیکەی ئێران بڕۆینە پێشێ، نە زۆرتر و نە کەمتر. ئەمن دەزانم لاوەکانمان تووڕەن، بێزان لەو ڕێژیمە، چونکە گەورەترین زوڵم لە لاوەکانمان کراوە بە کچ و کوڕەوە. بەڵام خەباتکردن دژی ڕێژیمێکی ئاوا پێویستیی بە تێفکرین و هەڵسەندگاندنە. هیوادارم ئەوە ببێتە دەرسێک لە داهاتوودا، لەگەڵ بەشداری زۆر چالاکمان لە خەبات دژی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی، بەڵام شانبەشانی خەڵکی ئێران بچینە پێشێ، بۆ ئەوەی تێچوومان کەمتر و لە ئەنجامدا دەسکەوتمان زیاتر بێ.

خاڵێکی لاوازی دیکە ئەوەیە هێشتا ئاڵترناتیڤی ڕێژیم دروست نەبووە و ئۆپۆزیسیۆنیش هەتا ئێستا نەیتوانیوە بە پلان و بەرنامەکانی توێژی خۆڵەمێشیی کۆمەڵگە بێنێتە سەر شەقام کە هیوادارم لە بەردەوامیی خەبات و بەرەوپێشچوونی جووڵانەوەکەدا هەمووان بتوانین ئەو کەمایەسییانە چارەسەر بکەین.

**عەلی بداغی**: لە دەرەوەی ئەو هیوادارییە بەڕێزتان کە زۆر جێگای سەرنجن، بەڵام پرسیاری خەڵک ئەوەیە کە ئەم ئاڵترناتیوە بۆ دروست نابێ. ئەم ئۆپۆزیسیۆنە بۆ بارتەقای گۆڕانکارییەکانی، کۆمەڵگەی ئێران ناجووڵێتەوە و ئەو کێشە و ناکۆکییانە چین کە ناتوان لە بارووددۆخێکی ئاوا هەستیاریشدا کە ڕێژیم لە لێواری ڕووخانە؛ ئەوان لە دەوری لانیکەمی خاڵە هاوبەشەکان ساغ ببنەوە؟

**مستەفا هیجری**: ئەمن سەرەتا کوردستان لە دەرەوەی ئەو باسە دادەنێم. بەڵام لە ئاستی سەرانسەریدا لە ماوەی سەد ساڵی ڕابردوودا، ئێمە سیستمێکی دێموکراتیکمان لە وڵاتدا نەبووە کە خەڵک فێری کاری هاوبەش بکا. هەر کەس بۆخۆی، خۆی بە جەمسەرێک دەزانێ. خۆیان بێنیاز لە خەڵک و ڕاوێژی خەڵکی زانا و دڵسۆز و نیشتمانپەروەر دیوە. بەرژەوەندییەکان تەسک و سنووردار بوون، بۆیە لەگەڵ ئەوەدا و لە دۆخێکدا کە نوخبەکانی ئێرانی باس لە دێموکراسی دەکەن، خوێندەوارن و لە جیهانی ئازادی دەرەوەدا دەژین و ئەزموونی پێشکەوتووی ئەو وڵاتە دێموکراتانەشیان هەیە؛ کەچی ناتوانن پێکەوە کار بکەن. بەداخەوە هەتا ئێستا کەس بیروبۆچوونی ئەویدیی قبووڵ نییە و هەر کەس پێیوایە بۆخۆی حەقیقەتیی موتڵەقە و ئەوە ئەوانی دیکەن کە دەبێ لە دەوری ئەو بهاڵێن. ئەوە بە داخەوە واقعی ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامی لە دەرەوەی وڵاتە. بەڵام لە کوردستان، ڕاست بەپێچەوانەی ئەو دۆخەیە. لە کوردستان خەڵک لە ماوەی ئەو چل و چەند ساڵەدا، ئەزموونی گەورەیان لە خەباتدا وەدەست هێناوە و تاقیکاریی زۆریان بووە. ئەزموون لە شکاندنی یەکتر، لە



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

کوشتن و بوغزاندنی یەکتر و هەموو ئەوانەی تاقی کردووەتەوە. بەڵام بەو دەرەنجامە گەیشتوون هیچکام لەوانە ڕێگای ڕزگاری نین. ڕێگای ڕزگاری لە یەکگرتوویی و لە بەهێزبووندایە. ئێمە پێشتریش ڕامانگەیاندووە، خەڵکی ڕۆژهەڵات دەبێ ببێتە هێزی شۆڕشگێڕ. بۆ ئەوەش کە ببێتە هێزی شۆڕشگێڕ دەبێ یەکگرتوو بێ. هێز لە یەکگرتووییدایە و بۆ ئەوەی بتەوێ لەگەڵ لایەنی دیکە یەکگرتوویی پێک بێنی، دەبێ حەقانییەتێک کە بیری لێ دەکەیە و باسی لێ دەکەی هەمووی لە خۆتدا نەیبینی و لە خەڵکی دیکەشدا ببینی بۆوەی بتوانی بەرنامەی هاوبەشت لەگەڵی هەبێت. ئێستا پێچەوانەی ئۆپۆزیسیۆنی سەرانسەری لە کوردستان یەکگرتوویی بەکردەوە هەیە و ئەوە جیاوازییەکی گەورەیە لەنێوان ئەو دوو بەشە لە ئێراندا.

**عەلی بداغی**: هەر ئەم جیاوازییانە لەو ماوەیەدا واقعی سیاسیی گرینگی لێ کەوتووەتەوە. بۆ نموونە هەرکات ناوەندی هاوکاریی دوای مانگرتنی کردووە، وەڵامی خۆی لەلایەن خەڵکەوە وەرگرتووە. بەڵام کاک مستەفای بەڕێز ئایا حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، یان ناوەندی هاوکاری هەر بەو مێتۆدە لە خەبات لە کوردستان بەردەوام دەبێ، یان پلان و بەرنامەیەکی دیکەتان بۆ ڕاپەڕین هەیە؟

**مستەفا هیجری**: بێگومان هەر قۆناغێک لە خەبات، ڕێوشوێن و بەرنامەی تایبەت بە خۆی هەیە. هەر بەو شێوەیە کە کۆمەڵگە دەگۆڕێ، خەبات ڕەنگی جیاواز بە خۆییەوە دەگرێ و دروشمەکان دەگۆڕدرێن و داخوازیی خەڵکیش دەگۆڕدرێن و دەبێ حیزبە سیاسییەکان پێ بەپێی ئەوە ئاڵوگۆڕ لە بەرنامەکانی خۆیاندا پێک بێنن. ڕەنگە ئەو شێوە خەباتە لە ماوەی ئەو سێ مانگە یان ١٠٠ ڕۆژەدا لە پشت سەری خۆمان بەجێمان هێشت، نەتوانین بە عەینی، ئەو مێتۆدە دووبارە سەرکەوتن بەدەست بێنێ. بۆیە ئێمە ئێستا هەم لە ڕێبەرایەتیی حیزبەکەمان و، هەم لە ناوەندی هاوکاریی خەریکی لێکدانەوە و تاوتوێکردنی ئەزموونی ئەو ماوەیەین، بۆ ئەوەی بزانین چ ڕێگەچارەیەکی دیکە دەتوانین بێنینە پێشێ کە هەم خەباتەکە بەردەوام بێ، هەم خەڵکیش ماندوو نەبێ و بتوانی بچێتە لە خەباتەکە بچێتە پێش.

**عەلی بداغی**: کاک مستەفا جەنابت دەورە دیمەنەکانی ئەو ڕاپەڕینە چۆن دەبینی؟

**مستەفا هیجری**: من ئەوە قسە و بیرباوەڕی ئێستام نییە، بەڵکوو زۆر لەمێژە گوتوومە لەوەدا کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی، دەڕووخێ و ناتوانێ درێژە بە مانەوەی خۆی بدا، ئێستاش هەر لەسەر ئەو باوەڕەم و ئەو باوەڕەم بەهێزتر بووە. ئەوەی ئێستا بڕوای منی بەهێزتر کردووە ئەو دەستکەوتانەیە کە لەو ١٠٠ ڕۆژەدا بەدەست هاتووە زۆر گرینگ بوون. بەتایبەتی لە کوردستان و باقی ناوچەکانی دیکەی ئێران وەکوو بەلووچستان کە پێویستە، ڕێزی لێ بگرین. بۆیە من ئاراستەکە ئاوا



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

دەبینم، ڕۆژبەڕۆژ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی، بەرەو لاوازیی زیاتر دەڕوا و لە ڕووخان نیزیکتر دەبێتەوە. هۆکاری ئەوەش زۆرتری دەگەڕێنمەوە بۆ ئەوەی کە ئەو ڕێژیمە عەقڵییەت و تێگەیشتنی ئەوەی نییە گوێ لە خەڵک بێ و هەنگاوێک لە پێناو ویست و داخوازی خەڵکدا هەڵێنێتەوە. ئەوە تایبەتمەندیی دیکتاتۆرەکانە لەباتی ئەوەی گوێ لە خەڵک بگرن و داخوازیی خەڵک جێبەجێ بکەن، بەرنامەی خۆیان دەبەنە پێشێ و ئەوە دەبێتە عاملی ڕووخانەکەیان. لەلایەکی دیکەوە بەو وشیاری و ئاگاییە کە خەڵکی ئێران بەگشتی و خەڵکی کورد بەتایبەتی بە دەستی هێناوە، ئەم ڕێژیمە چیدی ناتوانێ بەو عەقڵییەتەوە درێژە بە دەسەڵاتەکەی بدا. جا هۆکاری دیکە زۆرن، ئەوەش کە جیهان پشتی کردووەتە کۆماری ئیسلامی ئێران و ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر فشاری بۆ دێنن و ئەو فشارانە لە داهاتوودا زیاتر کاریگەرییان لەسەر کۆماری ئیسلامی دەردەکەوێ.

**عەلی بداغی**: کاک مستەفا پرسیار زۆرن، بەڵام کات کەمە. ئەگەر لە کۆتاییدا پەیامێک، یان بابەتێکی نەگوتراو و باس نەکراوتان مابێت بفەرموون.

**مستەفا هیجری**: من شتێکی کە دەمەوێ پێداگریی لەسەر بکەمەوە، مەسەلەی یەکگرتووییە. داوام لە خەڵکی کورد ئەوەیە ئەوەندەی لە فکری یەکگرتووی کورد و نێوماڵی خۆماندا هەن ئەوەندەش لە فکری یەکگرتوویی بن لەگەڵ بەشەکانی دیکەی ئێران، بەتایبەت نەتەوەی فارس. ئێمە، بۆ پێکهێنانی ئاڵوگۆڕ لە بەرامبەر ڕێژیمێکی وەکوو کۆماری ئیسلامیی ئێراندا، پێویستیمان بە یەکگرتوویی هەیە وەکوو عەرزم کردن هێز لە یەکگرتوویی‌دایە. ئێمە لە کوردستاندا هەرچەند یەکگرتووش بین ناتوانین بە تەنیا ڕێژیم بڕووخێنین و لە تاران ناتوانین ببین بە ئاڵترناتیو. بەڵام بە یەکگرتوویی لەگەڵ خەڵکی ئێران دەتوانین بە ئامانجەکانمان بگەین. بۆ ئەوە هەم دەبێ ئەو سیاسەتەمان درێژە پێ بدەین و حورمەتی خەڵکی دیکە بپارێزین، هەم لەلایەکی دیکە نابێ هیوا و ئومێدمان لە دەست بدەین پێمان وا نەبێ کۆماری ئیسلامی ئەگەر ئەمجارەش، خەڵکی سەرکوت کرد هەمووشتێک تەواوە. چونکە لە ڕاپەڕینەکانی پێشوودا لەو جارەشیان خەڵکیان زیاتر کوشت. بەڵام بەو حاڵەش خەڵک هاتنە مەیدان. ئەو خەڵکە بەو ئاگاییە گەیشتووە هەتا ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامی دەست لە خەبات هەڵناگرێ. بەڵام دەبێ پێداچوونەوە بکەین بە هەڵەکانمان، کەموکوورییەکانمان و بەتایبەتی ئەو یەکگرتووییە بپارێزین و بەرفراوانتری بکەین.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا – ڕێکەوتی: ۱۵ی بەفرانباری ۲۷۲۲ = ۵ی جانێوێری ۲۰۲۳



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# خالید عەزیزی: لە مەسەلەی ئاڵترناتیف بۆ ڕێبەریکردنی ڕاپەڕین و ئیدارەی داهاتووی ئێراندا وەلانانی ئەحزاب، بەرهەمهێنانەوەی دیکتاتۆرییە




وتەبێژی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە وتووێژێکی تلویزیۆنیدا لەگەڵ کاناڵی "کلمه"، سەبارەت بە ڕاپەڕینی گەلانی ئێران دژ بە دیکتاتۆریی کۆماری ئیسلامیی ئێران وتی: "بە خۆشحاڵییەوە لە ئێستادا هەموو گەلانی ئێران بە دروشم و ئامانجی هاوبەش کە نەمانی کۆماری ئیسلامییە لە ڕاپەڕینی ژینادا بەشدارن."

خالید عەزیزی وتەبێژی حیزبی دێموکرات لە وتووێژێکدا لەگەڵ کاناڵی "کلمه" سەبارەت بە دوورەدیمەنی حیزبی دێموکرات لەسەر ڕاپەڕینی گەلانی ئێران بۆ ڕووخانی دەسەڵاتی ئاخوندی و دامەزرانی ئێرانێکی دێموکراتیک لە داهاتوودا وتی: "لەو ڕاپەڕینە گشتییەی گەلانی ئێران دژ بە دەسەڵات، سەرەڕای هەموو جۆرە سەرکوتێکی هێزەکانی ڕێژیم، بۆ یەکەمین جار لە مێژووی ٤٣ساڵەی دەسەڵاتداریی کۆماری ئیسلامیدا گەلانی ئێران بەبێ جیاوازی و یەکگرتووانە ڕووبەڕووی دەسەڵات دەبنەوە.

عەزیزی لە بەشێکی دیکە لە قسەکانیدا سەبارەت بە دەسکەوتەکانی ئەو ڕاپەڕینە مەزنە وتی: "کۆماری ئیسلامیی ئێران پێش لەو ڕاپەڕینە هەرکات لە کوردستان و بەلووچستان خۆپیشاندانێکی ناڕەزایەتی دەهاتە ئاراوە ئەو نەتەوانەی بە جیاییخواز تاوانبار دەکرد و دەیگوت ئەوانە جیاییخوازن و دەستی دەرەکییان لە پشتە، بەڵام بەخۆشحاڵییەوە ئێستا ئەو ئیدیعایە مایەپووچ ماوەتەوە و گەلانی ئێران یەکدەنگ ڕووبەڕووی کۆماری ئیسلامی دەبنەوە".



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

کاک خالید لە بەشێکی دیکە لە قسەکانیدا تیشکی خستە سەر ڕۆڵی وڵاتانی جیهان لەهەمبەر ئەو ڕاپەڕینە گشتییە و وتی: "لە ئێستادا هەموو وڵاتانی جیهان، کۆماری ئیسلامی لەهەمبەر سەرکوت، کوشتن، بەندکرانی خەڵکی ناڕازیی ئێران مەحکووم دەکەن."

وتەبێژی حیزب، سەبارەت بە یەکگرتوویی هەموو چین وتوێژەکانی کوردستان بەتایبەتی مامۆستایانی ئایینی لە پشتیوانیکردن لە ڕاپەڕینی خەڵکی کوردستان وتی: "لە مێژووی ٧٨ ساڵەی دامەزرانی حیزبی دێموکراتدا بەردەوام مامۆستایانی ئایینی و کەسایەتییە ئایینییەکان لە ڕێبەری حیزب بوونیان هەبووە و لە بزووتنەوەی میللی - دێموکراتیکی کورددا بەردەوام دەور و نەخشی مامۆستایانی ئایینی دیار بووە و بە خۆشحاڵییەوە لەم ڕاپەڕینەشدا یەکگرتوویی و ڕۆڵی مامۆستایانی ئایینی بە مەبەستی پشتیوانی لە خەڵکی ڕاپەڕیوی کوردستان زۆر دیار و بەرچاوە.

وتەبێژی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وتیشی: "لە ئێستادا هیچ جۆرە کەلێنێکی هزری و نەتەوەیی لە نێوان ژنان، پیاوان، مامۆستایانی ئایینی، قوتابییان، خوێندکاران و بەگشتی هەموو چین و توێژەکانی کوردستان نییە و داواکاریی هەمووشمان ڕوو بە دەسەڵات هاوبەشە و داوای ئازادی و دێموکراسی و هەروەها جیایی دین لە دەسەڵات دەکەین.

وتەبێژی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەسەر پێویستیی دروستکردنی ئاڵترناتیڤ، یان جێگرەوەیەک بۆ کۆماری ئیسلامی وتی: "ئێمە لەسەر ئەو باوەڕەین نابێ بە هیچ شێوەیەک ئیجازە بدرێ دەسەڵاتێکی دیکتاتۆری لە ئێران بێتەوە سەرکار، دەبێ ئەحزابی سیاسیی کورد و ئێرانی هەموو هەوڵێکی خۆیان وەگەڕ بخەن و هەوڵ بۆ دامەزرانی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدراڵ بدەن، ئێران وڵاتێکی فرەنەتەوەیە و لە داهاتوودا دەبێ هەموو نەتەوەکان خۆیان ببیننەوە.

نابراو هەروەها وتیشی بە خۆشحاڵییەوە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە شێوەیەکی دێموکراتیک خۆی ڕێک خستووە و خۆی سازمان داوە و باوەڕی بە بڕیاری بەکۆمەڵ هەیە.

سەرکەوتن لە خۆڕێکخستن و یەکگرتووییدایە و بۆیە دەبێ هەموو سازمان و ڕێکخراوەکان یەکگرتووانە هەوڵی دروستکردنی ئاڵترناتیڤێک بدەن، هەموو ڕێکخراو وسازمانەکان و کەسایەتییەکانی دەرەوەی وڵاتیش، هونەرمەندان، وەرزشوانان و کەسایەتییەکانی دیکە کە لە ئێستادا بوونەتە سیمای بەرچاوی ئەو ڕاپەڕینە، دەبێ هەوڵی خۆڕێکخستن و خۆگونجاندن لە بەرەیەکدا بدەن.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

خالید عەزیزی لە کۆتایی قسەکانیدا سەبارەت بە وەلانانی ئەحزابی سیاسیی دیکە لە داهاتووی ئێراندا وتی: 'ئێمە بەپێی ئەو فەرهەنگە حیزبییە کە لە حیزبی دێموکراتدا جێگیر کراوە، ئەو مافەمان نییە کە هیچ حیزبێک وەلا بنێین و ئەو مافەش بە کەس نادەین نادیدەمان بگرێت. ئەوە خەڵکە لە داهاتوودا لە کەشێکی دێموکراتیکدا بڕیار دەدا کە چ حیزبێک بۆی هەیە ڕێی بکەوێتە پارلمان و لە پێکهێنانی دەسەڵاتدا بەشدار بێت.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا – ڕێکەوتی: ١٦ی بەفرانباری ٢٧٢٢ = ٦ی جانێوێری ٢٠٢٣

---

## محاربە و فەساد لەسەر عەرز، حوکم و ڕەفتارێکی پێچەوانە




**عومەر باڵەکی**

لەو کاتەوە کە نیزامی کۆماری ئیسلامی وەک سیستمی سیاسیی و بەڕێوەبەری لە ئێران هاتۆتە سەرکار، هەوڵی دەسەڵاتدارانی ئەو نیزامە ئەوە بووە کە خۆیان و دەسەڵاتەکەیان وەک نوێنگەی ئایینی ئیسلام بە دنیا بناسێن و ئەوە لە هەموو کار و کردەوەکانیاندا بە تایبەتی لە قانوونە بەرکارەکانی ئەو نیزامە بە قانوونی بنەڕەتییشەوە ڕەنگی داوەتەوە،



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

بەو مانایە قانوندانەری ئێرانی لە کۆماری ئیسلامیدا سەرچاوەکانی قانوونی لە شەرع و حوکمی ئایینی و مەزهەبی کە خۆیان باوەڕیان پێیەتی وەرگرتووە. ئەوەش وای کردووە کە کۆمەڵگەی جیهانی بەگشتی و کۆمەڵگەی ئێران بەتایبەتی لە ماوەی ئەو ٤٣ ساڵەدا لەنێو نێوەڕۆکی قانوونەکانی کۆماری ئیسلامی بەتایبەتی قانوونی سزادانی ئیسلامی کۆمەڵێک دەستەواژەیان بەرچاو بکەوێ کە سەردەمانێکی زۆریان بەسەر دا تێپەڕ بووە. واتا ئەگەر سەردەمانێک بۆ نیاز و پێویستیەکی کۆمەڵگەی سەردەمی خۆیان وەک قانوون و ڕێکاری دابەزاندنی نەزم بوون، لە سەردەمی ئێستادا لەگەڵ پێوانە قانوونییەکان و نیازی کۆمەڵگە یەک ناگرنەوە و ناتوانن قانوونێک بن کە کۆمەڵگەیان پێ ڕێک بخرێ. بۆیە زۆر جاران پیادەکردنی ئەو قانوونانە لەلایەن دادگاکانەوە لەنێو کۆمەڵگە و تەنانەت زانایانی بواری دینی و قانوونییەوە باسی جۆراوجۆری لێ دەکەوێتەوە، بە چەشنێک کە ئەسلی قانوونەکە دێتە ژێر پرسیار و مادام لەنێو کۆمەڵگەدا پرسیاری لەسەر دروست دەبێ، بەپێی هەموو پێوانەیەک ئەو قانوونە ئەسلی قانوونیبوونی خۆی لە دەست دەدا و کۆمەڵگە پێی پابەند نابێ.

یەکێک لەو قانوونانە کە ماوەبەماوە هەم لە ڕادەی نێوخۆی ئێران و هەم لە ڕادەی جیهانیدا مشتومڕی زۆری لێ دەکەوێتەوە چەند ماددەیەک لە قانوونی سزادانی ئیسلامییە کە باس لە پێناسەی محاربە و سزاکانی پێوەندیدار بە ئیستلاح بەو تاوانە دەکەن! بە تایبەتی لەو ماوەیەدا کە ڕاپەڕینی ژینا لەژێر دروشمی "ژن، ژیان، ئازادی"سەرانسەری ئێرانی گرتەوە و ئەسلی ساختاری نیزامی کۆماری ئیسلامیی هێنا ژێر پرسیار و دەریخست کە ئامانجی ڕاپەڕینی "ژینا" نەمانی تەواوەتیی نیزامی کۆماری ئیسلامییە. بۆیە دەسەڵاتدارانی تاران بێجگە لە سەرکوتی بێبەزەیانەی خۆپێشاندەران و بە قسەی خۆیان لە ڕێگای قانوونەوە بە تۆمەتی "محاربە" کەوتنە بیری سزادانی توندی ئەو خۆپێشاندەرانە، بۆ ئەوەی لەلایەک ترس وخۆف لە لای خۆپێشاندەرانی دیکەدا پێک بێنن و لەلایەکی دیکەوە بە بیروڕای گشتیی کۆمەڵگەی جیهانی بڵێن کە ئەو کەسانە پێچەوانەی قانوونەکانی نێوخۆی ئێران جووڵاونەوە و بەپێی قانوون سزا دەدرێن. بۆیە ماوەیەکە باسی سزادانی کۆمەڵێک زیندانیی لاو تەنیا بە تاوانی ئەوە کە بۆ ناڕەزایەتیدەربڕین بە شێوازی دەسەڵاتدارەتیی کۆماری ئیسلامی دەنگیان هەڵبڕیوە، لەلایەن هێزە ئەمنییەتییەکانی ئەو نیزامە دەستبەسەر کراون و لە بێدادگایەکاندا توندترین و بێبنەماترین سزا واتا سزای "محاربە"یان بەسەردا سەپاوە بێ، ئەوەی بتوانن بەرگری لە خۆیان بکەن ویا دەستیان بە پارێزەر ڕابگا.

بەپێی سەرچاوەکان و لێدوانی زانایانی بواری قانوون سزای "محاربە" مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ نزیک بە ١٤٠٠ساڵ لەمەوبەر، واتا سەرچاوەکەی قانوونەکانی دینی ئیسلامە، کە بەپێی باوەڕە دینی و ئایینیەکان مرۆڤ ناتوانی دەستکاری ئەو قانوونانە بکا. لە حاڵێکدا بەپێی پێناسەی قانوون لە سەردەمی ئێستادا، قانوون و نێوەرۆکی قانوون جۆرێک



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ڕێککەوتنە لە نێو تاکەکانی کۆمەڵگە لە لایەک و کۆمەڵگە بە گشتی لە گەڵ دەوڵەت لە لایەکی دیکەوە. بەو مانایە قانوون دەستکردی مرۆڤە و بەپێی هەلومەرج و سەردەمی جیاواز و نیازی کۆمەڵگە ئاڵوگۆڕی بەسەردا دێ. لە هەمان کاتدا قانووندانەر کاتێک قانوون دادەڕێژێ بە لە بەر چاوگرتنی نیازی کۆمەڵگە، تاک یا کۆی کۆمەڵگە مەنع دەکا لە کردنی کارێک یا ڕادەسپێرێ بە کردنی کارێک ، بەو مانایە کردنی کارێک یا نە کردنی بە تاوان دادەنێ ولە بەرانبەر ئەو تاوانەش دا سزای شیاوی خۆی بۆ دەست نیشان دەکا. بەڵام قانوونەکانی نیزامی کۆماری ئیسلامی بە تایبەتی لە نێوەرۆکی قانوونی سزادانی ئیسلامیدا کۆمەڵێک ناتەبایی وناڕوونی تێدا بەرچاو دەکەوێ کە لە کاتی بەناو دادگایی کردندا بە زیانی کەسی تۆمەتبار دەشکێتەوە و بە قازانجی دەسەڵات کەڵکی لێ وەردەگیرێ. بۆ نموونە ماددەکانی ٢٧٩هەتا ٢٨٨ لە قانوونی سزادانی ئیسلامی کە باسی تاوان و حوکمی "محاربە" و "مفسد فی الارض" دەکەن. نێوەرۆکی ئەو چەند ماددەیە لە نێوەرۆکی ئایەکانی ٣٣ی سوورەی مائدەی قورعان وەرگیراوە کە شارەزایانی بواری دینی سەبارەت بە مانا و تەفسیر و شێوازی جێبەجێ کردنی لە سەردەمی ئێستادا لەسەری کۆک نین. چونکە هەر وەک گوترا قانوون بەپێی هەلومەرج و نیازەکانی کۆمەڵگە و سەردەم بۆ ڕێکخستنی کۆمەڵگە لەلایەن شارەزایانی ئەو بوارەوە ڕێک دەخرێ و هیچ جۆرە پیرۆزییەکی نییە و هەرکات نیازی کۆمەڵگە پێویستی بە گۆڕینی هەبوو، ئاڵوگۆڕی بەسەردا دێنێ. بەڵام هەروەک گوترا مرۆڤەکان ناتوانن دەستکاری دەقە ئایینیەکان بکەن.

سەردەمی ئێستا سەردەمی وێژمانی مافی مرۆڤە و بەپێی نیاز و پێداویستی ئەو سەردەمە دەبێ قانوونەکان دابڕێژرێن، بنەمای قانوون لە سەردەمی ئێستادا پێویستە پێش هەموو بابەتێک لەسەر سێ بابەت ڕێک بخرێ.
**یەکەم** پاراستن و ڕێکخستنی نەزم و ئاسایشی کۆمەڵگە. دووهەم پاراستنی کەرامەتی ئینسانەکان، سێهەم پارێزگاری وبایەخدان بە ژیانی مرۆڤەکان. بە شۆڕبوونەوە بە نێو ناوەرۆکی قانوونی سزادانی ئیسلامی ئێراندا بۆمان دەردەکەوێ کە قانووندانەری ئێرانی بایەخی بۆ هیچ کام لەو سێ بابەتە دانەناوە. بەتایبەتی لەو برگە لە قانوونەکاندا کە باس لە پێناسەی تاوانی محاربە و سزاکانی دەکا دەڵێ: "محاربە تاوانێکە لە فیقھ و قانوونی ئیسلامیدا بە مانای بەکاربردنی چەک بە مەبەستی ڕێگری و جەردەیی و ترساندنی خەڵک بە شێوازێک کە ئەمنییەتی گشتی و کۆمەڵگە بخاتە مەترسییەوە؛ وەک ئەوە وایە کە ئەو کەسە چووبێتە شەڕی خوا و پیغەمبەری خوا. تاوانی محاربە کاتێک دێتە دی کە "ترس و خۆف لایەنی گشتی بەخۆیەوە بگرێ و ئەو کەسە توانای تێکدانی ئەمنییەتی کۆمەڵگەی هەبێ...." و سزای ئەو تاوانە بەپێی نێوەرۆکی ماددەکانی ٢٧٩ - ٢٨٨لە قانوونی سزادانی ئیسلامی "ئێعدام، لەخاچدان، پەڕاندنی دەست وپێی تاوانبار بە پێچەوانەی یەکتر و دەرکردن لە وڵات"ە کە هەر بەپێی نێوەرۆکی ئەو قانوونە دادوەر لە کاتی دادگایی کردن سەرپشک کراوە کە کام یەک لەو سزایانە بۆ تاوانبارکراو دەست نیشان دەکا.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

کاتێک نێوەرۆکی ئەو قانوونە لەگەڵ پێوەرە جیهانییەکان لە بواری قانوونییەوە لێک دەدینەوە بۆمان دەردەکەوێ کە ئەو قانوونە چەندە ناتەبایە لە گەڵ ئەو پێوەرە جیهانییانە کە بنەماکانیان پاراستنی مافەکانی مرۆڤە. چونکە یەکەم: بەپێی نێوەرۆکی ئەو قانوونە کە باسی محاربە دەکا، قانوندانەر نەیتوانیوە وردکاریی تاوانەکە دەست نیشان بکا، بەڵکوو زیاتر حاڵەتەکەی وەک بابەتێکی گشتی باس کردووە بۆ نموونە باس لە بڵاو کردنەوەی "فساد" لەسەر ئەرز دەکا کە ڕوون نییە کام کردار لە ڕوانگەی قانووندانەر "فساد" ە و ڕوون نییە مەبەست لە "سەر زەوی " کام ناوچەیە! دووهەم: بەپێی جارنامەی گەردوونیی مافی مرۆڤ و هەموو پەیماننامە و کۆنڤانسیونەکانی پێوەندیدار بە پاراستنی مافەکانی مرۆڤ، ژیان و هەناسەدان مافێکی سروشتی هەر ئینسانێکە و بۆ هیچ کەس و لایەنێک نییە کە ئەو مافە لە مرۆڤەکان بستێنێ و لە دادگایەک دادگایی بکرێ کە هیچ ڕێوشوێنێکی دادپەروەرانەی تێدا ڕەچاو نەکرێ و بۆ سەلماندنی تاوان لەسەرتۆمەتبار بەڵگەی پێویست لەبەردەستی دادگادا نەبێ.

ئەوەی ئێستا لە دەزگای بەناوی قەزایی ئێران سەبارەت بەدەستبەسەر کراوەکانی شۆرشی خۆپێشاندانەکانی "ژینا" بەڕێوە دەچێ و چەندین کەسیان بە تاوانی محاربە حوکمیان بەسەردا سەپاوە و چەند کەسیان حوکمەکەیان لەسەر بەڕێوە چووە، واتا گیانیان لێ ئەستێندراوە، غەدر و تاوانێکی گەورەیە دەرحەق بەو گەنج و لاوانەیە بە ناوی قانوونەوە دەکرێ. بە چەند هۆکار،

**یەکەم**: هیچ کام لە دەستبەسەر کراوان کە حوکمی "محاربە"یان بەسەرداسەپاوە، هەر بەپێی پێناسە و نێوەرۆکی ماددەکانی ٢٧٩ - ٢٨٨کە باسی تاوانی محاربە دەکا ناتوانرێ ئەو حوکمەیان بەسەردا بسەپێندرێ؛ چونکە ئەوانە شتێکیان نەکردووە کە ببنە هۆکاری خوڵقاندنی ترس و خۆف لەنێو کۆمەڵگەدا، بەڵکوو ڕەفتاری ئەو کەسانە کە نارازی بوون لە شێوازی حوکمرانیی دەوڵەت، جێگای پەسندی ئەگەر هەر هەموو کۆمەڵگەی ئێرانیش نەبێ، لە حاڵی ئێستادا جێگای پەسندی زۆرینەی کۆمەڵگەی ئێرانە، هەربۆیە کۆمەڵگە دوای ئەوە کە حکومەت حوکمی محاربەی لەسەر جێبەجێ کردن نازناوی شەهیدیان پێ دەبەخشێ و بە حورمەتەوە یادیان دەکاتەوە.

**دووهەم**: هەر وەکی پێشتر باس کرا لە بواری زانستی تاواناسی و بەپێی قانوونە نێودەوڵەتییەکان لەسەردەمی ئێستادا قانوونی محاربە نەک پێویستی کۆمەڵگە نییە، بەڵکوو ئەو قانوونە لەبری ئەوە یارمەتیدەری کۆمەڵگە بێت، زیاتر زیان لە جەستە و ڕوحی کۆمەڵگەی ئێران دەدات.

ئاکامگیری: لە خوێندنەوەی پێناسەی قانوونی محاربە و هەڵسوکەوتی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی ئێران بەو ئاکامە دەگەین کە قانوونی "محاربە" و "مفسد فی الارض" بە جێی ئەوە لەسەر خەڵکی نارازی لە نیزام بەڕێوە بچێ، وا دروستە و بەجێیە لەسەر دەسەڵاتدارانی حکومەتی ئێستای ئێران بەڕێوە بچێ، چونکە لە ماوەی ٤٣ساڵی ڕابردوودا بە زبروزەنگ



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

وبەکارهێنانی چەکی جۆراوجۆر بەدژی گەلانی ئێران ترس و خۆفیان لە کۆمەڵگەی ئێراندا چاندووە و ئەوانن "فساد"یان هەم لە ئێران و هەم لە دەرەوەی سنوورەکانی ئێران پەرە پێداوە. بێگومان ئەگەر توندوتیژی، ترس و خۆف لەنێو کۆمەڵگەی ئێران لە ماوەی ٤٣ساڵی ڕابردوودا دروست بووە هۆکاری دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی بوون و هەن و ئەگەر سزای "محاربە" پێوەندی بە توندتیژی و خولقاندنی ترس و خۆف لەنێو کۆمەڵگەدا هەیە، پێش هەموو کەس و لایەنێک دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی ئێران دەبێ بە سزای "محاربە" و "مفسد فی الارض" سزا بدرێن، نەک ئەو گەنج و لاوانەی خەون بە ژیانێکی ئاسوودە و بەدوور لە شەڕ و ئاژاوەوە دەبینن.

ئەم بابەتە لە ژمارەی٨٣٨ی ڕۆژنامەی کوردستان بڵاو کراوەتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا – ڕێکەوتی: ١٦ی بەفرانباری ٢٧٢٢ = ٦ی جانێوێری ٢٠٢٣



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# مۆڵەتی کوشتن: چۆن ئورووپا ڕێگا بە ئێران و ڕووسیە دەدا بێ سزا مرۆڤ بکوژن




**پۆلیتیکۆ - ماتیو کارنیشنیگ**

**بەشی دووهەم و کۆتایی**

**کارتی گفتوگۆ**

به لەبەر چاو گرتنی نزیکیی ئێران لە ئورووپا، بوونی ڕێژەیەکی زۆر ئێرانی تاراوگەنشین لەوێ و زۆرجار دڵفراوانیی هێندێک لە دەوڵەتانی ئورووپایی بەرانبەر تاران، ئورووپا گۆڕەپانێکی سروشتی بۆ تێرۆری کۆماری ئیسلامییە.

کاربەدەستێکی هەواڵگریی ڕۆژاوایی دەڵێ، هەواڵگریی ئێران کە بە وەزارەتی زانیاریی و ئاسایش ناسراوە، ڕایەڵەی ئامادەی ئۆپەراسیۆنی لە سەرانسەری ویشکارۆیەکە دامەزراندووە کە ڕاهێنانی ڕفاندن و کوشتن بە ئامرازی جۆراجۆریان پێ کراوە .

لەگەڵ سەرهەڵدانی ناڕەزایەتییەکان لە ئێران کە لە ٢٠٠٩ بەولاوە لە زیادبوونن، خێرایی ئۆپەراسیۆنەکانی دەرەوەی وڵات بە مەبەستی لەناو بردنی ئەوانەی ڕێژیم بە ورووژێنەرانی ناڕەزایەتییەکان تۆمەتباریان دەکات پەرەی ئەستاندووە. لە کاتێکدا چەند کوشتنی لە ئاستی بچووکدا، وەک ئەوەی لە ٢٠١٥ لە هولەند دژی ئێرانییەکی تاراوگەنشین بە ناوی موحەممەدی کولاهی، سەرکەوتوو بوو، ئۆپەراسیۆنە بەرزەفڕەکانی دیکەی تاران تووشی هەڵە بوون.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

نموونەیەکی هەرە بەرچاو دەگەڕێتەوە بۆ پیلانێک لە ٢٠١٨ بۆ تەقاندنەوەی کۆبوونەوەیەکی شووڕای بەرگریی نەتەوەیی ئێران، هاوپەیمانییەکی گرووپی تاراوگە کە بەتەمای ڕووخاندنی ڕێژیمن. لەناو بەشدارانی کۆبوونەوەکەدا، کە هەزاران کەس تێیدا بەشدار بوون، ڕودی جولیانی، شارەداری پێشووی نیویۆرک و پارێزەری سەرکۆماری وڵاتە یەکگرتووەکان دۆناڵد ترامپ بوو.

پاش دانی زانیاریی لە لایەن هەواڵگریی ئەمریکاییەوە، کاربەدەستانی ئورووپایی پیلانەکەیان پووچەڵ کردەوە، شەش کەسیان دەستبەسەر کردن، لە ناویاندا دیپلۆماتێکی ئێرانی کە لە ڤییەن کاری دەکرد و کەسێک بوو کە چاشنی بۆمبەکە و کەرەستەی دروست کردنی بۆمبی دابوو بە ژن و مێردێک کە قەرار بوو هێرشەکە بۆ سەر کۆبوونەوەکە بەڕێوە بەرن. کاربەدەستان چاودێریی دانی ئەو شتانەیان لە پیتزاهاتێک لە لوکزەمبورگ کرد و لە ئاکامدا دیپلۆماتەکەیان، بە ناوی ئەسەدوڵڵا ئەسەدی، لە ئاوتۆبانی ئاڵمان لە کاتێکدا بە خێرایی دەگەڕایەوە بۆ ڤییەن، شوێنێک کە لەوێ پارێزراویی دیپلۆماتیکی هەبوو، دەستبەسەر کرد.

ساڵی ڕابردوو، ئەسەدی بە تاوانی تێرۆر لە بەلژیک حوکمی ٢٠ ساڵ زیندانی بۆ بڕایەوە. ڕەنگبێ ناوبراو تەنانەت دوو ساڵیش لە زینداندا نەمێنێتەوە.

بە مەحکوم کرانی دیپلۆماتەکە ئەوە یەکەمجار بوو سیخوڕێکی ئێرانی لەبەر کردەوەکانی لە لایەن دادگایەکی ئورووپاییەوە، لە سەرەتای شۆڕشی ئیسلامی بەولاوە، بەرپرسیار کرا.

لە فێبریوەری، ئێران کرێکارێکی فریاگوزاریی بەلژیکی بە ناوی ئۆلیڤیەر ڤاندێکاستیل-ی بە تۆمەتی هەڵبەستراوی سیخوڕیی دەستبەسەر کرد و ناوبراوی گواستەوە بۆ ژووری تاکە کەسی لە بەندیخانەی بەدناوی ئێڤین لە تاران. ڤاندێکاستیل بەرپرسی نووسینگەی گرووپێکی فریاگوزاریی، بە ناوی ئەنجومەنی پەنابەریی نۆرویژ بوو.

دوای بڵاو بوونەوەی زانیارییەکان لەمەڕ خراپتر بوونی دۆخی تەندروستیی ڤاندێکاستیل و داوای گشتی فرمێسکاوی لە لایەن بنەماڵەکەیەوە، دەوڵەتی بەلژیک، بە پاشگوێخستنی هۆشدارییەکان لە لایەن واشینگتۆن و دەوڵەتانی دیکە کە ئەوە دەبێتە هۆی برەودان بە بارمتەگرتنی زیاتر، وازی هێنا و بناغەی گۆڕینەوەی ئەسەدی بە ڤاندێکاستیل-ی دامەزراند. گۆڕینەوەکە دەتوانێ لە هەر ڕۆژێکدا ڕوو بدات.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

عەلینژاد، ژنێکی ئێرانیی چالاکی بواری مافەکانی ژنان، گوتی: "هەنووکە، شارۆمەندانی فەڕانسەیی، سویدی، ئاڵمانی، بریتانیایی، ئەمریکایی و بەلژیکی، کە هەموویان بێ گوناهن، لە بەندیخانەکانی ئێرانی دان. ئەوان وەک کارتی گفتوگۆ کەڵکیان لێ وەردەگیرێت." ئەو گوتی، "ئەوە کاریگەریشە".

## شانۆگەریی ئاماتۆڕان

تەنانەت بەو شێوەیەش، سەرلێشیوایی لە کەیسی ئەسەدیدا ڕەنگبێ بتوانی شی بکاتەوە بۆچی ئۆپەراسیۆنەکانی ئێران لەو دواییانەدا لە لایەن تاوانکارانی بچووکەوە جێبەجێ کراون کە هیچ زانیارییەکیان نییە بۆ کێ کار دەکەن. بۆ وێنە، ئەندامانی تیمی جێبەجێکاری هێرشی ساڵی ڕابردوو لە قوبرس، چەند کوڕی گەیاندنی کاڵا، خەڵکی پاکستانیان تێدا بوون. لە کاتێکدا بێتوو بکەرەکان دەستبەسەر بکرێن، توانایی حاشا کردن دەدا بە ئێران، ئەوە لە هەمان کاتدا ئەگەری شکستی ئۆپەراسیۆنەکە زیاتر دەکات.

کاربەدەستێکی هەواڵگریی گوتی، "ئەوە زۆر ئاماتۆڕانەیە، بەڵام بەدواداچوونی کەسێکی ئاماتۆڕ دەتوانێ دژوار بێ. ئەوان هەروەها بۆ قوربانیکردن دەبن. بێتوو بگیرێن، کەس باکی نییە".

هەواڵگریی ئێران لە فریودانی دژبەران لە ئورووپاوە بۆ وڵاتێکی سێهەمی دۆستی ئێران، بۆ دەستبەسەر کردن و ناردنەوەیان بۆ ئێران، سەرکەوتووتر بووە. ئەوە شتێک بوو کە بۆ ڕوحوڵڵا زەم، ڕۆژنامەوانێکی ڕەخنەگری ڕێژیم کە لە پاریس دەژیا، ڕووی دا. باروودۆخی ڕفاندنی ناوبراو هێشتا ناڕوونە، بەڵام ئەوەی زانراوە ئەوەیە کە کەسێک قەناعەتی پێهێنا لە ٢٠١٩، سەفەر بۆ عێراق بکات و لەوێ دەستبەسەر کرا و نێردرایەوە بۆ ئێران. ئەو بە تاوانی ورووژاندن دژی ڕێژیم مەحکوم کرا و لە دیسەمبەری ٢٠٢٠ لە سێدارە درا.

لە جولای ٢٠٢١، کاربەدەستانی وڵاتە یەکگرتووەکان پیلانێکی سیخوڕانی ئێرانیان بۆ ڕفاندنی عەلینژاد لە ماڵی خۆی لە بروکلین ئاشکرا کرد. بە گوێرەی ئەو پیلانە قەرار بوو ناوبراو بە بەلەمی خێرا بگەیەندرێتە تانکەرێک لە بەندەری نیویۆرک، بەر لەوەی بینێرن بۆ ڤێنێزوئێلا، وڵاتێکی هاوپەیمانی ئێران، و لەوێوە بینێرنەوە بۆ کۆماری ئیسلامی.

ساڵێک دواتر، پۆلیس هەوڵێکیان پووچەڵ کردەوە کە بە بۆچوونی ئێف بی ئای بۆ کوشتنی عەلینژاد بوو و کابرایەکیان بە تفەنگێک و ٦٠ فیشەکەوە دەستبەسەر کرد کە لەدەرگای ناوبراوی دەدا.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

هەروەها کاربەدەستانی ئەمریکایی دەڵێن تاران پیلانی تۆڵە ئەستاندنەوەی کوژرانی قاسم سولەیمانی، سەرۆکی میلیشیای ترسناکی سوپای قودس کە لە ٢٠٢٠ لە لایەن وڵاتە یەکگرتووەکانەوە بە ئامانج گیرا، بە کوشتنی ڕاوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی پێشوو، جان بۆڵتۆن و وەزیری کاروباری دەرەوەی پێشوو، مایک پۆمپێئۆ، لە ناو کاربەدەستانی دیکەدا، داڕشتووە . سەرەڕای هەموو ئەوانە، نە وڵاتە یەکگرتووەکان و نە یەکیەتی ئورووپا دەستبەرداری هیوادار بوون بە ڕێککەوتنێکی ناوکی نەبوون.

بارنیا، سەرۆکی موساد گوتی، "لە ڕوانگەی ئێرانییەکانەوە، لە لایەکەوە ئەوە بەڵگەیەکە کە دەیسەلمێنێ دەکرێ بە ڕواڵەتێکی فریودەرانەی ڕۆژاوایی گوتارێکی شارستانییانە لەسەر ڕێککەوتنی ناوکی جیا بکرێتەوە و بپارێزرێت و لە لایەکی دیکەشەوە پیلانی تێرۆریستی دژی کاربەدەستانی پلەبەرز و شارۆمەندانی ئەمریکایی داڕێژرێت. لێک جیا کردنەوە دەستکردەکە تا ئەو کاتەی دنیا ئیزنی پێ بدات درێژەی دەبێ".

### هەموو شتێک دەتوانێ ڕوو بدات

جەنگی ئوکراین وانەی قووڵی لەمەڕ مەترسییە قووڵە خۆڕسکەکانی نەرمی نواندن بەرانبەر بە دیکتاتۆرەکانی ئاشکرا کرد. ئەگەرچی ئاڵمان، بە تینوویەتی بۆ گازی ڕووسیە، زۆر جار لەو ڕوانگەوە ڕەخنەی لێ گیراوە، ئەو لە ئورووپا بە تەنیا نەبووە. پێداگریی ئورووپا لە دانی سوودی گومان بە پوتین لە ساڵانی ڕابردوودا لەمەڕ تاوانەکانی، ناوبراوی دڵنیا کرد کە لەبەر داگیر کردنی ئوکراین، لە ڕۆژاوا بەرەورووی دەرئەنجامی کەم دەبێتەوە. ئەوە ئاشکرا بوو کە هەڵەیە؛ بەڵام کێ دەتوانێ گلەیی لە ڕێبەری ڕووسیە بکات کە بەو شێوەیە بیری کردبۆوە؟

لە پەیوەندی لەگەڵ ئێران، ئەو بەسەرهاتە دەرفەتی فێر بوون لە مێژوو بە ئورووپا دەڕەخسێنێ تا پێش ئەوەی درەنگ بێ بەرەورووی تاران ببێتەوە. بەڵام نیشانەی کەم ئاماژە بەوە دەکەن کە ڕۆژاوا بە ڕاستی ئامادەیە سەختگیر بێ. کاربەدەستانی یەکیەتی ئورووپا دەڵێن "بیر" لە گرتنە بەری ڕێچکەی واشینگتۆن بۆ دەستنیشان کردنی سوپای پاسداران، ڕێکخراوێکی بەرینی سەربازیی کە هەروەها زۆربەی ئابووری ئێران کۆنترۆڵ دەکات، وەک ڕێکخراوێکی تێرۆریستی دەکەنەوە. حەوتووی ڕابردوو، وەزیری کاروباری دەرەوەی ئاڵمان، ئاننا لێنا بەیربوک، بەڕێوەبەریی هەوڵێکی لە نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ دامەزراندنی لێکۆڵینەوەیەکی فەرمی بۆ سەرکوتی دڕندانەی ئێران دژی نارەزایەتییەکانی هەنووکەیی لەو وڵاتە گرتە ئەستۆ.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

لەگەڵ ئەوەشدا لە کاتێکدا ڕژێمی تاران دوژمنەکانی دەکووژێ و خەریکی جێبەجێ کردنی ئامانجەکانی بۆ دروست کردنی چەکی ناوکی و هاژەکە کە دەتوانن بگەنە هەر خاڵێکی ویشکارۆیەکە، وێدەچێ هێندێک ڕێبەری ئوورووپایی لە دیتنی چوارچێوەیەکی بەرفراوانتر کوێر بن و بەتەمای ژیاندنەوەی گرێبەستی سێ ناوکین.

بورێل کە لەو دواییانەدا دەوری سەرەکی سەبارت بە گرێبەستەکە بینیوە، لەمەڕ زیندوو کردنەوەکەیدا گوتی، " ئەو هێشتا هەیە،" و ئاماژەی بەوەشکرد کە، "ئەوە هیچ پەیوەندییەکی بە پرسەکانی دیکەوە، کە بە دڵنیاییەوە پەیوەندییان بە ئێمەوە هەیە، نییە".

بە واتایەکی دیکە، لێگەڕێ با کوشتنەکان درێژەیان هەبێ.

ئەم بابەتە لە ژمارەی٨٣٨ی ڕۆژنامەی کوردستان بڵاو کراوەتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا – ڕێکەوتی: ١٦ی بەفرانباری ٢٧٢٢ = ٦ی جانێویری ٢٠٢٣

---



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# ترسی ڕێژیم لە مانگرتن و هێرشی هێزە سەرکوتکەرەکانی بۆ سەر خەڵکی کاسبکاری کوردستان




ئا: کاروان مێراوی

مانگرتن بە یەکێک لە کۆڵەکە و تاکتیکە سەرەکییەکانی ڕاپەڕین و شۆڕشەکان دادەنرێ کە هەر لە سەرەتای سەرهەڵدانی ڕاپەڕینی "شۆڕشی ژینا" لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە ناوچەکانی تری نێو جوگرافیای ئێرانیشی تەنییەوە و بەردەوامیی ئەم ڕاپەڕین و شۆڕشە نزیک لە چوار مانگ بووەتەوە، لەسەر داوا و بانگەوازی حیزبە سیاسییە کوردستانییەکان و بەتایبەت ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران مانگرتن بەردەوام لە کوردستان و جاروبارەش لە ناوچەکانی تری نێو جوغرافیای ئێران بەڕێوە چووە. ئەم مانگرتنانەش گوشارێکی سیاسی و ئابووریی زۆریان خستووەتە سەر دەسەڵاتی فۆرماڵیتە و ناڕەوای ڕێژیمی داگیرکەری ئێران و هەوڵە چەواشەکارانەکانی ڕێژیم بۆ کۆتاییهێنان بە مانگرتنەکان تەنانەت بە هاتنی ئیبراهیم ڕەئیسی، سەرۆککۆماری ڕێژیم بۆ کوردستان و شاری سنە بێئاکام و مایەپووچ مایەوە تاکوو ئەوەی کە ڕێژیم ناچار بوو وێڕای هێرش بۆ سەر خەڵکی ڕاپەڕیوی کوردستان، بە شێوەی فەرمی بڕیار و فەرمانی هێرش بۆ سەر دووکان، ترۆمۆبیل، شوێنی کار و تەنانەت دەکە و سەرجەم کەرەستەی کاسبیی کاسبکارانی کوردستان بدات بە هێزە سەرکوتکەرە جێگیرکراوەکانی خۆی لە شارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا و پاش ئەم بڕیارە ئەو هێزانەش بە دڕندانەترین شێوە لە پەلاماردانی خەڵک هارتر بوون. ئەم بڕیار و فەرمان و هێرش و پەلامارانە نەک تەنیا ئیرادەی بەرخۆدانی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

خەڵکی کوردستانی بەچۆکدا نەهێناوە، بەڵکوو خەڵکی لە ڕاپەڕین و بەتایبەت مانگرتنەکان شێلگیرتر کردووە. بۆ نموونە لە ماوەی یەک مانگی ڕابردوودا چەندین جار مانگرتن لە شارەکانی کوردستان بە شێوەیەکی بەربڵاو بەڕێوە چووە و هێزەکانی ڕێژیمیش لە بەرانبەر خۆراگریی خەڵکی کوردستاندا دەستەوستان دۆشداماو ماون.

هەنووکە ئەو پرسیارە دێتە پێش، ئەریٚ گەلۆ لەم قۆناغەی ئێستەی شۆڕشی ژینادا بۆچی پێویستە مانگرتنەکان بەم شێوەیە چڕوپڕ بەڕێوە بچن و پێویستیی ئەم مانگرتنانە لەچیدایە؟ لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا حەسەن قادرزادە، ئەندامی ناوەندی بەڕێوەبەریی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و بەرپرسی ناوەندی گشتیی تەشکیلاتی حیزب بە "کوردستان"ی ڕایگەیاند: "سەرەتا دەبێت ئاماژە بەوە بکەین کە لە ماوەی ٤٣ ساڵ دەسەڵاتداریی ڕێبەران و کاربەدەستانی دژی گەلیی ڕێژیمی ئیسلامی، جگە لە زوڵم و زۆری و بێدادی، گرتن، بەندکردن، ئەشکەنجە، لەسێدارەدان، بێبەشکردنی خەڵک لە مافە سەرەتاییەکانیان و بێڕێزیکردن بە بیروباوەڕەکانیان و سەرباری هەمووی ئەوانەش، برسییەتی و بێدەرەتانی و ... کۆمەڵێک هۆکار بوون بەهۆی ئەوەی کە مەرگی ژینا ئەمینی ببێتە ڕق و تووڕەیی و ئاگر بە دژی ڕێژیم و ڕاپەڕین پەرە بستێنێت و لە شێوەی جۆراوجۆردا بەڕێوە بچێت. بەرچاوترین و کاریگەرترینیان مانگرتنی گشتی و داخستنی دووکان و بازاڕەکان بە شێوەیەکی گشتی لە زۆربەی شارەکانی کوردستان بوو. یەکگرتوویی، هاوپێوەندی و پشتیوانیی دووکانداران و کاسبکاران لە ڕاپەڕینی ژینا ترس و نیگەرانییەکی زۆری خستووەتە دڵی کاربەدەستانی ڕێژیم، هەر بۆیە زۆر هەوڵیان دا لە ڕێگەی ئەماکن و دەزگاکانی تری ئەو ڕێژیمەوە پێش بە داخستنی دووکان و بازاڕەکان بگرن. بەو کارە دەیانویست وا نیشان بدەن کە خەڵک ناڕازی نین و وەڵامی بانگەوازی حیزبە سیاسییەکان و بەتایبەت ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران نادەنەوە. لە لایەکی دیکەشەوە لەگەڵ ئەوەی کە داخستنی دووکان و بازاڕەکان قورسایی دەخاتە سەر ژیان و بژێویی خەڵک بەڵام زیانمەندی سەرەکی، ڕێژیمی ئیسلامییە. جیا لەوەی کە ڕەوایی دەسەڵاتە نەگریسەکەیانی هێناوەتە ژێر پرسیار و ڕەت کراوەتەوە، ئابووریی وڵاتیش کە سوپای پاسداران و دەزگاکانی ڕێژیم دەستیان بەسەردا گرتوون و قازانجەکەی دەچێتە گیرفانی مافیا ئابوورییەکانی خودی ڕێژیم، تووشی لاوازیی زیاتر و داڕمان بووە. بۆیە مانگرتن و داخستنی دووکان و بازاڕەکانی کوردستان و ئێران نیشانەی دەربڕینی تووڕەیی و بێزاریی خەڵکە لەو دەسەڵاتە سەرەڕۆ و کۆنەپەرستە و هەروەها یەکگرتوویی و یەکرێزیی هەموو چین و توێژەکانی خەڵکی کوردستانە ."

مانگرتنەکانی کوردستان لەم دواییانەدا پەرەیان گرت بۆ دەرەوەی کوردستان و کۆمەڵێک لە شارەکانی ناوچەکانی تری ناو جوگرافیای ئێرانیشی گرتەوە، بۆیە ڕێژیمی ئاخوندی لەم ڕۆڵەی کوردستان کە بووەتە سەرباشقەی شۆڕش و بەتایبەت ئەم مانگرتنانە لە ناوچەکانی تری ئێران، ترسی لێ نیشتووە و زۆرتر تووڕە و هەستیار بووە و هێزە سەرکوتکەرەکانی



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

حکوومەت گوشارێکی زۆریان خستووەتە کاسبکارانی کوردستان. لەسەر ئەم هەستیاری و تووڕەبوونەی ڕێژیم بەنیسبەت مانگرتنەکانی کوردستان و لەسەر ئەو پرسیارەی کە ڕێژیم ترسی لە چی بوو وا بەو شێوەیە گوشاری خستە سەر دووکاندار و کاسبکارانی کوردستان؟ بەڕێز قادرزادە گوتی: "هەستیاریی ڕێژیم و هێزە سەرکوتکەرەکانی بەنیسبەت مانگرتنی دووکانداران و کاسبکارانی کوردستان، پێش هەموو شتێک لە یەکگرتوویی و هاوپێوەندی و یەکریزیی هەموو چین و توێژەکانی خەڵکی کوردستان بەیەکەوە و پێوەندی و پشتیوانیی هێزە سیاسییەکان و وەڵامدانەوە بە پەیام و بانگەوازی حیزبە سیاسییە کوردستانییەکان لە هەموو شتێک زیاتر ڕێژیمی نیگەران و هەراسان کردووە و لە پەرەستاندن و بەردەوامبوونی ڕاپەڕین، تووشی ترس و لەرزە بووە، هەروەها مانگرتنی دووکاندار و کاسبکاران ئابووریی ڕێژیمی تووشی ئاوسان و مایەپووچی کردووە. هاوکات تووڕەیی و بێزاریی چین و توێژەکانی دیکە، خۆپیشاندان و هاتنە سەر شەقامی بەدواوە دەبێت کە ئەوەش دەبێتە هۆی خرۆشانی شەقام و هاتنە مەیدانی هەموو کۆمەڵانی خەڵک بە دژی سیاسەتی گرتن، کوشتن، لەسێدارەدان و قووڵبوونەوەی دوژمنایەتیی خەڵک لەگەڵ ڕێژیم و سەرەئەنجام ئاکامی ئەو خەبات، بەرخۆدان، خوێنڕشتن و قوربانیدانە دەبێتە هۆی داڕووخانی ورە و پاشەکشەی هێزە سەرکوتکەرەکانی ئەو ڕێژیمە دیکتاتۆر و خوێنڕێژە و ڕێژیم بەرەو نەمان و ڕووخان دەبات."

مانگرتنە سەرانسەرییەکانی ئەم دواییانەی کوردستان و ئێران کە لە کوردستانەوە سەرچاوەی گرتووە، بوو بە بەڵگەیەک بۆ ئەو وابێژییەی کە دەگوترێ کوردستان لە ئێراندا هەردەم ڕۆڵی پێشەنگ دەگێڕێت و هەروەها بوو بە هۆکاری یەکڕیزیی زیاتری چین و توێژەکانی کوردستان و لێکنزیکبوونەوەی نەتەوەکانی ناو جوگرافیای ئێران و کاریگەرییەکی باشی لەسەر یەکگرتوویی زیاتری ئەو نەتەوانە و تەنانەت ئۆپۆزیسیۆنی نەتەوە جیاوازەکانی ناو جوگرافیای ئێران هەبووە. لەم پێوەندییەشدا کاک حەسەن ڕاگەیاند: "ڕێژیمی سەرەڕۆ و دژی گەلیی ئاخوندی، دوژمنی سەرەکی و بێبەزەییی گەلانی ئێران بووە و بە تاوانی داواکردنی مافە ڕەواکانیان بە توندترین شێوە پەلاماریانی داوە و ئەو نەتەوانەی سەرکوت کردووە و هەمووشیانی لە بێبەشی و بێمافیدا ڕاگرتووە و سەرەتاییترین مافە مرۆڤایەتییەکانی لێیان زەوت کردووە و خەڵک و ناوچەکانیان لە دواکەوتوویيدا ڕاگرتووە، هەروەها خەڵکی لە هەموو بوارەکانی ئابووری، فەرهەنگی، کۆمەڵایەتی و خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکان بێبەش کردووە، هەر هەموویان لە دەرد و مەینەتییەکانیاندا هاوبەش و هاوچارەنووسن. بۆیە هەر مانگرتن و خۆپیشاندان و دەربڕینی نارەزایەتی لە هەر شوێنێکی ئێران دەبێتە هۆی هاوپێوەندی و یەکگرتوویی و پشتیوانی لە یەکتر. خۆپیشاندانەکان ئەوەیان سەلماندووە کە بۆ هاودەردی لەگەڵ بەلووچستان و ئازەربایجان و ناوچەکانی دیکە لە کوردستان خۆپیشاندان و مانگرتن کرا و جینایەتانەکانی ڕێژیمیان ئیدانە کرد. بە پێچەوانەکەشی لە بەلووچستان و ئازەربایجان و تاران و زۆر شوێنی دیکەی ئێران پشتیوانی لە خەڵکی کوردستان کرا و ئەو هێرش و خوێنڕێژییەی سوپای پاسداران و هێزە سەرکوتکەرەکانیان لە کوردستان مەحکووم کرد و هاودەردی و هاوخەمیی خۆیان



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

دەربڕی. بۆیە بەدڵنیاییەوە هاوپێوەندی، یەکگرتوویی و پشتیوانیی گەلانی دیکە بەتایبەتی و خەڵکی ئێران و لایەنە سیاسییەکان بەگشتی لەگەڵ خەڵکی کوردستان لە هەموو کات و قوناغێکدا پێگە و خۆشەویستیی کوردستانی بەهۆی پێشەنگبوون، یەکگرتوویی، لەخۆبردوویی و بەردەوامبوونیان لە ڕاپەڕیندا بەهێزتر و پتەوتر بووە."

کوردستان کە چەخماغەی شۆڕشی ژینا بووە و هەنووکەش لەژێر دروشمی "ژن، ژیان، ئازادی" و بەکردەوە بووەتە ناوەندی ئەم شۆڕشە، نموونە و بەڵگەی ئەو وابێژییەیە کە دەبێژین لە ماوەی پەنجا ساڵی ڕابردوودا نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان پشەنگ و سەرباشقەی خەباتی نەتەوە هاوچارەنووسەکانی خۆی لە ناو جوگرافیای ئێران بووە. هۆکاری ئەم سەرباشقەبوون و پێشەنگبوونەش، بۆ ڕێکخستنی تۆکمەی خەڵکی گوند و شارەکان لەلایەن حیزبە سیاسییەکانی کوردستان و تا ڕادەیەک هاوئاهەنگیی نێوان لایەنە سیاسییە کوردستانییەکان کە لەم ساڵانەی دواییدا و پاش پێکهێنانی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستان (پێش لە یەکگرتنەوەی دوو لایەنی کۆمەڵە و دوو لایەنی حیزبی دێموکرات) و لە گشتی گرنگتر، یەکڕیزی و یەکگرتوویی و کۆدەنگیی خەڵکی کوردستانە بە سەرجەم چین و توێژ و باوەڕە جیاوازەکانی کۆمەڵگەی کوردستان دەگەڕێتەوە. وێڕای ئەوەش، کۆدەنگیی لایەنە سیاسییەکانی کوردستان لە شۆڕشی ژینادا زیاتر پەرەی سەند و گەیشتە ئاستێک کە ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستان و سەرجەم حیزبەکانی تری ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕاگەیەندراوی هاوبەشیان لەسەر مانگرتن و هاتنە سەرشەقامە خەڵکی کوردستان بڵاو کردووە و ئەمەش جیا لە پتەوکردنی یەکگرتوویی و یەکڕیزیی نێوان لایەنە سیاسییەکان، پێشوازیی گەرم و بێوێنەی خەڵکی خەباتکاری ڕۆژهەڵاتی کوردستان و هاتنە بەرەوپیریی ئەو بانگەوازە یەکگرتووانەی حیزبەکانی لێ کەوتەوە و ئیرادەی خەڵکی کوردستانی بۆ بەرەنگاربوونەوەی ڕێژیمی داگیرکەری ئێران بەتایبەت داخستنی دووکان و بازاڕەکان و هاتنە سەر شەقام پتەوتر و پۆڵاییتر کردووە، بۆیە خەڵکی ڕۆژهەڵات بە دەستی خاڵی و بەتاڵ نزیک بە چوار مانگە شەڕ و بەربەرکانێ لەگەڵ دڕندە و فاشیستترین ڕێژیمی دیکتاتۆری سەردەم دەکەن. کۆی ئەم هۆکارانە وای کردووە کە ڕێژیمی داگیرکەری ئیسلامیی ئێران نۆڕگە و ڕوانگەیەکی تری لەسەر کوردستان هەبێت، بە واتایەکی تر دڕندەتر لە جاران خۆی تەیارتر بکات بۆ شەڕێکی گشتگیر و تێکەڵاو (Hybrid warfare) بە دژی خەڵکی کوردستان، بەڵام ئەم جارەش و لە کۆتاییی ئەم شەڕەشدا وەک هەمیشە ئەوە ئیرادەی ڕزگاریخوازانەی خەڵکی شۆڕشگێڕی کوردستانە براوە و سەرکەوتوویە.

ئەم بابەتە لە ژمارەی٨٣٨ی ڕۆژنامەی کوردستان بڵاو کراوەتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا – ڕێکەوتی: ١٦ی بەفرانباری ٢٧٢٢ = ٦ی جانێویری ٢٠٢٣



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# دەرکەوتنی ڕووی ڕاستەقینەی کۆماری ئیسلامی ئێران



ئامانج زیبایی

بە درێژایی مێژووی هاتنەسەر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی،هەڵگرتنی درووشمی توندوتیژ و گرتنەبەرت سیاسەتی چەوت و دانانی ستراتیێژی ناڕیالیستی، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ڕێژیمی لە کۆڕ و کۆمەڵە نێودەوڵەتییەکان دوور خستۆتەوە و تێوەگلانی بەرپرسانی باڵای ئەم ڕێژیمە لە کردوە تێرۆریستییەکان و هاندانی لایەنگرانی خۆیان بۆ نانەوەی ئاژاوە و بشێوی رووخسارێکی تا بڵێی کرێت و دزێویان لە ڕێبەرانی ئەو ڕێژیمە پێشان داوە. ڕوویەکی دیکەی ئەو واقعە مامەڵەی وڵاتانە کە لە سۆنگەی پاراستنی بەرژەوەندییە ئابووری و ئەمنیەتییەکانیان هەوڵیان داوە لەگەڵ ڕێژیم هەڵ بکەن و بە گوشاری کەم تا زۆر هەوڵ بدەن ڕەفتاری ڕێژیم گۆڕانی بەسەردا بێت. بەڵام ڕاپەڕینی ژینا ئەم واقعەی گۆڕی.

گۆڕینی نیگای کۆمەڵگەی جیهانی ئەگەرچی کارتێکەری کوژرانی حکوومەتیی ژینا و وەرێکەوتنی لافاوی تووڕەیی خەڵک بۆ ڕامالینی ڕێژیمی لەسەرە، بەڵام بێگومان کۆمەڵە فاکتەرێکی دیکەش هەن کە وا دەکەن وڵاتان چیدی ئامادە نەبن بە هەموو تێچوویەک درێژە بە پێوەندییە پرکێشەکانی خۆیان لەگەڵ کۆماری ئیسلامی بدەن. هەرشە کردن لە وڵاتان، دەستێوەردانی ڕێژیم لە کاروباری وڵاتانی تر، پەرەپێدان بە بەرنامەی مووشەکی و ئەتومی، پێشێلکردنی هەراوی مافی مرۆڤ،



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

سەرکوتکردنی خەڵک لە خۆپیشاندانەکان، پشتیوانیی لۆجیستیکی و ماڵی لە میلیشیا چەکدارەکان و بەکارهێنانیان وەک کارتێکی فشار بۆ سەر وڵاتانی ناوچە و جیهان، پێدانی درۆنە خۆکوژەکان بە رووسیە و بەشداریکردن لە شەڕی ئوکراین لە بەرژەوەندیی رووسیەدا، بەشێک لەو فاکتەرانەن کە لە تەنیشت ئاخێزی ئەمجارەی خەڵکی ئێران ڕوانگەی دنیای دەرەوەی بەنیسبەت کۆماری ئیسلامی گۆڕیوە.

بەرژەوەندیی ئابووری و سیاسی یەکێک لە پارادایمە هەرە بەهێزەکانی سیاسەت کردن و دارشتنی پێوەندیی دوولایەنەیە، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی پاراستنی بەرژەوەندی هەردەم دەتوانێت ببێتە هۆکار بۆ بەردەوامیی پێوەندییەکانی نێوان دوو لایەن یان خود نەمانیان، واتا بێتوو بەرژەوەندی وڵاتێک یان چەند وڵاتێک لە مەترسییش بکەوێت ئەوە هۆکاری سەرەکییە بۆ پچڕان یان کەمکردنەوەی پێوەندیی نێوانیان.

یەکێک لە گرینگترین رووداوەکانی ئەم دواییانە سەردانی بەرپرسانی چین بوو بۆ عەرەبستانی سعودی. چین کە لەم چەند ساڵەی دواییدا وەک هێزێکی کاریگەر لە جیهاندا و وەک ڕکەبەری ئامریکا ناوی دێت، بۆ پاراستنی هاوسەنگیی خۆی لە ئاستی نێودەوڵەتیدا پێویستی بە ئارامی و سەقامگیرییەکی درێژمەودا هەیە بەتایبەت لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا. کاتێکیش هەست بە وەکرا کە کۆماری ئیسلامی و هەوڵە تێکدرانەکانی دەتوانێت بەرژەوەندییە باڵاکانی ئەم وڵاتە بە تایبەت لە بواری وزەدا بخاتە مەترسییەوە، بەبێ دوو دڵی وازی لە لایەنە لاوازەکە (ئێران) هێنا و ڕووی لە وڵاتانی عەرەبی کرد کە کەرتی وزەیان لە بەردەستدایە، ئەمەش لە کاتێکدایە کە کۆماری ئیسلامی ئێران لە ئاستی سیاسەتی دەرەوەی خۆیدا سیاسەتی نیزیکبوونەوە لە بلۆکی ڕۆژهەڵاتی (چین و رووسیە) لە دەستووری کاری خۆیدا پەیڕەوی کردوە و ئەم بابەتەش خۆی لە خۆیدا ئاماژەیەکە بە دوورکەوتنەوەی خۆویستانە لە وڵاتانی ڕۆئاوایی. لەو سۆنگەیەوە دەبینین بە شێوەیەک لە شێوەکان کۆماری ئیسلامی ئێران گرەوی لەسەر ئەسپی تۆپیو کردووە.

بە سەرنجدان بە مێژووی پڕ لە هەوراز و نشێوی پێوەندیی نێوان عەرەبستان و کۆماری ئیسلامی گرینگیی ئەم وەرچەرخانەی چینمان زیاتر بۆ ڕوون دەبێتەوە. ڕوونە کە هێرش و هەڕەشە بەردەوامەکانی ئێران بۆ سەر عەرەبستان و دامودەزگاکانی ئەو وڵاتە بەرژەوەندییەکانی چین لە مەترسی داوێت و نائارامی لە بواری وزەدا بە تایبەت لە کەنداو و گەرووی هوورموز لە پێش هەموو لایەنێکدا زیان بە وڵاتێکی وەک چین دەگەیەنێ و گرینگتر لە هەموو ئەم بابەتانش ئەوەیە کە نیزیکبوونەوەی عەرەبستان لە چین ئیدارەی بایدن و دیموکراتەکانی تووشی سەرسوورمان کردووە. بۆیە ئەوانیش بۆ ئەوەی هاوپەیمانێکی گرینگی وەک سعوودی لە کیس خۆیان نەدەن، دەبێ زیاتر لە جاران ئاور لەم وڵاتە بدەنەوە و بابەتی پاراستنی ئەم وڵاتش دەبێتە بابەتێکی هەستیار و پاراستنی بەرژەوەندییەکانی نێوان چین و ویلایەتەیەکگرتووەکان دەبێتە کێبڕکێی نیوانیان.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

تەریککەوتنەوەی کۆماری ئیسلامی تایبەت بەم قۆناغە لە ژیانی سیاسیی ئەم ڕێژیمە نییە و هەر لە سەرەتای هاتنەسەر کاری ئەم ڕێژیمە بە هۆی پشتیوانیی کۆماری ئیسلامی لە تێرۆریزم و هێرشکردنە سەر بالیۆزخانەی ئەمریکا لە خاکی ئەم وڵاتە و هەوڵدانیان بۆ نانەوەی بشێوێ و ناسەقامگیری لە ناوچە دەستی پێ کرد و ئێستاش بەهۆی بەردەوامییان لەو سیاسەتە و پەرەپێدان بە سیاسەتی تێرۆر لە نێوخۆ و دەرەوە و سەرکوتی ناڕەزایەتییە نێوخۆییەکان متمانەیەکیان بۆخۆیان لای هیچ وڵاتێک نەهێشتۆتەوە.

دادگایی خەڵکیی ئابان لە لەندەن، دادگایی و بەندکردنی حەمید نووری لە سوئێد و ئێستاش دانانی کۆمیتەی بەدواداچوونی ڕاستییەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان سەبارەت بە کوشتاری خۆپێشاندەران چەند نموونەیەکن لە کاردانەوەی کۆمەڵگەی جیهانی کە دەیانەوێ سنوورێک بۆ ئەو ڕێژیمە دابنێن. دەرکرانی ئێران لە کۆمیسیۆنی پێگەی ژن لە نەتەوە یەکگرتووەکان کە یەکێک لە لێکەوتەکانی ڕاپەڕینی ژینا بوو، ڕای گشتیی کۆمەڵگەی جیهانی لەسەر دۆخی ڕاستەقینەی واقعە سیاسییەکانی نێوخۆی ئێران چڕ کردۆتەوە.

تێوەگلانی کۆماری ئیسلامی لە شەڕی ئوکراین و فرۆشتنی درۆنی خۆکوژ بە ڕووسیەش هۆکارێکی ترە بۆ هەرچی زیاتر تەریککەوتنەوەی ئێران لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی. بوونی پارلمانەکانی ئورووپا بە تریبوونی خۆپێشاندەران و پرسی وەکالەتی سیاسیی دەسبەسەرکراوەکانی ڕاپەڕینی ژینا لەلایەن پارلمانتارانی ئورووپاوە نیشانەکانی دیکەی تەریککەوتنەوەی ئێران و بە بۆنبەستگەیشتنی سیاسەتەکانی ڕێژیمن.

هاوکێشەکە ڕوونە: بەرجام بۆ هاوبەشە ڕۆژئاواییەکان لە ڕۆخی مردندایە. ئێران کە بەتەما بوو پشکێکی زۆری لە بازاڕی گازی ئورووپا هەبێت، بەهۆی پشتیوانیی لە ڕووسیە لە شەڕی ئوکراین ئەو دەرفەتەشی بۆخۆی لەبار برد کە بێگومان لە غەیری ئەوەشدا ڕووسیە ئەو ئیزنەی نەدەدایە. سپای پاسداران هەتا دێ پتر لەسۆنگەی مەترسییەکانی بۆ سەر ئەمنییەتی جیهانی ئیزۆلە دەکرێ و ئەوانەش نیشانەکانی پتر دارمانی هەیکەلی کۆماری ئیسلامی وەک وڵاتێکی یاخی و سەرەڕۆیە.

ئەم بابەتە لە ژمارەی٨٣٨ی ڕۆژنامەی کوردستان بڵاو کراوەتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا – ڕێکەوتی: ١٦ی بەفرانباری ٢٧٢٢ = ٦ی جانیۆیری ٢٠٢٣



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# زیندان بەزێنەکانی ئێمە (سۆعدا خەدیرزادە)



ئا: دیاکۆ دانا

کۆماری ئیسلامیی ئێران یەکێک لەو حکوومەتە سەرەڕۆیانەیە کە لە ماوەی پتر لە چوار دەیە دەسەڵاتی خۆیدا بە هەموو توانای سەرکوتگەرانەی خۆیەوە لەدژی جیابیرانی جوڵاوەتەوە. گرتن، ئەشکەنجە، سەپاندن و جێبەجێکردنی سزای ئێعدام بە تۆمەتەکانی دژایەتی لەگەڵ خودا و فەساد لەسەر عەرز بەسەر چالاکانی سیاسی و مەدەنی بەدرێژایی تەمەنی ڕێژیم درێژەی بووە. ئێعدامی بەندکراوانی سیاسی کە لە کوردستان بە ئێعدامی ٥٩ لاوی مەهابادی دەستی پێ کرد و بە کۆمەڵکوژییەکەی ساڵی ١٣٦٧ – کەبەپێی ئامارەکان زیاتر لە چوار هەزار بەندکراوی سیاسی لەو ساڵەدا ئێعدام کران- گەیشتە لوتکەی خۆی، سیاسەتی نەگۆڕی کۆماری ئیسلامی بووە.

کە باس لە زیندان و زیندانی دەکرێ، وا دێتە بەرچاو کە کەسی گیراو حەتمەن دەبێ کەتنێکی کردبێ و زیانی بە کەس یان کەسان و لە نیهایەتدا بە کۆمەڵگە و بەرژەوەندییەکانی گەیاندبێ؛ هەربۆیەشە سزاکەی بەندکرانە و بەندیخانەش شوێنی ڕاگرتنی کەسانی تاوانبارە. بەڵام کە لە بابەتی زیندانیی سیاسی ورد دەبینەوە، دەبینین ئەو کەسانە نەک هەر لە ڕوانگە خۆیانەوە، بەڵکوو لە ڕوانگەی کۆمەڵگە و پرەنسیپە نێونەتەوەییەکانیشەوە هیچ تاوانێکیان نەکردوە کە لەو سۆنگەیەوە بەند بکرێن. هەربۆیەشە ئەو کەسانە کۆمەڵگە بە زیندانیی سیاسیی دەیانناسێ و زیندانیی سیاسیی بریتییە لەو



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

کەسەی لەسۆنگەی ڕۆشنگەری و ئاشناکردنی کۆمەڵگە بە مافەکانیان و تێکۆشانی بەکردەوە بۆ ئەو ئامانجانە لەلایەن دەسەڵاتەوە گیراوە، دەسەڵاتێک کە بیر و هزر و جمۆجۆڵ و چالاکیی ئەو کەسە لەدژی بەرژەوەندییەکانی خۆی دەزانێ. تاوانی! نەکردووی ئەو کەسانە لە هەندێک سیستمی سیاسیی وەک کۆماری ئیسلامیدا بە بەندکردن نابڕێتەوە، بەڵکوو وەک دەزانین هەزاران کوردی ئازادبیر و ئازادیخوازی لەو چەشنە سزای ئێعدامیان بەسەردا سەپاوە و گیانیان لێ ئەستێندراوە. ڕێژیم ئەو کەسانە بە تاوانبار دەناسێ، بەڵام کۆمەڵگە بە قارەمان، ڕێبەر و سەرچەشنی خەباتیان دەزانێ.

لە بەردەوامیی گۆشەی "زیندانبەزێنەکانی ئێمەدا" و هاوکات لەگەڵ درێژەی شۆڕشی ژینادا کە بە دروشمی ژن، ژیان، ئازادی هەروا بەگوڕ دەچێتە  پێشێ ئەمجارەیان باس لە زیندانییەکی سیاسیی ژن، خاتوو سوعدا خەدیرزادە دەکەین.

سۆعدا خەدیرزادە تەمەن ٣٣ ساڵ، خەڵکی پیرانشار ڕۆژی ٢٢ی ڕەزبەری ساڵی ١٤٠٠ لەلایەن هێزە ئەمنییەتییەکانی کۆماری ئیسلامییەوە، لە کاتێکدا کە دووگیان بوو دەستبەسەر کرا. سۆعدا دواتر بۆ یەکێک لە گرتنەگەکانی هێزە ئەمنییەتییەکانی ڕێژیم لە شاری ورمێ ڕاگوێزرا و پاش ٢٥ ڕۆژ لێپرسینەوە و ئەشکەنجەدان بۆ بەندی ژنانی زیندانی ناوەندیی ورمێ بەڕێ کرا.

سۆعدا دواتر لەلایەن لقی سێی دادگای کەیفەریی شاری مەهاباد بەتۆمەتی کوشتنی ئەندامێکی سوپای پاسداران، تۆمەتێکی وەپاڵدراو کە بەخۆی لە هەموو قۆناغەکانی بازجوویی و دادگادا حاشای لێ کردووە، هەروەها بە تۆمەتی ئەندامەتی لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا، سزای ١٢ ساڵ و شەش مانگ زیندانی بەسەردا سەپا.

سۆعدا لە ماوەیەی ئەو یەک ساڵ ونیوەدا کە لە زینداندایە، سەرەڕای ئەوەی دووگیان بووە، ئازار، مەینەت و گۆشاری ڕوحی و ڕەوانیی زۆری لەسەر بووە.

سۆعدا لە ڕێکەوتی ٦ی بانەمەڕی ئەو ساڵ بۆ ناڕەزایەتیدەربڕین بە دۆخی پەروەندەکەی و دۆخی نالەباری خۆی لە زینداندا مانی لە خواردن گرت. یەکێک لە داواکانی دیکەی ئەو ئازادبوونی بە دانانی بارمتە بوو. لە دواییدا لە ڕۆژی ١٠ ی بانەمەڕی ساڵی ١٤٠١ بەرپرسانی زیندان پێیان ڕاگەیاند کە ئەوە ئیدارەی ئیتلاعاتی پیرانشارە ڕێگری لە ئازادبوونی ئەو بە دانانی بارمتە دەکات.

سوعدا خەدیرزادە لە ڕێکەوتی ٣٠ی جۆزەردانی ئەمساڵ بەڕێی نەخۆشخانەیەکی ورمێ کرا و لەوێ منداڵەکەی لەدایک بوو.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

گوشاری ڕوحی و ڕەوانی بەرپرسانی زیندان بۆ سەر سۆعدا هەروەها دواتر دانپێدانانی زۆرەملی لەبەر دوربین و بڵاوکردنەوەی، وای کرد کە لە ڕێکەوتی ٢٧ی گەلاوێژ بە هەڵواسینی خۆی و دانی حەب بە منداڵەکەی هەوڵی خۆکوشتنی بدا، کە هەوڵەکەی سەرکەوتوو نەبوو. ئەو پێشتریش چەند جار لە زیندان بە هۆی گوشاری ڕوحی و ڕەوانی لەلایەن بەرپرسانی زیندانەوە، هەوڵی خۆکوشتنی دابوو کە هەوڵەکەی سەرکەوتوو نەببوو. هەر لە سۆنگەی گوشاری ڕوحیی بەرپرسانی زیندان بۆ سەر سۆعدا بە فایلێکی دەنگی ڕایگەیاند، هێزە ئەمنییەتییەکانی کۆماری ئیسلامی پێشنیاری دوور لە ڕەوشتیان پێداوە.

ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ زانیویانە کە ناسر عەتباتی، سەرۆکی گشتی دەزگای دادی ورمێ، داریوش بەخشی، بەرپرسی بەندیخانەی و کەسێک بە ناسناوی «بابەکی» کادیری ئیدارەی ئیتلاعاتی ورمێ لەنێو ئەو گرووپەدا بوون کە سەعدا خەدیرزادەیان ناچار بە دانپێدانان لەپێش کامێرا کردووە. هەروەها ناوەندە ئەمنییەکان سوعدایان لە ژێر گوشار داناوە کە ئەگەر لە پێش کامێرا ئەم قسانە نەکات ئەوە پەروەندەی نەخۆشیی دەروونی بۆ دروست دەکەن و منداڵەکەی لێ وەردەگرنەوە و ڕادەستی بێهزیستیی دەکەن.

سوعدا لە ڕۆژی ٣ی خەرمانانەوە لە بەندی ژنانی زندانی ناوەندیی ورمێوە بۆ شوێنێکی نادیار ڕاگواسترا. ئەو لە ماوەی ئەو یەک ساڵ و نیوەدا کە لە زینداندایە، لە چوون بۆ مەرەخسی و تەنانەت مافی چاوپێکەوتن لەگەڵ بنەماڵەکەشی بێبەش بووە.

ئەم بابەتە لە ژمارەی٨٣٨ی ڕۆژنامەی کوردستان بڵاو کراوەتەوە.

**سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا – ڕێکەوتی: ١٦ی بەفرانباری ٢٧٢٢ = ٦ی جانێوێری ٢٠٢٣**

---



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# وتاری پرۆفێسۆر عەبباس وەلی لە خانووی ئەدەبییات لە هانوڤر- ئەڵمان سەبارەت بە شۆڕشی هەنووکەی ئێران



ئەم وتارە لە زمانی ئینگلیسییەوە وەرگێڕدراوە

ویێنووسی ڕوانگە

وتاری پرۆفێسۆر عەبباس وەلی لە خانووی ئەدەبییات لە هانوڤر- ئەڵمان سەبارەت بە شۆڕشی هەنووکەی ئێران ٩-ی مانگی دیسامبری ٢٠٢٢

خوشک و برایانی بەڕێز،

ئەمن بەخێرهاتنوو دەکەم. داوای لێ بوردن دەکەم کە ئەمن ئاڵمانێ نازانم و دەبێ بە ئینگلیسی قسان بکەم و هیوادارم کە وەرگێڕانی قسەکانم تاحەدێکی زۆر ئەوە بێ کە من دەمەوێ.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

دوستان عزیز من بشما خوش آمد میگم و هم ازتون عذر میخام که آلمانی نمیدونم و باید بانگلیسی صحبت بکنم و امیدوارم این ترجمەای که میشه تا حد زیادی مقصود من را برسونە.

ئەمن دەمەوێ بە سپاسەوە دەست پێ بکەم. سپاسی کلاوس، سپاسی ئەسرین و هەموو ئەو کەسانە بکەم کە ئەم دانیشتنەیان رێک خستووە. ئەمن منەتباریانم. ئەوە جێگای خەم و خەفەتە کە ئەم دانیشتنە لە رۆژێک دا دەکرێ کە وەرچەرخانێکی گرینگ لە رەفتاری حکوومەت دا لە ئێران رووی داوە. ئەوان خەبەری یەکەم ئێعدامیان راگەیاندووە لە ئێران. ئێعدام کردنی موحسین شکاری بەجۆرێک لە پێوەندی لەگەڵ ئەو رووداوانەی دوایی دا شتێکی تازە بوو. ئەوە تەنیا کوشتنێکی دەرەوەی قانوون نەبوو بەڵکوو بە تەواویش سنووری نێوان قانوون و توندوتیژی پێشێل کرد. لێرە دا قانوون بوو بە ئامرازێکی توند و تیژی. بۆ من جێگای داخە کە ئێمە لە بۆنەیەکی ئاوا دا بەیەکەوە کۆ دەبینەوە.

شۆڕش لە ئێران، راپەڕینی شۆڕشگێڕانە لە ئێران، شۆڕش لە ئێران بە هەر جۆرێک ناوی هەڵدەین، زۆر لایەنی تازە و بە شێوەیەک رەهەندی تاقانەی لەمەڕ خۆی هەیە. زۆر شت کوتراوە سەبارەت بە خەسڵەتەکانی ئەم راپەڕینە شۆڕشگێڕانەیە لە ئێران کە لە بزووتنەوە شۆڕشگێرانەکانی پێشووی لە مێژووی ئێراندا جوێ دەکاتەوە. و تەنانەت لە مێژووی مۆدێرنی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش. زۆرشت گوتراوە و نووسراوە سەبارەت بە دەورێکی بەرزی کە ژنان گێڕاویانە لە دەسپێک و لە وەرێخستنی ئەم بزووتنەوە شۆڕشگێڕانەیە و هەر وەها سەرنج و چربوونەوەیەکی جێی سەرنجیش کراوە لە سەر دەوری وەچەی جەوان. لە بەستێنی ئێراندا دەگوتری ئەو جەوانانەی لە ساڵانی ١٩٨٠ کان و ١٩٩٠ کان ئەو وەچەیەی کە دوای شۆڕشی ١٩٧٩ لە دایک بوون و ئەوانە لە هەلومەرجێکی تەواو نوێی کۆمەڵایەتی، ئابووری، کولتووری و سیاسیدا چاویان بە دنیا هەڵێناوە. ئەوە تەواو راستە بە تایبەتی سەبارەت بە دەوری جەوانان ئەگەر ئەو راستیە لە بەرچاو بگرین کە تەنی ٤٠ لە سەدی نزیکەی ٨٥ میلیون حەشیمەتی ئێران تەنێ ١٤ لە سەدی ئەوانە بەر لە شۆڕشی ١٩٧٩ لە دایک بوون پاشماوەی ئەوە واتە ٨٦ لە سەدی دانیشتوانی ئێران حەشیمەتی ئێران دوای شۆڕشی ١٩٧٩ لە دایک بوون.

ئەمن لە سەر ئەو رەهەندە زۆر ئیست ناگرم کە بۆچی ژنان ئەو دەورە ئەوەندە گرینگەیان گێڕاوە، بۆچی وەچەی جەوان ئەو دەورە ئەوەندە گرینگەی گێڕاوە. دوایە کاتی پرس و وڵام دێینەوە سەر ئەو بابەتە. لێرە دا ئەمن دەمەوێ لە سەر دروشمی سەرەکی ئەو شۆڕشە جەخت بکەم واتە ژن ژیان ئازادی. ئەو دروشمە و ئەوەی نوێنەرایەتی دەکا زۆر گرینگە بۆ دانی ناسێنەیەکی نوێ بەو راپەڕینە شۆڕشگێڕانە نوێیە لە ئێران. ئەو دروشمە نەک هەر ئەوەی کە یەکگرتوویەکی گرینگی لە ناو بەشە جیاوازەکانی دانیشتوانی ئێران دا پێک هێناوە بەڵکوو توانیویە ناسێنەیەکی نوێش ساز بکا کە ئەمن ئەو ناسێنەیە و گرینگایەتییەکەی شرۆڤە دەکەم.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

ئەو ناسێنەیە، هوویەتێکی هاوبەشە، کە بەشە جۆربەجۆرەکانی حەشیمەتی ئێران تێیدا شەریکن بێ لەبەرچاوگرتنی ڕەچەڵەکی ئێنیکی، نەتەوەیی یان، جینسییەتیان، ڕیشەی چینایەتییان، ئاراستەی کولتوورییان و بەسترانەوەی کۆمەلایەتی یان خزمایەتییان. ئەو جۆرە یەکگرتووییەی کە ئەم ناسێنەیە سازی کردووە جیاوازە لەو شێوەیەی کە هەستانەکانی پێشوو سازیان کرد، ڕاپەرینە شۆڕشگێڕانەکانی پێشووی وەک ئەمە.

ئەوە یەکگرتووییەک نییە کە ئێمە دیتوومانە لە بەرەیەکی یەکگرتوو دا بە دژی دیکتاتۆری. لە ڕاستیدا ئەوەی لە گۆڕێ دایە ئەوە نییە کە هێزە جۆربەجۆرەکان لە بەرەیەک دا لە دەوری یەکدی کۆ بووبێتنەوە بە دەوری ئامانجێکی یەکگرتوو و ئەمە ئەویدا. گرینگی ئەو ناسێنەیە دەوە دایە ئەوە فرە شێوە و فرە دەنگە و بە دەنگی جیاواز خۆی دەردەبڕێ و زمانی جیاواز بەکار دێنێ و ئامانجێکی یەکگرتوو شرۆڤە و لێکالادەکاتەوە. بە بەلووچی، بە لوڕی، بە کوردی، بە تورکەمەنی، و بە فارسی قسە دەکا، بەلام بە هەموویان و لە پێناو ئامانجێکی وەکوویەک دا. ئەوە توانیوە خەڵک بە ڕەچەڵەکی جیاوازی نەتەوەیی، زەمینەی جیاوازی چینایەتی، خەڵک بە جینسییەتی جیاوازەوە یەکگرتوو کا. ئەو جۆراوجۆرییە زۆر چاوڕاکێشە چونکە هەموان کەوتوونەتە ژێر سەیوانی ئەو ناسێنە هاوبەشەوە. کوردێک دەتوانێ بە کوردی قسە بکا و داوخوازی هاوبەش بێنێتە گۆڕێ بە بێ ئەوەی دەست لە ناسێنەی خۆی هەڵگرێ، بە بێ ئەوەی لە ئامانجی سیاسی خۆی دەست هەڵگرێ یان کەمی کاتەوە یان مامڵەی لە سەر بکا. هەمان ئارگومێنت دەکرێ سەبارەت بە بەلووچان، تورکەمەنان، لە مەڕ عەرەبان، لە مەڕ لوڕان و لەمەڕ فارسی زمانان بکرێ.

لە ڕوانگەی منەوە ئەوەی چاوڕاکێشە ئەوەیە کە یەکگرتووییەک لە گۆڕێ دایە کە ئۆتۆنۆمی تێدایە. و لە ڕوانگەی منەوە ئەوە هۆکارێکی گرینگە کە ئالنگاری دەسەلاتی دەوڵەت دەکا. ئالنگاری دەسەلاتی جمهووری ئیسلامی دەکا کە لە سەر بنەمای پێناسەیەکی تاکی خۆ بە ناوەندەوە گرێدراو دامەزراوە. کە بە زمانی فارسی، دینی شیعە و ناساندنێکی تایبەتی لە مێژووی ئێران خۆی دەناسێتەوە کە تەنێ نیشانە و خەسڵەتی تایبەتی ئێنیسیتی و زمانێکی تایبەتی وەبەر دەگرێ و قسە دەکا دەبیسترێ و ئەوانیدی بێدەنگ کراون و نابیسترێن. ئێستا دەوڵەت ڕووبەڕووی ئەوانە بووەتەوە کە بێدەنگ کرابوون، کە لە ژێر ستروکتووری زۆردارانە دا ڕاگیرا بوون و ئێستا هەموویان وە ڕوو کەوتوون و هەموویان بە زمانی جیاواز قسە دەکەن بەلام لە پێناو یەک ئامانج دا. ئەوە شتێکە کە دەسەلاتی ناوەندی دەوڵەتیی ئیسلامی لە وزەی دا نییە وەخۆی کا. لە ڕوانگەی منەوە هێزە شۆڕشگێڕەکان لە مەیدانی وێژمانیدا دەستپێشخەرییان هەیە. لە ڕوانگەی تاکتیکی سیاسییەوە لە سەر ئەرزی واقع، لە خیابانەکان ئەوان هێشتا دەستپێشجەرییان هەیە. دەوڵەتی ئیسلامی گێژی و سەرلێشێواییەکی زۆری لەخۆیەوە نیشان داوە ئەوەی کە ئەمن نیوم لێ ناوە سەرلێشێواویی ستراتێژیک بۆ ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ ئەو بزووتنەوەیە. و هەتا ئێستا ئەوەی دیتوومانە تاکتیکەکانی دوو جۆر بوون. لە لایەکەوە بۆ تێک شکاندنی یەکگرتوویی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

بزووتنەوەکە دەستی بردووە بۆ تۆمەتلێدانی کۆنی تەجزیە تەڵەبی، و لە لایەکی دیکەوە تەنیا ئامرازێکی کە ویدەچێ بەدەستەوەیەتی بەکارهێنانی توند و تیژییە. و ئەو توندوتیژیی و زەبروزەنگە بەشێوەیکی بەربڵاو چڕ دەکار دەکا کاتێک بەرەو ڕووی خۆپیشاندانەکان دێ. کاتێک من دەڵێم زەبروزەنگی زۆر و هەراو بە مانای ئەوە نییە کە بە هەزاران دەکووژێ بەڵکوو بەو شێوەیەی کوشتار دەکا گرینگە و جار جار بە بژاردە ئەوە دەکا و نەک ئەوەی هەر خەڵک لە خیابانان بکووژێ و بەڵکوو دەیان ڕفێنێ و لە زینداناندا دەیان کووژێ. دوای بانگەوازی ٣ ڕۆژە بۆ وەبیرهێنانەوەی ڕووداوێکی بە زەبر وزەنگ لە زانکۆی تاران لە زەمانی ڕێژیمی سەڵتەنەتی دا، تەنیا ٣ ڕۆژ لەمەو بەر، دوای ئەو بۆنەیە ئێمە شاهیدی وەرچەرخانێک بووین لە ڕەفتاری ڕێژیم لە دەکارکردنی زەبرو زەنگ دا. ڕێژیم دەستی کرد بە ئێعدام کردن.

ئەوەی ئێستا ئێمە لە ئێران دەیبینین شەڕێکی پەکخستنییە لە نێوان ڕێژیم و هێزە شۆڕشگێڕەکاندا. لە لایەکەوە ڕێژیمی ئیسلامی دەبینین و لە لای دیکەوە هێزە شۆڕشگێڕەکان. لە نیوان ئەوانە دا نەبەردێک لە گۆڕێ دایە. ئەو نەبەردە لە سەر ئەوە چڕ بووەتەوە کە لە ڕوانگەی کۆمەڵناسییەوە پێی دەگوترێ بەشی خۆڵەمێشی لە کۆمەڵگەی ئێران دا. بەکارهێنانی زەبروزەنگ لە لایەن ڕێژیمەوە لە ڕووی ستراتێژیکەوە بە دەست هێنانی دوو ئامانجە. ئامانجێکی ئەوەیە بڵاوە بکا بە ڕیزی شۆڕشگێران لە خیابانان و لەبەر یەکیان بڵاو کا و ئامانجەکەی دیکەی ئەوەیە کە بەشی خۆڵەمێشی کە دڵیان لەگەڵ شۆڕشە بەڵام چالاک نین و هێشتا بڕیاریان نەداوە چ بکەن و بە هۆی جیاواز ناتوانن بێنە کۆڵان و شەقامان وبەو شێوەیەی کە ڕێژیم زەبروزەنگ بەکار دینێ دە ڕاستیدا بەکار هێنانی زەبر وزەنگ لە هێندێک ڕووەوە زۆر ڕووت و بەدەرەوەیە و وەک نمایشتێک پیشانی دەدا. ئامانجی ڕێژیم ئەوەیە کە ئەو بەشە خۆڵەمێشییە بترسێنێ چونکوو ئەگەر بەشی خۆڵەمێشی وەکار بکەوێ و بێتە مەیدانێ تاران ئاوا نابێ کە ئێستا هەیە. ئەوە یەک خاڵی دووەم ئەوەیە کە پێوەندییەک ساز دەبێ لە نێوان تاران و کۆمەڵگە پەراوێزەکان لە ئێران. مەبەستم لە پەراوێز نێوانە لەگەڵ ناوەند، نەک بە مانای گرینگایەتی سیاسی یان کولتووری. ئەو پەراوێزانە، وەکوو کوردستان،وەکوو بەلووچستان، وەکوو خوزستان بۆ ئەوەی لەگەڵ ناوەند بکەون. یان دروستتر ئەوەی کە ناوەند لەگەڵیان بکەوێ. ڕێژیم دەیەوێ پێشی ئەوە بگرێ. ئەو زەبروزەنگەی کە ڕێژیم بەکاری دینێ بۆ گەیشتن بەو ئامانجە سەرەکییەیە.

لە لایەکی دیکەوە شۆڕشگێڕان دەیانەوێ درێژە بە خەباتیان بدەن و نیشان بدەن کە ئەو زەبروزەنگەی ڕێژیم ناتوانێ ڕیزەکانیان بشێوێنێ و تێکی بدا. ئەوان درێژە بە بزووتنەوەکە دەدەن و هیوادارن بە درێژە دان بە بزووتنەوەکەیان و پێک هێنانی تۆڕی زیاتری کۆمەڵایەتی و سیاسی لە ئاستی گەڕەکەکاندا لە ناوەندە گرینگە شارییەکاندا، بە تایبەتی لە ناوچەی فارسی زمانی ناوەندیی ئێران دەتوانێ سەرنجی بەشی خۆڵەمێشی بەرەو لای خۆیان ڕاکێشن و بانگیان بکەن و بیانهێنن بۆ ناو بزووتنەوە. بەڵام لەو بارەیەوە دوو گرفت هەیە لە ئاست ئەو خەڵکە، یەکیان بە ئاشکرایی بریتی یە لە



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ستروکتووری بنەماڵە لە ئێران و بە پێی ئەو زانیارییانەی لەو ناوەندە خۆجێییانەوە بە من دەگا ئەو شۆڕشە بە شێوەیەکی کاریگەر شوێنی لە سەر کولتوور و ستروکتووری خێزانە مۆدێرنەکان داناوە لە شارە ناوەندییە سەرەکییەکان دا بە تایبەتی لە تاران. قەڵشتی وەچەیی ئێستا زۆر سیاسییە. ئەوەی کە لە ڕوانگەی قەڵشتی وەچەییەوە گرینگە ئەوەیە کە مەسەلەکە هەر جیاوازی تەمەن نییە بەڵکوو ئەوە گرینگی بابمەزنی و گەورە مەزنییە لە ناو خێزانەکانی چینی نێوەڕاست دا کە لە ژێر دەسەڵاتی جمهووری ئیسلامیدا بە خۆدا هاتووە و زیادی کردووە. شتێکی دیکەی کە گرینگە تا ئەو جێیەی کە دەگەڕێتەوە سەر بۆچوونی ئەو بەشە خۆڵەمێشییە ئەویش ئەوەیە ئەوانە لەبەریەک بڵاو بوون و هەڵوەشان ببینن لە ڕیزی هێزەکانی سەرکوتکەر دا واتە هێزە ئەمنیەتی و نیزامییەکانی جمهووری ئیسلامی. ئەوە لەوانەیە ڕوو بدا و دە ڕاستیدا ڕوودەدا بەڵام بە ئەو هاسانییە نییە کە لە ڕێژیمی ڕابردوو دا هەبوو. بۆ ئێوەی کە هاو وەچەی منن و شۆڕشی پێشووتان وەبیر دێ کاتێک خەڵک بەرەو ئەرتەشییەکان دەچوون و لێیان نزیک دەبوونەوە وەک برا بانگیان دەکردن و لە باوەشیان دەکردن و زۆر جار سەربازەکان ڕیزی ئەرتەشیان بەجێ دەهێشت و لەگەڵ شۆڕش دەکەوتن. لەم بزووتنەوەی ئێستا دا هێشتا ئەو دیاردەیە گرینگەمان نەدیتووە. هێزە سەرکوتکەرەکان، هێزە ئەمنییەتی و ئەرتەشییەکان بە شێوەی سەرەکی جارێ وەک خۆیان ماونەتەوە نەک هەموویان بەڵام بە گشتی. ئەوە ڕەنگە لە بەر هێزی ئیدیئۆلۆژیکی ڕێژیم بێ و نفووزی دە نێویاندا یان لە بەر ئەوەی کە لە باری ماڵی و ئابوورییەوە زۆر چاکتریان پێ ڕادەگەن لە زەمانی شا. ئەرتەشی شا ئەرتەشێکی ئیدیئۆلۆژیک نەبوو، ئەرتەشی شا لە باریکەوە لە ژێر کاریگەری ئیدیئۆلۆژی نیشتمانپەروەری و ناسیۆنالیزم دا بوو و بەو جۆرە پەروەردە دەکرا. وەفاداری سەرەکی لە ئەرتەش دا دەبوو لە ئاست شەخسی شا و ڕەمزی بنەماڵەی سەڵتەنەتی بێ.

بەڵام ئەم ڕێژیمە زۆر جیاوازە و زۆر زەحمەتترە لە ڕابردوو کە هێزە نیزامییەکانی لەبەریەک بڵاو بکرێ. ئەوە نامومکین نییە، دەکرێ ڕوو بدا، زەمانی پێ دەوێ و ئەمن هیوادارم ڕوو بدا. شۆڕشی پێشوو لە نیوان ٧ تا ٩ مانگی پێ چوو. ئێمە ئێستا هێشتا لە سەرەتای مانگی سێیەمی ئەم شۆڕشە داین. و بە پێچەوانەی ئەوەی کە دەگوترێ شۆڕشی ڕابردوو بە ڕێگای ڕاپەڕینێکی بەربڵاو دا مەیسەر نەبوو بەو جۆرەی کە لە پڕۆپاگاندەی ئێستای حکوومەت دا گوێمان لێ دەبێ. بە گوێرەی ئەو ئامارە کۆمەڵناسییانەی لە بەر دەستمان دایە پێمان دەڵێن بەو پەڕییەوە ١١ تا ١٢ لە سەدی دانیشتووان لە شۆڕشی ڕابردووەوە گلان و ئەو شۆڕشەی ئەو دەمی بە هیچ جۆرە وەک ئەو شۆڕشەی ئێستا بەربڵاو نەبوو. لە شۆڕشی ڕابردوو دا زۆربەی ئوستانەکان بەشدارییان تێیدا نەبوو بەلووچستان، خووزستان، و بەشێک لە مازندەران کە ئێستا زۆر چالاکە لە شۆڕشی پێشوو دا زۆر گرینگ نەبوون.

ئەو ڕاستییەی کە ئەم شۆڕشەی ئێستا ئاوا بەربڵاوە لە ڕووی لۆجیستیکی و تاکتیکی یەوە کاری بۆ ڕێژیم زۆر زەحمەت کردووە کە بتوانێ چارەیەکی بۆ بدۆزێتەوە. ئەمن هیوادارم ئەم شۆڕشە بەردەوام بێ و ئەمن پێم وایە ئەگەر دوو مانگی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

دیکەش بەردەوام بێ ئێمە دەکرێ شاهیدی لەبەریەک بڵاوبوونی ڕیزەکانی هێزە ئەمنییەتییە و نیزامییەکان بین. هەموو کەس ئەو پرسیارە دەکا گەلۆ بەکارهێنانی ئەم زەبروزەنگە لەلایەن ڕێژیمەوە کاریگەر دەبێ؟ ئایا بەری شۆڕشی پێ دەگیرێ؟ ئایا خەڵک ناچار دەکا بگەڕێنەوە ناو ماڵەکانیان؟ یان ئەوەی کە کاریگەر نابێ و لە ڕاستییدا دەبێتە هۆی هاندانی خەڵکێکی زیاتر بۆ ئەوەی بێنە مەیدانێ و درێژە بدەن بە ملە و خەبات.

بە باوەڕی من ئەو زەبرو زەنگە ئەم شۆڕشەی پێ ناشکێ، دەکرێ سستی کا، دەکرێ سەردەمێکی بێ دەنگی و چەقبەستوویی ساز کا لەو پێقاژۆیە دا بەڵام ناتوانێ پێشی ئەو بزووتنەوە شۆڕشگێڕانەیە بگرێ. لە شۆرشی ڕابردوو دا ڕاپەڕین لە تەورێز دەستی پێکرد و سەرکوت کرا، و دوایە ڕووداوی ئاورتێبەردانی سینەما ڕێکس لە ئابادان قەوما و هەستان دیسان دەستی پێکردەوە و ئەوە گەیشتە ڕاگەیاندنی حکومەت نیزامی لە تاران. ئێمە هەر ئێستا لە دۆخی حکوومەت نیزامی داین بە بێ ئەوەی کە حکوومەتی نیزامی ڕاگەیێندرابێ. ئێمە هەر ئێستا لە دۆخێک داین کە پێی دەگوترێ هەلومەرجی دەگمەن. هەلومەرجی دەگمەن ئاوا دەناسێندرێ کاتێک قانوونی بنەڕەتی بە تەواوی وەلانراوە و ئەو سنوورانەی کە قانوون و زەبرو زەنگ لێک جوێ دەکەنەوە بە تەواوی بزر دەبێ. ئەو نوختەیەی ئەمن دەمەوێ ئیستی لەسەر بگرم، سەرەڕای ئەوەی کە ئەم شۆڕشە خەرێکە پێ دەنێتە مانگی سێیەمییەوە لە ڕوانگەی گرینگایەتییەکەی لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ دەوڵەت و دەسکەوتەکانی زۆر گرینگتر بووە لە ڕێژیمی ڕابردوو گۆیا ڕێژیمی ئیسلامی لە ساڵی ١٩٧٩. مەبەستم ئەوەیە تا ئێستا، تا ئەم نوختەیە. و ئامانجەکەشی زۆر پێشکەوتووانەترە. لە شۆڕشی ڕابردوو دا زانکۆکان هەموو هەستا بوون هەموو لە مانگرتن دا بوون بەڵام لە زانکۆکاندا هیچکەس بەدژی ئاپارتایدی جینسییەتی شەڕی نەدەکرد. ئێستا خەبات بە دژی ئاپارتایدی جینسییەتی لە زانکۆکاندا، لە ئیدارە حکومەتییەکاندا، لە کۆمەڵ دا یەکێک لە ئامانجە سەرەکییەکانی ئەم شۆڕشەیە و لە ڕاستیدا تاڕادەیەک ئەو ئامانجە وەدەست کەوتووە.

بە باوەڕی من یەکێک لە لایەنە تاقانەکانی ئەم شۆڕشە ئەوەیە کە تەنانەت بەر لەوەی سەربکەوێ هێندێک لە ئامانجە سەرەکییەکانی خۆی دەست خستووە و ئایا سەردەکەوێ یان سەرناکەوێ و من هیوادارم سەربکەوێ، هەر چییەک بێ بارودۆخ لە ئێران ئێدی قەت وەک ئەوەی هەیە نابێ

سپاستان دەکەم.

سەرچاوە: ویبنووسی ڕوانگە - ڕێکەوتی: ٧ی جانێویری ٢٠٢٣



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

# هاوکاری کوردستان لە ڕاددەی سەراسەری دا



**مستەفا شڵماشی**

لە سە رئەو باسانەی لەم دواییانە دا سەبارەت بە چۆنیەتی هاوکاریکردنی هێز و کەسایەتیە ئێرانیەکان و کوردستانیەکان هاتونە ئاراوە، بە پێویستی دەزانم هێندێک خاڵی پەیوەندیدار بەو مەسەلەیەوە بە زمانێکی سادە، ڕوون بکەمەوە.

١- گرنگترین خاڵ ئەوەیە کە لەسەر چۆنیەتی پێکهاتەی ئێران و پێناسەی هەر گروهێک لە چوارچێوە ئەو جوغڕافیایە دا ڕێککەوتنێک هەبێ. لانی کەمی سازان لەسەر ئەوەبێ کە هەرلایەنێک، لایەنەکەی دیکە بەو جۆرە بناسێ کە لایەنەکە خۆی پێ پێناسە دەکا. نەک هەرکەس بەجۆرێک بەرامبەرەکەی پێناسە بکا.

٢- کوردستان دەبی خۆی ئامادە بکا بۆ کەڵک وەرگرتن لەو دەرفەتەی هاتوەتە پێش. ئە و خۆ ئامادە کردنە بەر پرسایەتییەکی قورس دەخاتە سەر شانی حیزب و ڕێکخراوە کان، چ لە ناو خۆ و چ لە دەرەوە. باشترین میکانیزم بۆ ئامادە بوونێکی باش و جێگای متمانە، یەکگرتنی حیزب و ڕێکخراوە کانە لە هاو پەیمانییەک دا. بۆ وەدی هێنانی ئەم ئامانجە حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێارن دەتوانێ و دەبێ ڕۆڵێکی بەرچاو بگێڕێ. لە ڕاستی دا ئێستا کاتی ئەوەیە کە کوردستان هەم بۆ هاکاریکردن، هەم بۆ سیستمی خۆ بەڕێوەبەری هەر لە ئێستاوە ئامادەیی هەبێ.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

٣- ڕاستە گەلی کورد پێویستە بچێتە نێو جووڵانەوەی سەراسەری، بەڵام بەڕەنگی خۆی وبە داخوازییە نەتەوەییەکانی خۆیەوە. دەستەبەر بوونی ئەم ویستە زۆر بەستراوەتەوە بە داڕشتنی ستڕاتیژیەکی نەتە وەیی یەوە. لەسەر ئەو ستڕاتیژیە نەتەوەییە پێویستە حیزب و ڕێکخراوەکوردستانیەکان ڕێککەون و لە بەرامبەر هەر هێزێک دا بە یەک گوتار دەرکەون. هەروەها لە ڕاگەیەنەرە گشتییەکانیش دا بە یەک گوتار دەرکەون. ئەگەر بکرێ لەسەر یەک ووتە بێژ ساغ بنەوە زۆر باش دەبێ. هەروەک چۆن لە دوای ڕووخانی ڕژیمی پاشایەتی بۆ ووت و ویژ لەگەڵ ڕژیمی خومەینی یەک هەیئەتی نوێنەرایەتی کورد ویەک ووتەبێژ دانرابو کە شەهید دوکتور قاسملو بو. بۆ ئەوەی زەمینەی داڕشتنی ستڕاتیژیەکی نەتەوەیی هاو بەش داڕێژرێ، پێویستە کار بکرێ بۆ نە هێشتنی شوێنەواری ناکۆکی و ئاڵۆزیەکان لە نێوان هەموو ئەو حیزب ورێکخراوانەی کە لە مەیدانی خەباتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دان.

٤- دەبێ کارێکی زۆر لەسەر شۆڕشی ژینا بکرێ و هێز و ئێنێرژی بۆ دابین بکرێ تا سرووشتی کوردستانی بوونی بپارێزرێ. گەلی کورد بە هەموو خیزب و ڕێکخراو و کەسایەتیەکانیەوە پێویستە کار بۆ پتەوکردنی پایەکانی شوێنی سەرەکی کۆمەڵانی خەلکی کوردستان لەو شۆڕشەدا بکەن و هەوڵ بدەن ڕۆڵی پێشەنگایەتی کوردستان لەو شۆڕشە دا بپارێزن. دابینکردنی ئامانجەکانی نەتەوەیی و کۆمەڵایەتی کە خەڵکی کوردستان قوربانی زۆریان بۆ داوەو حیزب و ڕێکخراوەکانیش بە دەیان ساڵ بۆیان تێکۆشاون و قوربانیان بۆ داون، پێویستە لە ئامانجەکانی هەر ئێئتیلافێک دا کە کورد بەشداری تێدا بکا، بگونجێنرێن. درووشمی سەرەکی #ژن - ژیان - ئازادی کە لە کوردستانەوە بەرەو ئێران تیشکی هاویشتوە وسەرانسەری دنیاشی گرتوەتەوە، دەبێ بپارێزرێ. پێویستە لە هەر ڕێککەوتنێک دا لە گەڵ ناوەند پرێنسیپی تەوافوق کە پڕ بە پێستی وڵاتێکی فرەنەتەوەیە لە بەرچاو بگیرێ و داهاتووی ئێران بە مەجلیسی دامەزرێنەران و هەڵبژاردنی داهاتوو نە سپێردرێ. پێویستە لە سەر چوارچێوەی دەستوری داهاتو قسە بکرێ کە چۆن ولەسەر چ بناغەیەک داڕێژرێ. واتە بناغەی دەستور دەبێ لە سەر فرەنەتەوەبوونی ئێران داڕێژرێ. کورد و نەتەوە بندەستەکانی دیکە نابێ چاوەڕوان بن پێشنیاری دەستورێکی تازە بێتە ئاراوە وئەوان مەجبور بن ڕەئی پێ بدەن، یا دژی ڕاوەستن. پێش ڕەئی دان لەسەر دەستور دەبێ کێشەی خۆیان بکەن وهەوڵ بدەن مافەکانیان لە گەڵاڵەی دەستووری تازەدا بگونجێنن.

٥- بۆ هاوکاریکردن لە گەڵ حیزب و ڕێکخراوە ئێرانییەکان، پێویستە کورد ئەوان باشتر بناسێ و پۆلێنیان بکا. بۆئەو مەبەستە هەڵدەگرێ هەیئەتێکی شارەزا بۆ ناسین و هەڵسەنگاندنی ئەو حیزب و ڕێکخراو و کەسایەتیانەی لە گۆڕەپانەکە دا هەن دیاری بکرێ. بەتایبەت زۆر پێویستە کەسایەتی و گروهەکانی نێو ئۆپۆزیسیۆنی نێوخۆی ئێران بناسرێن و پەیوەندیان پێوە بگیرێ. دیارە بۆ چەسپاندنی ویستەکانی خۆمان دەبێ بچینە نێو کۆڕی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانییەوە بە ئۆپۆزیسیۆنی نێوخۆی وڵاتیشەوە. ئیمە دەبێ دەنگی خۆمان بە هەمو لایەنێک بگەیەنین. بەڵام بۆ هاوکاری کردن، دەبێ



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

مەرج هەبێ و ئەویش قەبوڵ کردنی بوون و داخوازییەکانی ئێمە یە، لە لایەن هەر هێزیکی ئێرانییەوە کە بیهەوێ هاوکاری لەگەڵ بکەین. ئێمە تەنیا لەگەڵ ئەو هێزانە دەتوانین هاوکاری بکەین کە ئامادەن مەسەلەی مافی نەتەوەیی گە لی کورد و گەلانی دیکەی ئێران وەک گرفتێکی سیاسی ئێران ببینن و بیر لە ڕێگای چارەسەریی سیاسی بکەنەوە.

٦- مەسەلەیەکی زۆر گرنگ کە یارمەتی دەکا بە گەلانی زۆرلێکراوی ئێران تا لە دوای ڕژیمی کۆماری ئیسلامی جارێکی تر نەکەونە بەر پەلامار، ئەوەیە کە پێشەکی خۆیان یەکبگرن. لەو پێناوەدا بەهێزکردنی کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵ کە چەند سالێکە دامەزراوە، بەڵام هێشتا گرنگی پێ نەدراوە و بەتایبەت لە شۆڕشی ژینا دا چالاکیەکی ئەوتۆی نییە زۆر پێویستە.

دیواری فەیسبووکی نووسەر – ڕێکەوتی: ٨ی جانێوێری ٢٠٢٣



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# کوردستان هێڵی سوورە!



**گۆران ئەمیری**

١٥٥ ساڵ بەر لە ئێستا لە بریتانیا بۆ یەکەمجار ڕەنگی سوور بۆ ڕێکخستنی ترافیک و کاری هاتووچۆی فایتوون و داشقەی بە ئەسپەوە کەڵکی لێ وەرگیرا و کۆمەڵگا بە گشتی بەڕێزەوە پەیڕەویان لێکرد و بە یاسا کرا.

ساڵانێک دواتر ئەم دەستەواژەیە لە؛ گفتمانی سیاسیدا بوو بە باو .هێمای هێڵی سوور ئەگەر بۆ تەنزیمی هاتووچۆ پێویستە، لە سیاسەتیشدا بە سەت قات گرنگترە بەتایبەت کاتێک باس لە مافی چارەنووسی نەتەوەیک دەکرێ،؛ هێڵی سوور دەبێ پڕڕەنگتر و دیارتر بێ .لە هەر دانشتن و گفتوگۆیەکدا کە باس لە مافی نەتەوەیمان بکرێت پێکهاتن لە سەر بابەتەکان تەنانەت دانیشتنیش بەبێ مەرج و هێڵی سوور هەڵەیەکی گەورە و مەترسیدارە.

وتوبێژ لەگەڵ هەر دامودەزگایەکی فاشیستی یان کۆماری ئیسلامیش دەبێ ئەو هێڵەسوورە بگرێتەوە. لە هەموو وتوبێژ چاوپێکەوتنەکانی بەرپرسانی دێموکرات و کۆمەڵە جەخت لە یەکگرتوویی خەڵک و هێزەکانی ڕۆژهەڵات دەکرێت بەلام بە پێچەوانەی ئەم بانگەشانە،

کورد بۆ ڕێککەوتن لەگەڵ نەیار و دژمن مەرج و هێڵی سووری نییە، ئامادەیە لەگەڵ هەر گەدە وگودەیەک پێک بێ بەلام بۆ



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

خەڵکی خۆی سەدان مەرج و بەربەستی نەویستراوی سازداوە.

- دەردی ئێمە بیگانە پەرستی و بێ باوەڕی بەخۆیە. لە جیاتی نەتەوە، بە عێل و عەشیرەت و ئێتنیک و ئەقەلییت ناودێرمان دەکەین و متەقیشمان لێ نایە .بەزمانی لوس بە بەژن و بالامان هەڵدەڵێن بەڵام بەروونی لەگەڵمان دووڕوو و ناڕاستن و خەریکی خاپاندنمانن. هەتا ئێستا بۆ یەکجاریش فرەنەتەوەیی بوونی ئێرانیان بەزاردا نەهاتووە

دوای نزیک بە سێ مانگ ونیو قورسایی و قوربانی هەر لە سەر شانی خەڵکی کوردستان ماوەتەوە .نابێ بۆ ڕازیکردنی ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی لەسەر مافی گەلی کورد داشکان بکرێ .هەتا ئێستا زۆربەی وتوبێژ و گفتگۆکان لەگەڵ کۆمەڵە و حیزبی دێموکرات کراون وێڕای ڕێز بۆ هەر دوک لا پێویستە هەر لەئیستاوە ویست و خواستی ڕاستە قینەی گەلی کورد بەگوێ ئۆپۆزسیۆنی ئێرانیدا بچپێنن .

ڕاستە لەکات و ساتی ئێستادا پێوستە ئامانجی یەکگرتووی هەموو گەلانی ئێران ڕووخاندن و ڕامالینی دامودەزگای سەرکوتکەری کۆماری ئیسلامی و بنەبڕکردنی ولایەتی وەقیح !بێت. بەڵام نە ئێستا و نە لە داهاتوودا هیچ کەس بۆی نییە مافی چارەی خۆنووسینی گەلی کورد ڕادەستی هیچ داگیرکەرێکی کوردستان بکات. لازمە بەزووترین کات لێژنەی نوێنەرایەتی گەلی کورد بە دەستی پڕو دەستەڵاتی سنووردار بۆ دانشتن لەگەل ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی دیاری بکرێت. بە دڵنیاییەوە ئەگەر ناوەندی هاوکاری حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، حیزبەکانی پەڕاوێز خراوی دیکە و کەسایەتیەکانی ناسراو لێزان و شارەزای سیاسی و نیشتمانپەروەر لە خۆ بگرێت، ئەوکات گونجاوترە

نوێنەرایەتی دانوساندناکانش هەر لە ئەستۆی ناوەندی هاوکاری حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بێت.

سەرکەوێ شۆرشی ژینا بە دروشمی" ژن، ژیان ئازادی"

دیواری فەیسبووکی نووسەر – ڕێکەوتی: ٨ی جانێوێری ٢٠٢٣



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# لەم شۆڕشە نوێیەی ئێراندا، ڕۆڵی سیاسیی کورد لە ئاستی ڕۆڵی مەیدانیی ویدا نییە



د. ئاسۆ حەسەنزادە

(وتاری دوکتور ئاسۆ حەسەنزادە لە وێبیناری ئەنستیتۆی کورد لە پاریس و ئەنیستیتۆی کورد لە واشینگتۆن لەبارەی دۆخی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ١٥ی دێسامبری ٢٠٢٢)

سەرەتا دەمەوێ سوپاسی هەردوو ئەنستیتۆی کوردیی پاریس و واشینگتۆن بکەم بۆ ڕێکخستنی ئەم وێبینارە. دەزانم ئەوە یەکەمین کاری وان لەپێوەندی لەگەڵ بارودۆخی ئەو ماوەیەی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا نییە. بەو حاڵەش پێموایە هێشتا پێویستیمان بە چالاکیی زۆرتر لەو پێوەندییەدا هەیە.

هەروەک دەزانن بەپێی سەردەم و هەلومەرج، ناوەندی قورسایی پرسی کورد هەر جارەی لە پارچەیەکی کوردستاندا چڕ دەبێتەوە. لە ئێستادا ئەم ناوەندی قورساییە ڕۆژهەڵاتی کوردستانە، یان باشترە بڵێم دەبوو ڕۆژهەڵاتی کوردستان بێ. بەوحاڵەش، ڕۆژهەڵاتی کوردستان - تەنانەت لە هەلومەرجی ئێستادا- هێشتا بەدەست لاوازیی پشتیوانیی سیاسی و سەرنجی مێدیاییەوە دەناڵێنێ، یان لانیکەم ئەو پشتیوانی و سەرنجەی وەری دەگرێ لە ئاستی ئەو سەرکوتەدا نییە کە گەلی ئێمە لەو پارچەیەی کوردستاندا ئەم ڕۆژانە ڕووبەڕووی دەبێتەوە و ڕەنگدانەوەی ئەو ڕۆڵە مەیدانییەش نییە کە ئەو



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

گەلە لە بزووتنەوەی ئەمجارەی خەڵک لە ئێراندا دەیگێڕێ.

ئەوەی دەمەوێ لەم وتە سەرەتاییەمدا باسی بکەم، دوو خاڵی سەرەکییە. لەپێشدا دەمەوێ لە گۆشەنیگای بزووتنەوەکە لەئاستی ئێرانەوە دەست پێ بکەم، چونکە تەنانەت ئەگەر ئەولەوییەتمان کوردستانیش بێ، هەموومان کۆکین لەسەر ئەوە کە کورد لە ئێران بە تەنیا ناتوانێ کۆماری ئیسلامی بڕووخێنێ و پێویستە هەوڵ و هەنگاوەکانی خۆی لەگەڵ باقیی ئێران ڕێک بخا.

سێ مانگ پاش دەسپێکی ئەم بزووتنەوە جەماوەرییە بێوێنەیەی نارەزایەتی و ڕاپەڕین لە ئێران کە نەک تەنیا لەباری رووبەڕوونەوەی مەیدانییەوە، بەڵکوو لەڕووی دنیابینی و بەرهەمهێنانی بەها و سەمبولەکانیشەوە زۆر دەوڵەمەندە، بارودۆخەکە هەموو تایبەتمەندییەکانی پرۆسەیەکی شۆڕشگێڕانەی هەیە. بێگومان ڕێژیم هێشتا دەتوانێ دەست بۆ سەرکوتی زیاتریش ببا (وەک لە ئێعدامی خۆپێشاندەران لەم حەوتوویەدا دیتمان). بزووتنەوەی خەڵکیش دەکرێ هەوراز و نشێوی دیکە بە خۆیەوە ببینێ و ناچار بێ شکڵ و شێواز و ئاقاری خۆی بگۆڕێ. بەڵام هێندێک تایبەتمەندی کە لە شەپۆلەکانی پێشووی نارەزایەتیی خەڵک لە ئێراندا (بۆ نموونە لە ١٣٨٨ و ١٣٩٨) نەبوون، بەخۆشییەوە ئەمجارە حازرن:

بۆ نموونە بەردرێژی و بەردەوامیی بزووتنەوەکە لە مەودای کات و جوغرافیادا؛ پێگەی جەماوەریی بەرفراوانی بزووتنەوە کە بەسەر جیاوازییە جێندەری و ئێتنیکی و سیاسی و کۆمەڵایەتییەکاندا باز دەدا؛ سروشتی گشتی و ڕادیکاڵی ویستەکانی خەڵک کە چیدیکە ویستی سینفی و ڕۆژانە نین هەتا بە هێندێک ڕیفۆرم چارەسەر بکرێن، بەڵکوو ویستی بنەڕەتیی گشتگیرن کە تەنیا بە ڕووخانی ڕێژیم زەمینەی وەدیهاتنیان دێتە دی؛ یەکگرتوویی بێوێنەی خەڵک لە ئێران؛ ئەوە کە خەڵک چیدیکە لە ڕێژیم ناترسن؛ هاوپێوەندیی پێشتر نەدیتراوی کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی (هەرچەند ئەو هاوپێوەندییە هێشتا کۆمەڵێک کەموکوڕیی بنەڕەتیی هەیە)، ... هتد.

سەرباری هەموو ئەو خاڵە بەهێزانە، کەمایەسییەکی گەورە هەیە کە ئەمجارەش بەردەوامە، ئەویش ئەوە کە وێڕای هەبوونی ڕێکخەرانی مەحەللی و مەیدانی، ئەو بزووتنەوەیە لە ئاستی وڵاتدا خاوەنی ڕێبەرییەکی سیاسی نییە. ئەمە لە لایەکەوە شتێکی باشە، چونکە دەبێتە هۆی ئەوە کە ڕێژیم نەتوانێ بەئاسانی زەفەر بە بزووتنەوەکە ببا و پێش لە سەرهەڵدان و گەورەبوونەوەی ڕێبەرانێکیش دەگرێ کە دەکرێ دواتر بەرهەمی شۆڕشی خەڵک زەوت بکەن (وەک خومەینی لە ئینقلابی پێشوودا کردی). لەلای دیکەوە بەڵام بۆ ئەوەی هێزەکانی لایەنگری گۆڕانی بنەڕەتی لە ئێران بە ئاقار و ئەنجامێکدا بڕۆن کە دڵخوازی هەموو لایەک بێ و ئالترناتیڤێک لە دوورەدیمەندا شکڵ بگرێ، لانیکەمێک لە نەخشەڕێگای



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

سیاسی و چوارچێوەی کاری هاوبەش پێویستە.

ئێستا سەبارەت بە کوردستان، بێگومان هەموو شتێک لە کوردستانەوە دەستی پێ کرد و کوردستان بوو بە پێشەنگی ئەو شۆڕشە لە ئێراندا، نەک تەنیا لەبەر ئەوە کە ژینا ژنێکی کورد بوو، بەڵکوو لە پێشدا لەبەر ئەوە کە کوردەکان لە ڕۆژی ئەوەڵەوە تا ئێستا هەرگیز حوکمی ئەو ڕێژیمەیان قبووڵ نەکرد و هەرگیز لە خەبات بەدژی نەوەستان. لە شۆڕشی تازەی خەڵکی ئێرانیشدا، دروشمی سەرەکیی کوردەکان، وشیاریی مەدەنییان، ڕوانگەی سیاسی و بەها ئینسانی و سێکولارەکانیان، لە سەرووی هەمووشیەوە توانای وان بۆ خۆڕێکخستن و ئازایەتییان بۆ بەرەنگاربوونەوەی زوڵم و سەرکوت هەوێنی دایە سەرجەم خەڵکی ئێران.

هەربۆیەش سەرکوت لە کوردستان لە هەر ناوچەیەکی دیکەی ئێران قورسترە و کۆماری ئیسلامی لەوێ چەکی گەرم و جبەخانەی شەڕ لەدژی خەڵک بەکار دەبا و شارەکانی کوردستان دەخاتە ژێر گەمارۆی قورسی نیزامی. ڕێژیم بەو کارەی پێی وایە دەتوانێ بزووتنەوەکە لە شوێنی لەدایکبوونیدا سەرکوت بکا و ئەم هەوڵە دڕندانەیەشی سنووردار نییە بە نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان. لەم سێ مانگەدا، بە لەبەرچاوگرتنی ئەوە کە ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران ڕۆڵێکی کاریگەری لە بزوتنەوەکەدا گێڕاوە و بانگەوازەکانی بۆ مانگرتنی گشتی لەلایەن خەڵکی کوردستانەوە پێشوازیی لێ کراوە، کۆماری ئیسلامی بنکە و بارەگاکانی ئەو حیزبانەی لە باشووری کوردستان مووشەکباران کردووە و تەنانەت بەنیازە ئۆپەراسیۆنی زەمینییش لەدژی وان بەڕێوە ببا. ئامانجی ڕێژیم لەو کارە ئەوەیە کە سەرنجی بیروڕای گشتی لەسەر ڕووداوەکانی نێوخۆی ئێران لاببا و بە پەنابردنەوە بۆ مەترسیی لەبەریەکهەڵوەشانی ئێران و دەستێوەردانی دەرەکی، یەکێتیی گەلانی ئێران تێک بدا.

لە بەرامبەر ئەو مانۆرە سیاسی و سەربازییانەی کۆماری ئیسلامیدا، حیزبەکانی ئێمە سوور بوون لەسەر ئەوە کە هەروا ئەولەوییەت بدەنە بەردەوامیی بزووتنەوەی جەماوەری لە نێوخۆی وڵات و پاراستنی یەکگرتوویی خەڵک لە ئێران بەدژی ڕێژیم. ئەوان تەنانەت پاش هێرشە موشەکی و درۆنییەکان پێشمەرگەیان نەناردەوە نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لەکاتێکدا دەیانتوانی ئەو کارە بکەن. لەڕووی سیاسییشەوە، گوتاری ئەوان لەو ماوەیەدا زۆرتر جەختی لەسەر زەروورەتی پاراستن و پەرەپێدانی یەکگرتوویی و هاوخەباتیی خەڵک لە ئێران کردوە. تەنانەت خودی چەمکی "ڕۆژهەڵات" کە ئێوە لە تایتڵی ئەو وێبینارەدا بەکارتان بردووە و هەروەک لەوێشدا هاتووە پێوەندیی بە کوردستانی گەورەوە هەیە، لەو ماوەیەدا بەکردەوە لە گوتاری سیاسیی کوردی ئێران لاچووە.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ڕاستییەکەی ئەوەیە کە پۆتانسیەلی جووڵە و ئەنگیزەی خەڵک لە کوردستان لەوە کە دەکرێ خەڵک لە تاران یان گرووپە کەمتر پەراوێزخراوەکانی ئێران هەیانبێ، زۆر جیاوازە. ناوەندی هاوکاری لەو ماوەیەدا تەنانەت ناچار بووە داوا لە خەڵکی کوردستان بکا کە لە حەرەکەتی خۆیاندا لە خەڵکی شارەکانی دیکەی ئێران خێراتر نەڕۆن بۆ ئەوەی هەم تێچووی ئینسانی لە کوردستان کەم بێتەوە و هەم ڕێژیم نەتوانێ ئەم گوڕ و تینە زۆر زیاترەی کورد بکاتە دەسمایەی هەوڵ و پروپاگاندای دابەشکردن و لێکجیاکردنەوەی گەلانی ئێران. بەوحاڵەش، ئەگەرچی لەو ماوەیەدا تێگەیشتن و هاوپێوەندیی باقیی ئێران لەگەڵ کورد لەچاو ڕابردوو زۆر باشتر بووە، هێشتا ڕوانینی زۆرینەی هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێران لەوە کە ئێمە بۆ ئایندەی ئەو وڵاتە بیری لێ دەکەینەوە، زۆر دوورە. لەڕاستیدا پارادۆکسی گەورە ئەوەیە کە لە حاڵێکدا فیداکاری و ڕۆڵی مەیدانیی کوردستان لە هەستانی ئەمجارەی خەڵکی ئێراندا یەکجار گەورە و بەرچاوە، دڵنیا نیم کە لە وێنە گشتییەکەدا قورسایی و ڕۆئیەتی سیاسیی ئێمە وەک کورد لە ئێران لەو ئاستەدا بێ کە دەبێ بێ.

بەکورتی، دەمەوێ بڵێم ئێمە وەک کورد لە ئێران هاوکات لە دوو بەرەدا دەچینە پێش: لەلایەک دەبێ یارمەتی بە دروستبوونی یەکیەتییەکی بەهێزتر و مانادارتری سەرجەم ئێرانییەکان بۆ گۆڕینی ڕێژیم و هێنانە سەرکاری سیستمێکی دێموکراتیک و پلۆرالیست و ئەگەر بکرێ فیدرالی بکەین. لەلایەکی دیکە و لە هەمان کاتدا، دەبێ تێبکۆشین هەڵگری گوتارێکی شوناسخوازانە بین کە بە دروستی نوێنەرایەتیی تایبەتمەندی و پێویستییەکانی کوردستان و گەلی کورد بکا.

***

ئەم بابەتە لە ژمارەی٨٣٨ی ڕۆژنامەی کوردستان بڵاو کراوەتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا – ڕێکەوتی: ١٨ی بەفرانباری ٢٧٢٢ = ٨ی جانێوێری ٢٠٢٣



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

# ژینای ئێمە، یان مەهسای ئەوان؟




ئاسۆ مینبەری

لەوەتەی کورد وەکوو نەتەوەیەکی ژێردەست لەلایەن هێزە داگیرکەرەکانی کوردستانەوە بەرەورووی جۆرەکانی هەڵاواردن و سڕینەوەی شوناس و لە هەمووی گرینگتر پێناسەی بێگانەبوون لە ئاو و خاکی خۆی بووەتەوە، پرسی کورد و ئەوی تر - دوژمن - هاتووەتە ئاراوە و زۆر جار هەوڵ دراوە کە شەڕ لەگەڵ ئەم پێناسانە بکرێ.

ژینا ئەمینی کچە کوردێک بوو کە وەکوو هەزاران منداڵی کوردستان هەر لە سەرەتای لەدایکبوون و ناودێرکرانیەوە بەرەورووی ئەو هەڵاواردنە بووەوە کە وەکوو ئەوی تر ناسرا؛ هەربۆیە ناوی تۆمارکراوی ناسنامەی ژینا بوو بە مەهسا، ناوێک کە ئەمڕۆ پاش تێپەڕبوونی زیاتر لە ١٠٠ ڕۆژ لە ڕاپەڕین و بەرخودانی خەڵک لە کوردستان و ئێران هێشتا مشتومڕی لەسەرە و ئەوەی کە ئاشکرایە زەوتکردنی شوناس و بوونی ژینا لە ژێر ناوی داگیرکراوی مەهسایە!

کاتێک کە ژینا بەو شیوازە دڕندانەیە لەلایەن هێزەکانی گەشتی ئیرشادی ڕێژیمەوە گیانی لێ ئەستێندرا، پێداگربوون لەسەر ناسنامە ڕاستەقینەکەی لە یەکەم چرکەکانی بەخاکسپاردنیەوە لە سەر کێڵی گۆڕەکەی خۆی نواند، لەسەر کێڵەکەی ناوی بە ژینا نووسرابوو، ژینایەک کە کورد بوو و تا کاتی شەهیدبوونیشی هەر بە ناوی ژینا بانگ کرابوو، ئەمەش



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

پێچەوانە خواست و ویستی داگیرکەر بوو. بەڵام بابەتێکی گرینگ کە لەم بارەوە دەبێ ئاماژەی پێ بکرێت ئەو ڕووبەڕووبوونەوەیە بوو کە لەنێوان خەڵکی کوردستان و خەڵکی باقی بەشەکانی ئێراندا ڕووی دا، ئەویش پێناسەکردنی ئەو کچە بە دوو ناوی جیاواز بوو کە ئێستاکەش هەر بەردەوامە!

لە کوردستاندا، ژینا بە ژینا دەناسرێت چونکە بەم ناوە کوردییەیە کە ژینا دەتوانێ ببێتە سیمبول بۆ کوردستان و خەڵکی کوردستانیش هەر لە ڕێگەی ئەم ناوەوە دەتوانن خاوەندارەتی لە کچێکی کورد بکەن، کە لە ڕاستیدا خاوەندارەتیکردن لە ژینا وەکوو کچێکی کورد، خاوەندارەتیکردن لە شوناسی ڕاستەقینەی نەتەوەیەکە، بەو مانایە کە ژینا دەتوانێ وەکوو نوێنەری نەتەوەیەک چاوی لێ بکرێ! ژینا لەم پێناسەیەدا دەتوانێ نوێنەری نەتەوەیەکی بەشخوراو، پەراوێزخراو، ماف پێشێلکراو و لە هەمانکاتدا، توێژێکی ستەملێکراو و چەوساوە بە ناوی ژن بێت.

ئەمە ئەو ڕاستییەیە کە بە زەفکردنەوەی ناوی مەهسا لە بەرانبەر ناوی ژینادا زیاتر هەستی پێ دەکرێت. لە ڕاستیدا زەفکردنەوەی ناوی مەهسا، کەمڕەنگکردنەوە و لە زۆرحاڵەتیشدا سڕینەوەی پرسێک بە ناوی پرسی کورد بوو؛ هاوکێشەکە ئەمەیە: مەهسا لە بەرانبەر ژینا، کورد لە بەرانبەر ئەوی تر!

لانیکەم خوێندنەوە و سەرنجدانی بەرنامە و پلانی حیزبەکانی کوردستان دەتوانێ ڕوونی بکاتەوە کە ئەوان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکدا داوای مافی خۆیان دەکەن، بۆ نموونە حیزبی دێموکرات بە داواکردنی فێدراڵیزم و هەوڵدان بۆ جێگیرکردنی لە داهاتووی ئێرانی ئازاد و دێموکراتیکدا سەلماندوویەتی کە پرسی کوردستان و ئێران هەر دوو گرینگ و جێی بایەخن و لەم چوارچێوەیەدا وەکوو حیزبێکی کوردستانی هەوڵ بۆ دەستەبەرکردنی مافی خەڵکەکەی خۆشی دەدات، لەم چوارچێوەیەشدا بەپێی پێویست لەگەڵ لایەن و هێزەکانی ئۆپۆزسیۆن کەوتووەتە وتووێژەوە، بەڵام ئەوەی کە لەم دواییانەدا ڕووی دا، نیشان دەدات کە ئەم ویست و داخوازییە لەلایەن حیزبەکانی کوردستانەوە تاکوو ئێستا نەیتوانیوە جێگای خۆی بگرێتەوە! هەر بۆیە بەپێچەوانەی ئەوەی کە لایەنە کوردستانییەکان هەوڵیان دا ڕاپەڕینەکە ڕێبەری بکەن و کوردستان وەکوو سەرچاوەکەی بناسن، لایەنەکانی دیکە وەکوو ئەوی تر لە پرسی کورد دەڕوانن و پاش زیاتر لە ١٠٠ ڕۆژ بەردەوامبوونی کوردستان لە ڕاپەڕین و هاتنە سەرشەقام، شارەکانی دیکە و بەتایبەت گەورەشارێکی وەکوو تاران هەنگاوێکی ئەرێنییان لە پێناو دروستکردنی یەکریزیدا هەڵنەگرتووە، لە زۆر حاڵەتیشدا تەنانەت نکۆڵی لە بەستێن و کانتێکستی ڕاپەڕینەکە واتە کوردستان کراوە، کە بێگومان ئەمە هەر دەچێتە ئەو چوارچێوەیەوە کە ئەوان کورد بە ئەوی تری خۆیان دەزانن و نایانەوێ ببنە سووتەمەنیی ڕاپەڕینێک لە دەسپێشخەرەکەی کورد بووە!



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

زۆر کەس لە چالاکانی کورد لە ماوەی ڕابردوودا داوایان کرد کە هەوڵ بدرێ ژینا لە دنیای دەرەوەدا بە ناوی خۆیەوە بناسرێت، بەڵام بەداخەوە هەوڵەکانیان جێگای نەگرت و ئێستا زیاتر لەوەی کە ژینا وەکوو کچێکی کورد بناسرێ کە بووەتە ئامانجی هێرشی نەتەوەیی و ڕەگەزی لەلایەن ڕێژیمەوە، مەهسا بووەتە کچێکی ئێرانی کە بەداخەوە کە لەڕاستیشدا ناتوانێ نوێنەرایەتیی نەتەوەکەی خۆی بکات، ئەمە لە کۆمەڵگەی کوردستانیشدا تا ڕادەیەکی بەرچاو دیارە، زۆر کەس لە کوردستاندا بە بێ سەرنجدان بەو ڕاستییە کە ئەم ناوە دەتوانێ هۆکارێکی گرینگ بۆ سڕینەوەی شوناسی ژینای کوردستان بێت کەوتنە داوی پڕوپاگەندەکانی لایەنەکانی دیکەوە و بە جەختکردنەوە لە سەر جۆگرافیایەکی هاوبەش بە ناوی ئێران ژینایان لە بوونی ڕاستەقینەی خۆی تا ڕادەیەک داماڵی!

ئەوەی کە ئەبێ لەمبارەوە گرینگی و بایەخی پێ بدرێت ئەوەیە کە ژینای ئێمە و مەهسای ئەوان نوێنەرایەتیی دوو گوتاری لێک جیا دەکەن، کوردستانیبوون و ژنبوونی ژینا، لەو هۆکارە سەرەکییانە بوون کە کوشتنی حکوومەتیی ژینایان لێ کەوتەوە، هەر ئەم هۆکارانەش بوون کە ژنانیان هێنایە سەر شەقام و ڕۆڵی سەرەکیی ڕاپەڕینەکەیان پێ دان.

جەختکردنەوە و پێداگری لەسەر ئەم بابەتە زۆر گرینگە، بۆیە پێویستە هەر تاکێکی کورد و بەتایبەتیش ژنان لە پێشەنگایەتیی ئەم ڕاپەڕینەیان لە ئەستۆیە بە وردبین یەوە لەم بابەتە بڕوانن و کار بۆ جێگیرکردنی شوناسی ڕاستەقینەی ژینا و خۆیان وەکوو ژنی کورد لەم ڕاپەڕینە سەرانسەرییەدا بکەن.

ئەم بابەتە لە ژمارەی٨٣٨ی ڕۆژنامەی کوردستان بڵاو کراوەتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا – ڕێکەوتی: ١٨ی بەفرانباری ٢٧٢٢ = ٨ی جانیۆیری ٢٠٢٣



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# کاریگەرییەکانی وەئەستۆگرتنی سیاسیی پارلەمانتارانی جیهان



زانیار حوسێنی

وەئەستۆگرتن (کەفالەت)ی سیاسی بۆ یەکەمجار لە وڵاتی ئاڵمان و پارلەمانی ئەو وڵاتە هاتە بەرباس و بە پێشنیاری دەوڵەتی ئاڵمان لەلایەن کۆمیسیۆنی مافی مرۆڤی ئەو وڵاتە لە تویی گەلاڵەیەکدا پێشکەش کرا و لە ساڵی ٢٠٠٣ی زایینیدا لەلایەن ئەو پارلەمانەوە پەسند کرا. بەپێی ئەو یاسایە نوێنەرانی پارلەمانی ئەو وڵاتە دەتوانن پشتیوانی لە نوێنەرانی پارلەمانی وڵاتانی دیکە بکەن کە لەژێر گوشار یان قاچاخبوون دان و لەلایەن دەزگا ئەمنییەتی و سەربازییەکانی وڵاتەکەیانەوە مەترسی و هەڕەشەیان لەسەرە. ئەمەش جێی سەرنە کە وڵاتی ئاڵمان لە باسی ئەسڵی سەلاحییەتە جیهانییەکان لە ڕەوتی یاساییدا یەکێک لە هەرە وڵاتە پێشەنگەکانە دادگای مێکونووس و سزادانی تێرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی سەبارەت بە تێرۆری ڕێبەرانی حیزبی دێموکرات نموونەیەکی بەرچاوی ئەو پێشەنگایەتییەیە. مەبەست لەو نووسینە شیکردنەوەی ئەو بابەتەیە کە کەفالەت و وەئەستۆگرتنی سیاسی یانی چی و کاریگەرییەکانی بۆ سەر وڵاتانی دیکە و سیاسەتی نێودەوڵەتی چییە؟

وەئەستوگرتنی سیاسی چەمکێکی نوێیە و هەر وەک گوترا یەکەمجار لە وڵاتی ئاڵمان هاتە گۆڕێ و هەوڵ درا لە حقووقی



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

نێودەوڵەتیدا جێگیر بکرێت. ئەو یاسایە لە سەرەتادا تەنیا بۆ پشتیوانیکردن لە نوێنەرانی پارلەمانتارانی وڵاتانی دیکە بوو، بەڵام ئەو بەرنامە و پلانە گەشەی پێ درا و پانتایی کارایی ئەو چەمک و دەستەواژەیە بەرفراوانتر بوو، و ئەو پشتیوانییە چالاکانی مەدەنی، کۆمەڵایەتی و سیاسی، هونەرمەندەکان و کەسانی دیکەی هێنایە ژێر سێبەری خۆی؛ ئەوانەی وا لەژێر گوشار و مەترسیی دوای دەسبەسەرکران و هەڕەشەی جۆراوجۆر بوون.

وەئەستۆگرتنی سیاسی لە یاسای وڵاتی ئاڵماندا بە مانای پشتیوانییەکی ئەخلاقییە و پشتیوانیی حقووقی ناگرێتە خۆ؛ بۆیە پشتیوانییەکی ڕاستەوخۆی حقووقی بۆ پارلەمانتار لەبەرانبەر کەسی دەسبەسەرکراودا پێکناهێنێ. بە مانایەکی دی وەئەستۆگر (کەفیل)ی سیاسی سەبارەت بەو کەسەی وەئەستۆگرییەکەیی قەبوڵ کردووە، وەک پارێزەرێکی یاسایی لە دادگای فەرمی بۆ بەرگری لە کەسەکە توانای جێبەجێکاریی نییە، بەڵام ئەو هێز و توانایە بۆ وەئەستۆگر هەیە و دەتوانێ بە کەڵکوەرگرتن لە جێگە و پێگەی سیاسی و یاسایی خۆی، ببێتە دەنگی تاکی دەسبەسەرکراو کە لە مەترسیدایە و بە وشیارکردنەوەی بیروڕای گشتی بەنیسبەت دۆخی بریگرتەکەی و بۆ مافەکانی لە ڕێگەی کۆمەڵگە نێودەوڵەتییەکاندا بەدواداچوونی بۆ بکات.

نوێنەری پارلەمان دەتوانێ یەک یان چەند زیندانیی سیاسی هەڵبژێرێ و بە جێگە و پێگەی سیاسیی خۆی بۆ پاراستنی مافی هەڵبژێردراوەکانی هەوڵ بدات و داوا لە باڵوێزخانەی وڵاتی بەردەنگ بکات کە لە دۆخ و چۆنیەتیی پرۆسەی گیران و دادگاییکردنی بریگرتەکەی ئاگاداری بکاتەوە و هەروەها داوا لەم وڵاتە بکات کە هەموو مافەکانی بریگرتەکەی بپارێزێ و بە پێی ڕیوشوێنی دیاریکراو لە جاڕنامەی گەردوونیی مافی مرۆڤ و کۆنڤانسیۆنە نێودەوڵەتییەکان ڕێز لە ئازادییەکان بگرێت و بەزووترین کات بریگرتە یان بریگرتەکانی ئازاد بکرێن و هەڕەشە و مەترسییەکان لەسەریان لابچێت، یان ئەگەر حوکمێکی دژەمرۆیی بۆ دەرکراوە، بە زووترین کات هەڵیوەشێننەوە. کەوابوو وەئەستۆگری سیاسی توانایی بەرگریکردن و جێبەجێکاری لە دادگای فەرمیدا نییە وەک پارێزەری بریگرتە، بەڵام ئەو کاریگەرییانەی کە دەتوانێ لەسەر ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان و نوێنەرانی وڵاتی بەردەنگی دابنێ، زۆربەی کاتەکان زۆر زیاتر لە کاریگەرییەکانی پارێزەرێکی حقووقییە لە سیستمێکی دیکتاتۆردا. ئەوە ڕاستییەکی حاشا هەڵنەگرە کە هەرکات وڵاتێک دەستی بۆ جینایەت یان جینایەتگەلێک برد، کاتێک بووە هۆی دەنگدانەوە لە ئاستی نێودوڵەتیی و مێدیاییدا و کەسانی ناسراو و بەجێگە و پێگەی سیاسی - حقووقی هاتنە سەر هێڵ، ئەو جۆرە وڵاتانە ملکەچ بە پاشەکشە یان گۆڕینی جۆری هەڵسوکەوتیان بەنیسبەت تاکەکان یان هێندێک لە بابەتەکان دەبن؛ چوونکی حکوومەتگەلی وەک کۆماری ئیسلامی هەمیشە لە هەوڵی ئەوەدایە کە ڕواڵەت و ڕوخسارێکی یاسایی و پێبەندانە لەخۆیان پێشان بدەن لە بەرانبەر کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا.



https://serchawe.com

گرینگیی ئەو چەمک و دەستەواژە نوێیانە لەوەدایە کە بێتوو لە هاوکێشە نێودەوڵەتییەکاندا جێ بکەوێ و ببێتە بابەتێکی گشتگیری نێودەوڵەتی لە ئەسڵی سەلاحییەتی جیهانیدا، ئەوکات دەکرێ لەگەڵ بابەتە نێودەوڵەتییەکانی دیکە وەک ئەسڵی جیهانیی دادگاییکردن و وڵامدەرکردن لەبەرانبەر جینایەتە پێناسەکراوەکان لەنێو کۆنڤانسیۆنەکان و جاڕنامە جیهانییەکاندا گرێ بدرێ و هەوڵ بۆ پتەوکردنی هەرچی زیاتری ئەو جۆرە چەمکە نێودەوڵەتییەکان بدرێ و خۆی دەبێتە هۆی پێکانی چەند ئامانج وەکوو چکۆلەترکردنەوەی بازنەی ئەمنییەتی بۆ جینایەتکارەکان، دابەزاندنی ئاستی توانایی خۆشاردنەوەی جینایەتکاران لەبەرانبەر یاسا و چەمکەکانی مافی مرۆڤ و ئازادییەکاندا، بەجیهانیترکردنی پرسە حقووقییەکان لە بازنەی سیاسی و سیاسەتوانانی وڵاتانی جۆراوجۆردا، گرێدانەوە و لکاندنی زیاتری جیهانی سیاسەت و جیهانی حقووق و یاسا بە مەبەستی جێگیرکردنی باشتری ئازادییەکان و پشتیوانیکردن لە ئەسڵ و بنەما ئەخلاقییەکان، گەورەترکردنەوەی سنووری حقووقی و یاساییەکان بە مەبەستی بردنە سەرەی تێچووی ئەنجامی جینایەت بۆ جینایەتکاران و پێشێلکارانی مافەکانی مرۆڤ و هتد.

لە ڕەوتی خەبات و شۆڕشی سێ مانگەی ئەمجاری گەلانی ڕاپەڕیو لە چوارچێوەی وڵاتی ئێراندا بوونی میدیا بەهێزەکان، لەسەر خەتبوونی چالاکە مەدەنی و سیاسییەکان، هاتنەدەنگی بیروڕای گشتی سەبارەت بە سەرکوت، پێشێلکارییەکان و جینایەتەکانی کۆماری ئیسلامی، بووەتە هۆی پاشەکشەکردنی بەرچاوتر لەجارانی دەسەڵاتداران لە تاران و بردنەسەرەی تێچووی دەستبردن بۆ جینایەتە هەمیشەییەکانی. هاوکات بە هاتنە سەرخەتی نوێنەرانی پارلەمانی ئاڵمان بەهۆی یاسای ڕێگەپێدراوی ئەو وڵاتە، کەند و کۆسپێکی زۆرتر هاتۆتە سەر ڕێی جینایەتکارانی ئەو دەسەڵاتە و خۆی ئەو هاتنەدەنگە و وەئەستۆگرتنە سیاسییە بووەتە هۆی لەسەر خەتبوونی زیاتری میدیاکان و چالاکانی سیاسی و مەدەنی وڵاتانی دیکە و وای کردوە ئەو شۆڕشە لە چوارگۆشەی گۆی زەوی دەنگ بداتەوە. هەروەها پارلەمانتارانی وڵاتی ئاڵمان بەپێی ڕادەی دەستئاوەڵەییان دەتوانن پێوەندی بە وەزارەتی دەرەوەی وڵاتەکەیان بگرن و داوا بکەن کە گوشاری زیاتر بخەنە سەر دەسەڵاتی بەردەنگ بۆ وڵامدەربوون لەبابەت بریگرتەکەیان و بۆخۆشیان ڕاستەوخۆ وەک وەئەستۆگر و پارێزەری سیاسی بچنە باڵوێزخانەی ئەو وڵاتە و داوای پاراستنی مافەکانی بریگرتەکەیان و ئازاد کردنی لە زیندان بکەن.

وەئەستۆگرانی سیاسی دەتوانن لە پارلەمانی وڵاتەکەیان بە پێشکەشکردنی گەڵاڵە و پەسندکردنی، داوا لە حکومەتەکەیان بکەن لە بواری سیاسی، بازرگانی، ئاست و ڕادەی پێوەندییە جۆراوجۆرەکانیان لەگەڵ وڵاتی بەردەنگدا پێداچوونەوەیە بکەن یان هێندێک لە گرێبەستەکان ڕابگرن، یان خود هەڵیوەشێننەوە. هەروەها بەپێی سەلاحییەتی جیهانی بۆ بێسزا نەمانەوەی جینایەتە نێودەوڵەتییەکان لەلایەن جینایەتکارانەوە، داوا لە دەزگای دادی وڵاتەکەیان بکەن کە بەشێوەی پاشملە، دادگاییان بکەن و حوکمیان بۆ دەربکەن.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

تا ئەو ڕێکەوتە زیاتر لە ١٠٥ پارلەمانتاری ئاڵمانی کە زۆربەیان لە حیزبەکانی سۆسیال دیموکرات و سەوزی ئەو وڵاتەن ودەتوانن لە بواری ئیجرایی و جێبەجێکاریشەوە زۆر بڕیاری یاسایی و بەجێ بەدژی دەسەڵاتی ئێستای تاران دەربکەن و تەنانەت لە بواری یاساییەوە وڵاتەکەیان پێبەند بە ئەنجامی هێندێک هەڵسوکەوتی کردەیی بکەن. لە جەریانی چەمکێکی نوێی حقووقی یان یاسایی لە ڕەوتی حقووقی نێودەوڵەتی جگە لە چۆنیەتی و ڕادەی باشی، ڕێژە و ئاستی بەشداربووانیش بۆ جێکەوتن و جێگیربوونی گرنگە؛ جیا لەوەی پرسە ئەسڵییەکە دەبێتە بەرچاوڕوونییەکی زیاتر بۆ ڕێڕەوان و پێبەندان بە ئەخلاقیات و مافەکانی مرۆڤ کە لێکەوتەی زیاتر و تایبەت بەخۆی دەبێتەوە و جیا لە گوشارە سیاسییەکان، میدیاییەکان و بیروڕای گشتی لە ئاستی جیهانیدا، خۆی دەبێتە هۆی بەکردەوەکردنی گوشارەکان لەلایەن دەوڵەتان یان وەزارەتی دەرەوەیان و دەزگای دادیان؛ شەپۆلێکی پێکهێنراو لە ئاگایی و لەسەر هێڵبوونی لایەنە جۆراوجۆرەکان کە زۆرجار تەنیا ڕێگەیەک لەپێش دەسەڵاتێکی جینایەتکار و تۆتالیتێر دەهێڵێتەوە، پاشەکشەکردن لەبەرانبەر ئەو لایەنانەیە و ئەوەش دەبێتە هەوێنی پێشڕەوی کردنی زیاتری خەڵک، ویست و داخوازییەکانیان و ڕێکخراو و چالاکە سیاسی و مەدەنییەکان.

دیارە هەر دەسەڵاتێکی جینایەتکار و نابەرپرسیار لەدەسپێکدا لەبەرانبەر ئەو جۆرە ڕەوتە نوێیانەدا هەوڵ دەدات کە هێز و توانایی جینایەتکارانەی خۆی بسەپێنێ و نیشان بدات کە ئەو ڕەوتانە لاوازتر لەوەن کە بتوانن پێش بە ویست و بڕیارەکانیان بگرێت، بەڵام هەر لە ماوەی ئەو یەک مانگەدا بۆ زۆرینەی خەڵک دەرکەوت کە ئەو چەمکە نوێیە لە حقووقی نێودەوڵەتیدا بەهۆی ڕادەی دەستئاوەڵەیی داهێنەران و بەکارهێنەرانی تا چ ئەندازە توانیویەتی کاریگەر بێت و پاشەکشە بە سەرەڕۆییەکانی کۆماری ئیسلامی بکات؛ ئەوەش تا جێیەک چووەتە پێشێ کە ئەندامانی بنەماڵەی دەسبەسەرکراوەکان و چالاکانی مەدەنی بەردەوام لە هەوڵی زیاترکردنی ڕێژەی وەئەستۆگرانی سیاسیدان بۆ زیندانییە سیاسییەکانی ناو سیاچاڵەکانی ئەو دەسەڵاتە. بەشێوەیەک کە لە وڵاتانی دیکە وەک سوئێد، نۆرویژ و بێلژیکیش هەر بە پشتقایمی ئەو ئەسڵە و تاریفە جیهانگرەکەی، هاتوونەتە سەرهێڵ و ڕاستەوخۆ بە کاربەدەستانی دەسەڵاتی ویلایەتی خۆمەینیزم دەڵێن بوەستە! و ئەو وەستانەش بە پشتبەستن بە چوارچێوەی سنووری دەسەڵاتی بەکارهێنەرانی ئەو چەمکەیە کە دەتوانێ شێوازی هەڵسوکەوت لەبەرانبەر سەرەڕۆییەکانی ئەو دەسەڵاتە بەرێتە ناو قۆناغێکی جیاوازتر و جیددیتر.

ماوە بگوترێ کە یەکێک لە دەسکەوتەکانی هەرە گرینگ و بەرچاوی سەرهەڵدانی شۆڕشی ژن، ژیان، ئازادی لە خۆپێشاندانەکانی ئەو ماوەیە بەهۆی کووشتنی بەئانقەستی ژینا ئەمینی، بەکارهێنان و بەتاقیکردنەوەی ئەو چەمکە نوێیەیە لە ڕەوتی یاسا و ڕێسای نێودەوڵەتیدا کە بەشێوەیەکی بەرفراوان کەڵکی لێ وەرگیراوە و بەکارهێنەرانیشی لەم ئەرک وەخۆگرییەدا بەردەوامن؛ ئەو بابەتەش تەنیا نیگەرانی بۆ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ساز نەکردوە و بەدڵنیاییەوە



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

دیکتاتۆرەکانی دیکەی چوارگۆشەی ئەو زەوییەی خستۆتە مەترسییەوە بەنیسبەت بێکاریگەریبوونی لەمەوبەدوای حوکمە دژە مرۆییەکانیان لە دادگا نایاساییەکان.

ئەم بابەتە لە ژمارەی٨٣٨ی ڕۆژنامەی کوردستان بڵاو کراوەتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا – ڕێکەوتی: ١٨ی بەفرانباری ٢٧٢٢ = ٨ی جانیوێری ٢٠٢٣

---

## پرسی فێرکاری و شۆڕشی ژیان لە کوردستان



**حەسەن ساڵحزادە**

لە نوێترین هەواڵەکاندا و بۆ یەکەمین جار لە مێژووی سەرکوت و هێرش بۆ سەر چینی مامۆستایانی ئێران، دەسەڵات ئەمجارەیان شێوازێکی دیکەی بۆ بێدەنگکردنی مامۆستایانی مافویستی کوردستان بەکار هێناوە کە ئەویش دەستبردن بۆ موچەکانیانە. وەک زاندراوە لەنێو پەروەردەی مامۆستایانی پارێزگای سنە و ئەندامانی یەکیەتییە پیشەییەکان، مووچەی ٢٢٠ مامۆستا کەم کراوەتەوە، نێزیکەی ٥٠ مامۆستا لە نیزامی پلەبەندیی مووچە بێبەش کراون، زیاتر لە ١٥ مامۆستا



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

دەستبەسەر کراون، بێجگە لە چەندین حاڵەتی هەڕەشە، بەبیانووی ئەمنیەتی دۆسیەی بەناو قەزایی بۆ دەیان مامۆستا کراوەتەوە و لە ڕەوتی کار و چالاکییە پیشەییەکانیاندا مەرجدار کراون. جێگەی ئاماژەیە کە پێگەی پارێزگای سنە لە بواری بەربڵاویی چالاکییە پیشەییەکانی مامۆستایاندا بەردەوام خۆی لە لوتکەدا دەبینێتەوە، هەربۆیە دەسەڵات بە شێوەیەکی تایبەتی و دوژمنکارانەتر لە هەر شوێنێکی دیکە چاوی لەم ناوچەیە بڕیوە. هەڵبەت دۆخی پارێزگاکانی دیکەی کوردستانیش هیچ لەو باشتر نین و دەسەڵات هەردەم لەسەر پێیە هەتا بەپێی تایبەتمەندییەکانی خۆیان پلانی دوژمنکارانەیان بۆ دادەبڕێژێ و لە ئەگەری بەرزبوونەوەی هەر دەنگێکی جیاواز لە جێدا کپی بکات.

خەبات و تێکۆشانی مامۆستایانی کوردستایان لەمەڕ دەستەبەربوونی ماف و ئازادییەکانیان زیاتر لە دوو دەیەی تێپەڕاندووە و لەم ماوەیەدا جیالەوەی هەوراز و نشێوی زۆری بە خۆیەوە دیوە و خەساری جیددی وەبەر بەشێک لە ئەندامە هەرە دڵسۆز و کاراکانی کەوتووە، لە بەرانبەردا ناکرێ چاوپۆشی لە دەستەکەوتەکانیان بکەین و ئەم ڕۆژانە شوێنەواریان بەڕوونی لە شۆڕشی ژینادا دەردەکەون کە ڕەنگە بەرچاوترینیان هاندان و فێرکردنی قوتابیان بۆ سووربوون لە داوا و مافەکانیان بێت.

لە ڕاستیدا هەر مامۆستایەک وەختێک سەرەتای ساڵەکانی خزمەتی لە شار و گوندە بێبەشکراوەکانی کوردستان دەست پێ دەکا، بە شێوەی سروشتی هەست بەو کەموکووڕی و هەڵاواردنانە دەکا کە دەسەڵاتی داگیرکەر بە سەر پرسی فێرکاری و گەلی ئێمەی هێناوە. جا لێرەدا بەشێک لە مامۆستاکان کە خاوەنی ویژدانێکی زیندوون، هیچ کە لە هەمبەر ئەم سیاسەتە زاڵمانە و چەوتەدا بێدەنگ نابن، بەڵکوو وەک مامۆستایەکی ستراتیژ و ڕێدۆز قوتابخانە دەکەنە مەتەرێزی خەبات و خۆیان لە ڕیزی مامۆستایانی مافخواز و دەروەستی کوردستاندا دەبیننەوە. مامۆستای مافخوازی کورد بەرز و دوور لە پرسەکان دەڕوانێ و ژینی هەڵۆیی دەکاتە سیمبولی ژیانی خۆی و لە مەیدانی کردەوەدا ڕوو لەگەڵی ستەملێکراوی خۆی و پشت بە دوژمنی داگیرکەر هەڵوێست دەگرێ. ئەو ڕاستیەش دوژمنی هەراسان کردووە، بۆیە سزای فرەجۆر بۆ مامۆستایانی کوردستان دەبڕێتەوە.

هەروەک دەزانین، جاران دیکۆراسیۆنی دەرودیواری قوتابخانەکان و کلاسەکانی دەرس بە دڵی دەسەڵات چندرابوو. بۆ وێنە، لە وێنەی فەرماندەرانی قاتڵ و جینایەکارەوە بگرە هەتا دوو گەورە دیکتاتۆری ناحەز - خومەینی و خامنەیی - یان بە قسە بێماناکانیان تێکڕای فەزای قوتابخانە و کلاسەکانیان ناشیرین کردبوو. هەروەها ئەگەر قوتابییەک دەنگی لەمەڕ مافەکانی هەڵبدایە، مامۆستایانی دەستەمۆ یان بەڕێوەبەری قوتابخانەکان بەبێترس و خۆف هەڵیان دەکوتایە سەری بۆ خۆشخزمەتی بە باڵاسەرە جینایەتکارەکانیان، ئێستا و داهاتوویان لێ وێران دەکرد. بەڵام ئەمساڵ، واتە ساڵی خوێندکاری ژینا، ئەم پرسانە چیتر وەک ساڵانی ڕابردوو نەماون. هەڵسوکەوتی دەستەی بەڕێوەبەری قوتابخانەکان، دیکۆراسیۆن،



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ڕادەی چۆنیەتی و چییەتیی چاوەڕوانی لە قوتابیان، دروشمی سەر دەرو دیوارەکان، مژارو بابەتەکان، ڕەفتاری مامۆستایانی دەستەمۆی دەسەڵات یان بەرژەوەندخوازەکان، بەشێک لەو پرسانەن کە دەکرێ جێگەی سەرنج و ئاماژە بن.

دەستپێکی ئەمساڵی خوێندکاری لە ئێران هاوکات بوو لەگەڵ سەرەتای ڕووداوی دڵتەزێنی ژینا، هەر بۆیە ١ی ڕەزبەری ئەمساڵ بە ڕەنگ و بۆیەکی تەواو جیاوازەوە دەستی پێ کرد و جەرگەی قوتابخانەکانی کوردستان تا ئێستاشی لەگەڵ بێ، بەشێکی گرینگ لە ڕەوتی بزوتنەوەی ئازادیخوازنە پێک دێنن. ئێستا کە شۆڕشی ژینا چوارەمین مانگی خەبات و ململانێ تێپەڕ دەکا، ئەوەتا کچان و کوڕانی چاونەترسی کورد تەژی لە ڕۆحی کوردایەتی و ئازایەتی، قوتابخانەکانیان کردۆتە مەتەرێزی بەرگریی لە مافە ڕەواکانیان و بەکردەوە ئاڵای سرودی نەسرەوتن تا سەرکەوتن دەشەکێننەوە و بە دنیایەک هیوا و ئاواتەوە لە داهاتووی گەشی خۆیان دەڕوانن. ئەگەر بە هەندێک وردەکاری تایبەتەوە زیاتر لە قوتابخانەکانی کوردستان وردبیینەوە، بۆمان دەردەکەوێ کە هەر ئێستا شوڕشێکی فێرکاری و خوێندکاری لە ئارادایە کە لە چەندین ڕەهەندەوە نێوەڕۆکی دەسەڵاتی ئیدیۆلۆژیکی خوێنمژی ئاخوندی نیشانە گرتووە. بۆ وێنە:

- دەرو دیواری کلاسەکانی دەرسی بە دروشمی هەمەڕەنگ تا بن میچ بە دروشمی ڕۆژ نەخشێندراون، تەنانەت لە سەر مێز و کورسی مامۆستاکانیش پەیام بۆ مامۆستاکان دانراوە (ئێرە جێگەی مامۆستای باشەرەفە). جێگەی ئاماژەیە قوتابیان بە ڕادەیەک چاونەترسن کە هیچکام لە پێرسنێلی قوتابخانەکان لە خۆیان ڕانابینن دروشمەکان بسڕنەوە.

- کچان لەنێو کلاسەکان و قوتابخانەدا حیجابی داسەپاوی ڕێژیمی خومەینیان فڕێ داوە و چیتر ناخوازن دیلی دەسەڵاتی داعشی ئێرانی بن.

- وێنەی گەورە جینایەتکاران خومەینی و خامنەیی کە جاران سەرتابلۆی کلاسەکان بوون، ئێستا چوونەتە نێو زبڵدانەکان و جێگەی خۆیان داوە بە دروشی "ژن، ژیان، ئازادی."

- لە زۆربەی قوتابخانەکاندا مودیران و ئەندامانی سەر بە دەزگای سیخوڕی (بەسیج و حەراسەت) لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ قوتابیانی بوێری کوردستان دەستەوەستان ماونەتەوە. بە واتایەکی دیکە، ئەم کەسانەش بۆیان دەرکەوتووە کە ئاهەنگی ئازادی نیزیکە و چیتر ناخوازن ببنە دەستەچیلەی ئاگری جینایەتکاران. ئەو مامۆستایانەی دڵ و جوربزەی ئەوەیان نییە خۆیان لە شەپۆلەکانی دەریای ڕاپەڕین بدەن و دەنگیان بخەنە پاڵ دەنگی قوتابیان، کۆنترۆڵی کار لە دەستیان دەرچووە و لەگەڵ دژکردەوەی جیددی قوتابیان ڕووبەڕوو دەبنەوە. تەنانەت لە چەند حاڵەتێک دا مامۆستایان لە ناچاری



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

دا داوای خانەنشینی پێشوەخت دەکەن.

کۆمەڵگەی ئێمە کە ئەمڕۆ لە دژوارترین بارودۆخدا شانازی بە ڕۆڵە چاونەترسەکانی خۆی لە پانتایی قوتابخانەو پرسی پەروەردەدا دەکا، پێویستە لەم بوارەدا دوو خاڵ لەبەر چاو بگرێ: یەکەم لە جیاتی ترساندن و پاشەکشە پێکردن، پێویستە پشتیوانی لە داوا ڕەواکانی منداڵەکانیان بکەن هەتا داهاتوویەکی باشتر لە گەورەکانیان هەبێت، لە هەمان کاتیشدا دەبێ بە چڕی پارێزگارییان لێ بکەن مەبادا دەستی ناپاکیان پێبگات و کارەساتی دڵتەزێنی لێبکەوێتەوە.

دووهەم گەلی ئێمە لە باری پرسی فێرکارییەوە دەبێ خۆی بە قەرزداری ئەو مامۆستایانە بزانێ کە شان بەشانی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان، منداڵانی کۆمەڵگەی ئێمەیان بۆ ڕۆژێکی وەک ئەمڕۆ ڕاهێنا هەتا لە بەرانبەر بە بێ‌ڕەوشت ترین دەسەڵاتەکانی مێژووی مرۆڤایەتی ڕاپەڕن و بۆ داهاتوویەکی باشتر تێبکۆشن.

ئەم بابەتە لە ژمارەی٨٣٨ی ڕۆژنامەی کوردستان بڵاو کراوەتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا – ڕێکەوتی: ١٩ی بەفرانباری ٢٧٢٢ = ٩ی جانێوێری ٢٠٢٣



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# بۆچی کوردستان کۆڵ نادا؟



**ئەلبورز ڕوویین‌تەن**

"کوردستان کۆڵ نادا" زیاتر لە هەشتەگێکی ئەم ڕۆژانەی دونیای مەجازی، هەڵگری ڕاستییەکانی کۆمەڵگەی کوردەوارییە، واتە کۆڵنەدان بۆ وەدەستهێنانی ئازادی دیاردەیەکی نوێ نییە، بەڵکوو سەدان ساڵە بە بەژن و باڵای کوردستان بڕاوە. دوای سەد ڕۆژ لە شۆڕشی ژن، ژیان، ئازادییش دەبینین کوردستان سەرچاوەی سەرەکیی ترسی ڕێژیمە و چین و توێژی جیاجیا هەر بە هەمان هەستی یەکەم ڕۆژەوە بە گوڕ و تینن بۆ بەردەوامیی شۆڕش.

زێدەڕۆیی نییە بگوترێ کەم نەتەوە لە دونیادا هەیە بە قەت نەتەوەی کورد بە درێژایی مێژوو ڕووبەڕووی ژێنوسایدی فیزیکی و فیکری و هەروەها سەدان جۆری دژایەتی و سیاسەتی چەپەڵی لەنێوبردنی هەمە جۆرە بووبێتەوە و، دیسان وەک گڕکانی چالاک بۆ وەدەستهێنانی ئازادی بە دم چاوی داگیرکەردا بتەقێتەوە و ئەو ترسەی بەردەوام لە دڵ و مێشکی دوژمندا دروست کردبێت کە کورد لە پێناو دەستەبەری مافەکانیدا کوڵ نادات.

ئێستاش ئەو گڕکانەی کوردستان زیاتر لە هەر کاتێکی دیکە ئامادەیە بۆ ئەوەی بە تەقینەوەیەکی دیکە، شۆڕشی ژن ژیان ئازادی لە قوناغێکەوە بەرەو قوناغێکی دیکە ببات. بەڵام چی وای کردووە کە کوردستان کوڵ نەدات؟ گەلێک فاکتەری



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

مێژوویی، سیاسی، کۆمەڵایەتی، کۆمەڵناسی، ڕۆشنبیری هەن کە هەر کام لەوان لە بەستێنی جیاوازدا کاریگەریی یەکجار زۆریان هەیە و باس و لێکۆڵینەوەی ئەو فاکتانەش یەکێک لە پێداویستیەکانی ناسینی کوردستان و خەباتە ڕەواکەیین، هەروەها پێداویستیی دانانی پلان و بەرنامەش بۆ داهاتووی کوردستانن.

یەکێک لەو سەدان فاکتانەی کە هەن و لەو بابەتەدا سەرنجی خوێنەری بۆ ڕادەکێشێن، هەڵسوکەوتی بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدانە لە سەد ڕۆژی ڕابردوودا کە یەکێک لە هۆکارەکانی بەردەوامیی شۆڕش و بەڵگە بۆ ئەوەیە کە "کوردستان کوڵ نادات". کاتێک ڕێژیم لاوێکی ڕاپەڕیو یا هەر لاوێکی دیکەی کوردستان دەکاتە ئامانج، یەکەمین ئامانجی نەهێشتنی پوتانسیلی بەرخودان و بەرەورووبوونەوەی ڕێژیمە، دووەم دەیهەوێ ترس و توقاندن کە تایبەتمەندییەکانی هەر دیکتاتورێکە لەنێو کۆمەڵگەدا بڵاو بکاتەوە کە ئەوە سەرئەنجامی ئەوانە کە ڕادەپەڕن و بە شێوەیە دەبنە هۆکارێک بۆ ئەوەی پێش لە چەکی گەرمی ڕێژیم، یەکێک لە چەکە نەرمەکانی واتە ترس و توقاندن کۆمەڵگاو شۆڕش بکاتە ئامانج.

بە درێژایی سەدان ساڵی ڕابردوو و بە تایبەتی سەد ڕۆژی ڕابردووی شۆڕشی ژن، ژیان، ئازادی بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان هیچ کات بە لەدەستدانی ئازیزانیان کە ئازارێکی یەکجار زۆرشیان هەبووە ورەیان نەڕووخاوە، بەڵکوو هەر یەک لەو بنەماڵانەی سەربەرزی شەهیدان بوونەتە کانیاوی ورە بۆ هەموو کۆمەڵگە و لەو کانیاوانەش ڕووباری بەخوڕ هەڵستاون کە بوونەتە شەپۆلی ڕقی پیرۆز بەرانبەر دوژمن و بوونەتە هێزی بەردەوامیی شۆڕش.

لەو ماوەی ڕابردوو ئەو بابەتە کە لەلایەن زۆربەی هەرە زۆری بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان لە کوردستان دیتومانە ئەو ڕاستییە دەسەلمێنێن کە ئەوان بە ورەی بەرزی کە هەیانە، بە هەستی شۆڕشگێڕانە و خۆڕاگری کە هەیانە، لە بەرانبەر ئەو چەکەی دیکتاتورەکان کە دەیانهەوێ ترس و توقاندن دروست بکەن وەک قەڵغانێکی بەهێز ڕاوەستاون و توانیویانە ببنە سەرمەشقی شۆڕش و شۆڕشگێڕان بۆ بەردەوامیدان بە شۆڕش؛ ئەوان ترس دەڕەوێنن و تۆوی ئازایەتی و هیوا و ورە دەچێنن.

بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان نەک ورەیان بەر نەداوە، بەڵکوو لە هەمان کاتدا بە وتار و کرداریان هەوڵ دەدەن ببنە هیوایەک بۆ گەلی زامدار، هەر یەک لەو وشانەی کە بە کاری دەهێنن، لەسەر قەبران، لە کۆڕی هاودەردی و هاوخەمیی خەڵکدا، هەڵێنجراوی مێژووی سەدان ساڵەی کوردن، کە بە بیستنیان دەتوانی تابلوی قارەمانی و حەماسەی مێژووی کورد ببینیەوە، تەنانەت هەستی ئەوە کە بۆچی کورد و کوردستان کوڵ ناداتت بۆت دەردەکەوێ، جا ئەگەر "جەرگی کون کونی" بنەماڵەی سەربەرزی شەهید ئاوا بێت، کەواتە چۆن گەل چۆن خۆڕاگر و بەردەوامیپێدەری ڕێبازی ئەو شەهیدانە نابێت!



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ئەو ڕاستییە تەنیا لەنێو کەسانی گەورەی بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان نا بەڵکوو تەنانەت لە ڕامانی منداڵانی بچووکی شەهیدانیشدا دەبینرێ؛ ڕامانێک کە خۆڕاگرە، ڕامانێک کە هیوایەکی مەزن لەنێو گەلدا دروست دەکات. شەهید ڕێبازی بەردەوامە و، بەردەوامیی ڕێبازی شەهیدیش بەردەوامیی شۆڕش هەتا سەرکەوتنی لێ دەکەوێتەوە.

بەدەر لە هەموو ئەو بەرنامە سیاسییانەی کە لەلایەن هێز و لایەنە سیاسیەکاندا هەیە، جیا لە هەموو ئاجێندایەک کە هەر هێزێکی دیکە بە نیسبەت کوردستان هەیەتی، ئەو ڕاستییەی کە کوردستان کوڵ نادات زیاتر لە هەموو بابەتێک خۆی دەنوێنێ، ئەو کوڵنەدانە کە بەرهەمی خۆڕاگری و قارەمانەتیی ئیرادەی بەرزی کۆمەڵگەی کوردی و بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدانە، زیاتر لەوەش ئاکامی ئەو کوڵنەدانە تەنیا ئامانج و تاکە ئاکامی ئەو کوڵنەدانە، ئازادیی کورد و کوردستانە.

ئەم بابەتە لە ژمارەی٨٣٨ی ڕۆژنامەی کوردستان بڵاو کراوەتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا – ڕێکەوتی: ١٩ی بەفرانباری ٢٧٢٢ = ٩ی جانیۆیری ٢٠٢٣



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# خامنەیی دانی پێدا نا کە سیاسەتی باتوم و سەرکوت شکستی هێناوە



**سایتی پەیام**

عەلی خامنەیی لە دیدارێکدا لەگەڵ ژمارەیەک لە خەڵکی قوم بە ئاماژە بە فەزای مەجازی و ڕاگەیاندنەکان وتی کە لە ناڕەزایەتیەکانی ئەم دواییەدا" دەستی دوژمنی دەرەکی ئاشکرا بوو". ئەو ڕێگای بەرەنگار بوونەوەی لەگەڵ" پڕوپاگەندای لەسەر لاوان جیهادی تەبیین ناوبرد و وتی کە کاریگەری وەسوەسە لەسەر گەنجان ناکرێت بە باتوم چارەسەر بکرێت، تەبیین دەتوانێ لایبەرێت.

چوار مانگە کە خامنەیی و هاوبەشەکانی هەرچیەکیان لە دەست هاتوە کردویانە بۆ سەرکوتی خەڵک و نەیانتوانی شکست بە ناڕەزایەتیەکان بێنن و خەڵک بێدەنگ بکەن. نزیک بە ٥٦٠ ئێعدامی و قەتڵی حکومەتی لە سەرشەقام و لە زیندانەکاندا، بە دەیان هەزار زیندانی و بە هەزاران بریندار عەزمی خەڵکی بۆ گۆڕینی ڕژیمی ئیسلامی و ڕوخاندنی نیزامی ئیسلامی شێلگیرانەتر جەزم کردوە.

خامنەیی و حکومەتی ئیسلامی کە باتوم و چەکیان داوەتە دەست بەکرێگیراوانیان، ئێستا لێیان حاڵی بووە کە دەزگای سەرکوت بە تەنیایی ناتوانێ بارودۆخی سەدە نێوەڕاستیەکان، هەژاری و بێ مافی بەسەر خەڵکدا داسەپێنێ. خامنەیی بە زەینی نەخۆشی خۆیەوە چارەی کاری لە تەبییندا دیوەتەوە. واتە تەبلیغاتی زیاتر، و بەسیج کردنی بەرینتری ئاخوند و دەزگای مەزهەب بۆ ئاوەژوو کردنەوەی ڕاستیەکانی مەوجود و فریوکاری زیاتر.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

بە هیچ ڕادەیەک لە بەسیجی تەلیغی ناکرێت هەژاری زیاتر لە ٧٠ لەسەدی خەڵکی ئێران پاساو بدەیت. بە هیچ ڕادەیەک لە تەبیین و تەبلیغاتی مەزهەبی ناکرێت کۆڵبەرانی کوردستان و سوختبەرانی بەلوچستان قانع بکەیت کە ژیانێکی باش و پیشەیەکی گونجاویان هەیە. هەر وەک ئەوەی کە ناکرێت هەڵاواردنی نیهادینە بوو لەدژی ژنان بەرەو پێش بەریت، بە هیچ تەبیینێک ناتوانی ژنان وەک شارۆمەندی پلە چەندم چاولێبکەیت، یان بیانکەیتە ژنانی ئاشپەزخانە و سەرکوتکراو، و لە مەیدانە کۆمەڵایەتی، ئابووری و فەرهەنگیەکان دووریان بخەیتەوە.

ئێران وڵاتی ئێعدام، ئەشکەنجە، زیندان و بێ مافییە. ئازادییە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکان بوونیان نییە. ئەگەر باتوم و ئەشکەنجە کاریگەر نەبووە، چلۆن دەتوانن بە جیهادی تەبیینی ئیستبداد، گەندەڵی و جەنایەتی ڕژیم پاساو بکەن؟

گرانی، هەژاری، بێکاری، نەبوونی ئەمنیەت کاسەی سەبری خەڵکی لێوڕێژ کردوە. چۆن دەتوانن ئەم گشتە هەژاری و فەلاکەتە بە تەبلیغاتی زیاتری مەزهەبی پاساو بدەن؟ ئەویش لە بارودۆخێکدا کە نەفرەتی خەڵک لە ئاخوندەکان شەپۆل ئەدات لە ئێراندا.

ژینگەی ئێران گەیشتۆتە سنوری وەرشکست بوون و کارەساتی ژینگەیی لە کەمین دایە، ئێوە دەتانەوێ بە دۆعای باران و یان حیجابی ئیجباری ژنان کێشەی کەم ئاوی و وشکەساڵی تەبیین بکەن!

خامنەیی و هاوبەشەکانی باش دەزانن کە حکومەتی ئیسلامی گەیشتۆتە ئاخری خەت و ئیتر نە باتوم و نە تەبلیغاتی ئیسلامی نایەن بە هانایەوە. دان پێدانان بە شکستی سیاسەتی سەرکوت، لە ڕاستیدا دان پێدانانە بە شکست لە حەوزەی تەبلیغات و پڕوپاگەندای مەزهەبیشدا.

چل و چوار ساڵە ئاخوند و دەزگا مەزهەبیەکان بە لەبەردەستدا بوونی بە تەواوەتی هەموو ناوەندە تەبلیغاتی و ئاموزشیەکان وبە سەرفی هەزینەی بە میلیارد دۆلاری نەیانتوانی خورافات و کۆنەپەرستی ئیسلامی تەبیین بکەن، ئێستا چۆن لە سەروبەندی ڕوخاندا تەبلیغاتی ئیسلامی دەتوانێ موعجیزە بکات؟

ڕاستیەکەی ئەوەیە کە دەنگی زەنگی ڕوخانی حکومەتی ئیسلامی لە ئێران و لە ئاستی دنیادا دەنگی داوەتەوە و ئیتر نە جەنایەت و ئێعدام و نە وڕێنەی ئاخوندی، خامنەیی و هاوبەشەکانی لە شکست و شەرمەزاری ناپارێزێت.

سەرچاوە: سایتی پەیام – ڕێکەوتی: ١٠ی جانێوێری ٢٠٢٢



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

# تایبەتمەندییەکانی شۆڕشی ژینا لە ڕۆژهەڵات




**ڕەزا دانشجوو**

شۆڕشی ژینا لە کاتێکدا سەد ڕۆژیی خۆی تێپەڕاند کە خرۆشی دووبارەی شەقام خوێنێکی تازەی ڕژاندە نێو دەمارەکانی شۆڕشەوە و ڕێگای ئازادیی هەموارتر و ڕژێمی تاوانکاری پەرێشانتر کرد. چاوخشاندنێک بەو ڕووداوانەی کە لەم سەد ڕۆژەدا ڕوویان داوە، تاقمێک تایبەتمەندیی ناوازەمان بۆ دەردەخات کە دەتوانێت لە بەهێزکردنی بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی خەڵکی ئێران و کوردستان زۆر کاریگەر بێت.

ئەگەرچی پرۆسەی بزووتنەوەی شۆڕش لەم سەد ڕۆژەدا هەوراز و نشێوی جۆراوجۆری هەبووە، کە ئەمەش لە بەرانبەر دەسەڵاتی تاوانکار و جینایەتکاری کۆماری ئیسلامیدا کە هەر ڕەخنەیەک بە گوللە وەڵام دەداتەوە، تەواو ئاساییە. بەڵام لە هەمان کاتدا دەستکەوتی ناوازەی زۆریشی هەبووە، کە لە گرنگترینەکان دەکرێ ئاماژە بکرێت بە یەکگرتوویی بێوێنەی نێوان گەلانی ئێران، بەشداریی بەهێزی گەنجەکان و ژنان، تێکڵاویی گرووپە جیاوازە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان. وەک گوترا چاوەڕوانی بوونی خەڵک لە شەقامەکان بە شێوەی "هێڵکارێکی هێڵی" بەرەو سەرەوە تەواو ناڕاستە، ڕێژیمی ویلایەتی فەقیهـ هیچ جۆرە نارەزایەتییەک قەبووڵ ناکات، پێویستە مرۆڤ سەبر بگرێت، ئێرە نە "تونس"ە و نە "میسر" ، تەنانەت نە "لیبی". ئەوەی لە شۆڕشی ژینا تا ئێستا دیتراوە "هێڵکارێکی سینوسی"یە بە شەپۆلی نایەکسانەوە. بەپێی بارودۆخەکە،



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

گەورەیی ئەم شەپۆلانە جیاوازە، ئەمە واقیعی شەقامە، کە لەسەر بنەمای هۆکاری جۆراوجۆر دروست دەبێت. خاڵی گرنگ لەم جووڵەدا، مەودای نێوان زۆرترین خاڵ و کەمترین خاڵە، کە کەم و قبوڵ کراوە.

خاڵێکی تری گرنگ ئەوەیە کە بە پێچەوانەی ئەوەی ڕێژیم دەیهەویست بە دۆزینەوەی لوتکەکان هەوڵی ڕاگرتنی ئەم بزووتنەوەیە بدات، ئەم شەپۆلانە بەتەواوی نارێکن و ناتوانرێت هیچ ڕێکخستنێکی بۆ دیاری بکرێت. هەروەک گوترا بەهۆی ئەو بارودۆخە ئەمنییەتییەی کە ڕێژیم دروستی کردووە، زۆرێک لە خۆپیشاندانەکان بەبێ پلانی لەپێشدارێژراوە و سەربەخۆ ڕوو دەدەن، ئەمەش وایکردووە ڕووبەڕووبوونەوەی ڕێژیم تەواو لاواز بێت. کوردستان، وەک پێشەنگی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی گەلانی ئێران، لەم سەد ڕۆژەدا شوێنی خولقاندنی داستانە بێهاوتاکان بووە، کە لە درێژەدا بەکورتی باس لە هەندێک لە تایبەتمەندییەکانی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ڕۆژهەڵات دەکەین.

## یەکگرتوویی ناوازەی خەڵکی ڕۆژهەڵات

بەدڵنیاییەوە دەتوانین بڵێین ڕۆژهەڵات لە هیچ قۆناغێکدا شاهیدی لێکنزیکبوونەوەیەکی لەو شێوەیە نەبووە، چ لە سەردەمی کۆماری کوردستان و ئەو کەشوهەوایەی کە بۆ پەرەپێدانی بەها هاوبەشەکان دروست بووە، چ لە کاتی ڕووداوەکانی دوای شۆڕشی ٥٧ و بوونی خەڵک بۆ بەدەستهێنانی مافە داواکراوەکان، ئەم ڕادە لە پێکەوەبوون هەرگیز بوونی نەبووە. ئاوڕدانەوەیەک لە سەرەتای شۆڕشی ژینا، پاڵپشتی بالادەستی شارەکانی کوردستان بۆ یەکتر، لاپەڕەیەکی زێڕینی مێژووی ڕۆژهەڵاتە. ئەو خەڵکەی کە لە سەختترین ڕۆژەکاندا پێشوازییان لە گوللەی داگیرکەران کرد بۆ ئەوەی خوشک و براکانیان لە شارەکانی تر لەژێر فشاری سەرکوتکردنی ڕژێم بێنە دەر. ئەم دیمەنە دەگمەنە چەندین جار بیندرا، کاتێک شارێکی ڕۆژهەڵات لەژێر فشاری سەرکوتکردن و کوشتاری ڕێژیم بوو، شارەکانی تر شەقامەکانیان خرۆشاند و بەم جۆرە ماشێنی سەرکوتکاری ڕێژێمیان ڕاگرت. جوغرافیایەک کە مرۆڤەکانی بۆ یەکتر دەمرن، شەرەفی مێژووە، ئیلهامبەخشی ئازادی و ژیانبەخشینە.

چاوخشاندنێک بە نارەزایەتییەکانی کوردستان جیا لەو لێکنزیکبوونەوەیە کە لە سەرەوە باسمان کرد، دەمانگەیەنێتە خاڵێکی دیکەی زۆر گرنگ و ئەویش بەربڵاوی جوغرافییەیە کە لە شۆڕشی ژینادا بەشدارە. لە ورمێ تا ئیلام هیچ شوێنێک نییە کە لە شۆڕشی ژینادا ئامادە نەبێت، ئەندامانی یەک جەستە کە بۆ یەکتر دەژین و بۆ یەکتر دەمرن. لە هەمووی گرینگتر بەشداریی ناوازەی بەشێک لە جوغرافیای ڕۆژهەڵاتە کە ساڵانێکە لە سایەی سیاسەتی دژەئینسانیی کۆماری ئیسلامیدا هەوڵی دوورکەوتنەوەیان لە جوغرافیای کوردستان و لەبیربردنەوەی نیشتیمانی دایکیان و بەستنەوەیان بە



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

نیشتمانێک و شوناسێکی دیکە دراوە. ئامادەبوونی مێژوویی شارگەلێک وەک قوروە و بیجاڕ لە سەر شەقام و دووپاتکردەوەی چەندین جارەی پاڵپشتییان بۆ شۆڕشی ژینا، فۆرم و جۆری بەشداری و بەرخۆدانی قارەمانانەی خەڵک لە شیروان چەرداول، سەرابلە، ئابدانان، کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی تەواو ناهۆمێد کرد، دەسکەوتێکی بێوێنەی شۆڕشی ژینا بوو. ئەو شارانەی ساڵانێکە شاهیدی توندترین شێوەی ئاسیمیلاسیۆن و پاکتاوکردنی نەتەوەیی بوون و هەموو جۆرە پیلانێکیان بۆ بێکاریگەربوون لە جوگرافیای کوردستاندا ئەزموون کردووە، ئێستا ئاڵا هەڵگری شۆڕشی ژینا و بزووتنەوەی ئازادیخوازی خەڵکی ڕۆژهەڵاتن. ئەو مرۆڤانەی داستانی نەسرەوتن و بەرخۆدانیان کۆشکی دیکتاتۆری درۆ و سێدارەی لەرزاند، پارچە پارچەی جەستەی نیشتمانێکی خەمگین کە جگە لە باوەشی دایکدا ئارام ناگرن.

## هەماهەنگی نێوان لایەنە کوردییەکان

هاوکاری و هەماهەنگیی لایەنە کوردستانییەکان، چ لە چوارچێوەی ناوەندی هاوکاری چ لە شێوەی کۆبوونەوەی جۆراوجۆردا، توانای زیاتری خستە بەردەستی سیاسەتمەدارانی کوردستان. بە بەراورد شۆڕشی ٥٧ و ساڵەکانی دوای ئەو، نیزیکی و هەماهەنگیی حیزبەکانی ڕۆژهەڵات زۆر باشترە. هەرچەندە بە دڵنیاییەوە خاڵی لاوازیش هەن و دەبێت هەنگاو بۆ چارەسەرکردنیان بگیرێتەبەر، بەڵام ئەوەی گرینگە لایەنە کوردییەکان ڕێگای دیالۆگ و گفتوگۆیان بۆ گەیشتن بە چارەسەرێکی هاوبەش هەڵبژاردووە، ڕێگایەک کە دەتوانێت قورسایی و کاریگەرییان لە داهاتووی سیاسیی ئێراندا زۆر زیاد بکات.

## تێڕوانینی سیاسی لە ڕۆژهەڵات

ئەوەی ناسنامەی بە شۆڕشی ژینا بەخشی و وای کرد لە سنووره جوغرافییەکان تێپەڕێنێت، فۆرم و سروشتی ئەم شۆڕشەیە. شۆڕشێک کە لەسەر بنەما و بەها بەرزەکانی مرۆڤایەتی و دوور لە هەر دروشمێکی سۆزداری دامەزراوە. "ژن، ژیان، ئازادی"، "کوردستان، گۆڕستانی فاشیستان"، "کورد، بەلووچ، ئازەری، ئازادی، بەرابەری"، دروشمگەلێک کە ڕوانگەی سیاسی باڵای خەڵکی کوردستان پیشان دەدەن و ڕێگایەکی ڕوونیان بۆ شۆڕشی ژینا دیاری کردووە ،ڕێگایەک بەرەو دێموکراسی و ژیانی ئاسایی کۆمەڵانی جۆراجۆری خەڵک بەبێ گوێدان بە زمان و نەتەوە و لەسەر بنەمای پێکەوەژیانێکی ئاشتیانە. جگە لەوەش بوونی ژنانی کورد وەک پێشەنگی شۆڕشی ژینا نیشانەی پێگەی ژنانە لە کۆمەڵگای کوردستان و وێنەیەکی ڕوونی دیدگای سیاسی و جووڵەی ڕوو بە پێشەوەی ڕۆژهەڵاتە. خاڵی گرینگ ئەوەیە کە سەرەڕای هەموو هەوڵەکانی ڕێژیم بۆ بەلاڕێدابردنی شۆڕشی ژینا، هەروەها هەندێک قسەی بێبنەمای تاقمێک لایەنی سیاسییە بیرتەسک و



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

پاوانخواز، خەڵکی کوردستان بە جەختکردنەوە لە ناسنامەی نەتەوەیی خۆیان وبە دوور لە هەر کەشێکی سۆزدارییەوە بە ئاراستەیەکی ڕاستدا دەڕۆن و سوورن لەسەر ڕێگا و ڕێبازیان.

ئەم تایبەتمەندییە ناوازانە و پێشەنگیی خەڵکی کوردستان و ئامادەبوونی وشیارانە و ئامانجدارانەیان لە شۆڕشی ژینادا وای کرد خەڵکی بەشەکانی دیکەی ئێران کە ساڵانێک لەژێر دروشمی دوو دەسەڵاتی دیکتاتۆردا وێنەیەکی ناڕاستەقینەیان لە کورد هەبوو، زۆر باشتر لە واقیعی ئازادیخوازیی خەڵکی کوردستان ئاگادار بن. ئەم تێگەیشتن و حاڵیبوونە دەتوانرێت بەباشی لەو دروشمە جۆراوجۆرانەی کە لەم ماوەیەدا دراون بدۆزرێتەوە. ئێستا "جیاییخوازی" و هەوڵدان بۆ چاندنی ئەو عەقڵییەتە لە خەڵکی پارچەکانی دیکەی ئێراندا هەوڵێکی بێهودە و بێئەنجامە و ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی لە هەموو کەس باشتر دەزانن کە قسەکانیان ئیتر هیچ کرێارێکی نییە. خاڵێکی تر کرانەوەی ڕێگایەک بۆ گەیشتنی گوتاری بنیاتنەری خەڵکی کوردستان بۆ زۆرێک لە وڵاتانی جیهانە، ئێستا هەموو جیهان شۆڕشی ژینا بە دروشمی"ژن، ژیان، ئازادی" دەناسێت. دروشمێک کە چەندین جار بە کوردی لەسەر ڕووبەرگی ڕۆژنامە و کەناڵە تەلەفزیۆنییەکان و شوێنەوارە بەناوبانگەکانی دونیا نووسراوە. کوردستان و شارەکانی چەندین جار توانیویانە بگەنە لوتکەی هەواڵە جیهانییەکان و بەناوبانگترین سیاسەتمەدارەکانی جیهان باسیان کردووە، ئێستا قورسایی خەڵکی کوردستان لە هاوکێشە سیاسییەکانی ئێراندا زۆر بەرچاوە و سیاسەتمەدارانی ئەورووپی و ئەمریکیش بە باشی ئاگاداری ئەم بابەتەن.

ئاماژەکردن بە ڕۆڵی ئۆپۆزیسیۆنی کورد لە ئایندەی ئێرانیشدا خاڵێکی گرنگە کە لەوتارەکانی زۆرێک لە سیاسەتمەدارانی بیانیدا دەبینرێت، بۆ نموونە لە پلانی هەندێک لایەنی ئەڵمانی لە پەرلەمانی ئەم وڵاتەدا بەڕوونی باس کراوە کە پێویستە حکومەتی ئەڵمان پشتیوانی لە ئۆپۆزسیۆنی ئێران بە تایبەتی ئۆپۆزسیۆنی کورد بکات. ئەم سەرنجە دەتوانێ زۆر کاریگەر بێت بۆ چارەسەری کێشەی کورد لە ئێراندا. ئاشکرایە کە سەرکەوتنی شۆڕشی ژینا و بەدیهێنانی خواستە ڕەواکانی خەڵکی کوردستان و ئێران بەندە بە پاراستنی ئەو تایبەتمەندییە ناوازانەوە، ئەم تایبەتمەندییانەی کە کۆماری ئیسلامی لێیان دەترسێ و لەوپەڕی نیگەرانیدایە و هەوڵی پەکخستنیان دەدات.

ئەم بابەتە لە ژمارەی٨٣٨ی ڕۆژنامەی کوردستان بڵاو کراوەتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا – ڕێکەوتی: ٢٠ی بەفرانباری ٢٧٢٢ = ١٠ی جانێوێری ٢٠٢٣



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# سەرۆکوەزیرانی هولەند لە چەند تویتێک



**مستەفا شڵماشی**

مارک ڕوتە سەرۆکوەزیرانی هولەند لە چەند تویتێک دا بەدرێژی باسی دیداری لەگەڵ هەیئەتێک لە هولەندیەکانی بە ئەسڵ خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران دەکا، لە لایەن ئەو و وەزیری دەرەوەی هولەند ئاغای هوکسترەوە. ئەو لە تویتەکانی دا دەڵێ:

هەمو جیهان بە نیگەرانیەوە دەڕوانێتە ڕووداوەکانی نێو ئێران. بە کار هێنانی توند و تیژی لە دژی خۆپیشاندەرانی خەڵکی ئێران و ئیعدامکردنی لاوانی خۆپیشاندەری ئێرانی زۆر ناخەژێنە. ئەورۆ من و وەزیری کار و باری دەرەوە ئاغای هوکسترا، پێشوازیمان لە کۆمەڵێک لە هولەندیە بە ئەسڵ ئێرانیەکان کرد. ئەو وێنانە لە سەرکوتی توند و تیژی خۆ پیشاندەران لە لایەن ڕژیمی ئێرانەوە کە بە وان گەیشتوە، دڵی مرۆڤ وەژان دەخەن.

ئەوان زۆر نیگەرانی سەلامەتی کەس و کاریان، هاوڕێکانیان و بە گشتی داهاتوی خەڵکەکەیانن. ئێمەش هاو بەشی لە گەڵ نیگەرانیەکانیان دەکەین. کردەوە دژی مرۆڤیەکانی ڕژیمی ئێران نابێ، بێ سەزا تێپەڕن. بۆیە وڵاتی هولەند هەمو توانای خۆی بەکار دێنێ تا ڕژیمی ئێران لە لایەن یەکیەتی ئوروپاوە بە شێوەیەکی بەربلاو بکەوێتە ژێر گەمارۆی ئابوری بەهۆی پێشێلکردنی مافی مرۆڤەوە.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

هەروەها لە ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکانیش هەمو توانامان بەکاردێنین، بۆ فشار خستنە سەر ڕژیمی ئێران. جگە لەوەش بۆجارێکی دیش سەفیری ئێرانمان بانگ کردوە تا نیگەرانیی جیددی خۆمانی پێ ڕابگەیەنین. نوێنەران و کارمەندانی هولەند لە ئێران و هەرکەسی دیکەش لە ئێران، بە ژن و پیاوەوە، دەبێ بتوانن کەڵک لە هەموو مافەکانی ئینسانیی خۆیان وەربگرن. هولەند بۆ پشتیوانی لەو مافانە لە ڕاددەی نێونەتەوەیی دا بە تووندی هەوڵ دەدا و هەمو هێزی خۆی بەکار دێنێ. زۆر سپاسی ئەو کەسانە دەکەین کە ئەورۆ لە گەڵیان دانیشتین، بە هۆی ئەوەی کە هەموو توانای خۆیان بەکار دێنن تا ئەو هەل و مەرجە نالەبارە لە ئێران دا بگۆڕن.

سەرچاوە: دیواری فەیسبووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ١١ی جانێوێری ٢٠٢٢

---

## وەحشەتی ڕژیم لە هێزی جەماوەر




**سایتی پەیام**

خامنەیی کوشتارەکانی تا ئێستای لەدژی خەڵکی ڕاپەڕیو بە کافی نە زانیوە و "حسێن ئەشتەری" فەرماندەی هێزە ئینتیزامیەکانی لابردوە و بە جێگای ئەو، پاسدار "ئەحمەد ڕەزا ڕادان" ی دانا. "ئەحمەد ڕەزا ڕادان" بە بەدنێوی لە سەرکوتە وەحشیانەکانی دە ساڵی ڕابردودا ناودارە. هاوکات لەگەڵ ئەم جێگۆڕکێیە لە دەزگای سەرکوتدا، خامنەیی جارێکی تر تێکۆشەرانی ژن و پیاوی سەرنگونی تەڵەبی بە "خائین" ناو برد و خوازیاری توندترکردنەوەی وەحشیگەری ئێستا لەسەر شەقامەکان و زیندان لە دژی ئەوان بوو.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

خامنەیی جەللاد چاوەڕێیە کە کوشتار لە سەر شەقامەکان و ئەشکەنجەی وەحشیانە و قەتڵە حکومەتیەکان لە زیندانەکاندا زیاتر بێت و هیچ پاشکشەیەک لە کردەوە دڕندانەکانی مەوجود دا ڕوو نەدات. ئەم جێگۆڕکێیەش لەم پێوەندیەدا بەدیهاتوە. بەڵام هەمان خەڵکی شۆڕشگێڕ لە کەرەج دیمەنێکی شکۆداری تریان لە تێگەیشتویی و بوێری خوڵقاند.

ڕۆژی یەکشەممە دەنگۆی ئەوە بڵاو بۆوە کە، "محەممەد قوبادلو" و "محەممەد بروغەنی" دوو زیندانی سیاسی مەحکوم بە ئێعدامیان بۆ ئیجرای حوکم ڕەوانەی سلولی تاکەکەسی کردوە. لە ناکاو ژنان و پیاوانی تێکۆشەر کە ماوەیەک بوو لەکاتی گونجاودا، و لەوانە لە شەودا، لەگەڵ سەرکوتگەرانی ڕژیم بەرەوڕوو دەبوونەوە، لە تاران و کەرج لەگەڵ بنەماڵەی ئەو دوو زیندانیە ڕژانە سەر شەقامەکان و بەرەو زیندانی ڕەجایی شار کەوتنە ڕێ. حکومەتی قاتڵان توشی ترس و هەراس هات و میزان، هەواڵنێریی قوەی قەزاییە شەوی دووشەممە ڕایگەیاند کە لە ئێستادا قەرار نییە زیندانیانی سیاسی نابراو ئێعدام بکرێن.

حەرەکەتی بوێرانەی تێکۆشەران لە ڕاگرتنی ئێعدامی دوو کەس لە ڕۆڵە ئازاکانی خەڵک، واتە "محەممەد قوبادلو" و "محەممەد بروغەنی"، لە نێوخۆ و دەرەوە دەنگدانەوەی بەرین و ئیلهام بەخشی هەبوو. سەرانی ڕژیم دوای حەرەکەتی هێرشبەرانەی ژنان و پیاوانی شۆڕشگێڕ چنگ و ددانی دیکەی نیشاندا. جێگری دادستانی گشتی ئێران ڕۆژی شەممە، ٢٠ ی مانگی بەفرانبار، ڕەچاو نەکردنی حیجابی ئیجباری بە" تاوانێکی ئاشکرا" ناوبرد و وتی بۆ پۆلیس بەخشنامە کراوە تا لەگەڵ بێ حیجابیدا بەرخوردی بە ناو قاتع بکەن. بەڵام کاربەدەستانی ڕژیم ئەگەر دیدەی بینایان هەبوایە ئەیانبینی کە خەڵک کەم کەم دەستیان کردوە بەوەی لە بەڕیوەبردنی وڵاتدا دوور ببینن. ژنانی تێکۆشەر ماوەیەکە لە هەموو ئەو خەبات و تێکۆشانەدا کە لە یەکسەد و شازدە ڕۆژی ڕابردودا بە پانتایی ئێران لە دژی ڕژیم بەرەو پێشیان بردوە بە پۆشینی ئازاد و هەڵبژادەی خۆیان بەشداریان کردوە و بێ گومان لە داهاتوشدا هەر ئەوکارە دەکەن. ژنانی پێشڕەو و بوێر نە تەنیا لە کۆڕوکۆمەڵە گشتیەکاندا تەنانەت لە هێندێک لە ناوەندەکانی کاریشدا بەبێ حیجاب دەرکەوتون.

سەرجەم دیاردەکان دەرخەری ئەوەن کە درێژەی خەباتی شۆڕشگێڕانە، بەرین و قوڵبوونەوەی، هەڕەشەکانی خامنەیی و فەرمانەکانی دادگوستەری گشتی دەکەنە بلقی سەرئاو. سەرۆکی نەزانانی جەللاد و کاربەدەستانی خاوەن ئیختیار دەبێ بە جێگای قسەی بێ بنەما و دەرکردنی ئەو دەستور عەمەلانەی کە دیان ساڵە ئیمکانی دەستەبەربوونیان نەبووە، بەشوێن حەشارگەیەکدا بگەڕێن بۆ خۆیان. لەبەر ئەوەی خەڵکی تێکۆشەر خەبات و کێشمەکێش لەگەڵ هێزە سەرکوتگەرەکانی کردۆتە بەشێک لە ژیانی. لە بەرانبەردا هێزە سەرکوتگەرەکان دەبێ شەو و ڕۆژ ئامادەی بەرەنگاربوونەوە و هێرش لەدژی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

خەڵکی خەباتکار بن، کە بە گرتنەبەری تاکتیکی جۆراوجۆر و نوێ ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ فەرسودە و بێتواناتریان دەکات.

بێتوانا و بێ کردارکردنی هێزە سەرکوتگەرەکان ئیمکانی ئەوە فەراهەم دەکات تا خیابان بکەوێتە دەست ژنان و پیاوانی خەباتکار. ئەمنبوونی ڕێژەیی شەقامەکان دەرفەتی ئەوە دەخوڵقێنێ تا بە ملیۆن کەس لەو شارۆمەندانەی کە بۆ ڕوخاندنی کۆماری ئیسلامی لەحزەژمێری ئەکەن ڕاستەخۆ بەڕیزی ئەم خەباتەوە پەیوەست بن. لەگەڵ بەهێزکردنی شۆڕش بوار بۆ پەرەسەندنی مانگرتنی توێژە جۆراوجۆرەکانی وەک کەسەبە و چینی کرێکار فەراهەم تر دەبێت. ئەمە بە گشتی دەبێتە هۆکاری ئەوەی کە ڕێکخستنە تازەکان بەهێز بن و لەگەڵ ڕێکخراوەکانی موبارزاتی، کرێکاری و سیاسی - شۆڕشگێڕانەی پێکهاتو لە پێشتردا لێک هەڵپێکرێن. لە ئاوا بارودۆخێکدا ڕێبەرانی ئێستای خەبات و مانگرتن لە ئاستێکی بەریندا بە خەڵک دەناسرێن. گشت ئەمانە وەک ڕووبارێکی خورۆشاو یەک دەگرنەوە و دەمودەزگای جەهل و خورافەی کۆماری ئیسلامی بە گۆڕستانی مێژوو دەسپێرن.

سەرچاوە: سایتی پەیام – ڕێکەوتی: ١١ی جانێوێری ٢٠٢٢



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# یەکگرتوویی کورد یانی چی؟



**میرۆ عەلیار**

لەمێژە باسی پێداویستیی یەکگرتووبوونی کورد دەکرێ، بەتایبەتی دوای سەرهەڵدانی ڕاپەڕینی ژینا، بەلام جاروبار وا دەردەکەوێ کە بۆچوونەکان سەبارەت بە جەمکی "یەکگرتوویی" جیاوازن.

یەکگرتوویی تەنیا ئەوە نیە شەڕی یەکتر نەکەی، بێڕێزیی بەیەکتر نەکەی و لە دەوری یەک کۆ ببیەوە و دۆخی سیاسی لێکبدەیەوە.

هەروەها، یەکگرتوویی مانای ئەوەش نیە کە وەک هێزەکانی ئۆپۆزسیونی ناوەندی پڕشووبڵاو و لەگەڵ یەکەتر ناکۆک و ناتەبا نەبی و "تضاد آشتی ناپذیر"ت نەبێ! ئاخر زۆر جاران دەگوترێ کە بەپێچەوانەی حیزب و ڕێکخراوەکانی فارس، حیزبەکانی کوردستانی تەبا و یەکگرتوون. بەڕاستی ئەوە شانازێکی گەورە نیە وەک ئەوان نەبێ!

پاشان، ئەو قسەیە تەنیا بەشێوەی ڕێژەیی دروستە، دەنا ئەو یەکگرتووییەی حیزبە کوردستانیەکان بەهیچ جۆر وڵامدەرەوەی بارودۆخ و پێداویستییەکانی خەباتی ئەورۆ کورد و ڕاپەڕینی ئێران نیە.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

ڕاستە کە ئەوڕۆ حیزبەکانی ئێمە ناتەبا نین، لە ململانە و کێشەی ڕووخێنەر لەسەر هیچ وازیان هێناوە ودژ بە یەکتر هەڵویست ناگرن و بەهاسانی دەتوانن لەگەڵ یەکتر دانیشن و لەسەر پرسە سیاسییەکان بیرورا بگۆڕنەوە و لێرەو لەوێ بەیانی هابەش بدەن. ئەوە هەنگاوێکە بەرەوپێش و جێگای دڵخۆشییە و تا ڕادەیەکی زۆر پێگەیشتوویی (بلوغ) سیاسیی حیزبەکانمان دەگەیەنی و دەبێ بیپارێزین و پەرەی پێبدەین، بەڵام بەوەندە دەسکەوتی سیاسی و سەرکەوتن دابین ناکرێ. ئەو حاڵەتە "شرط لازم" بەڵام "کافی" نیە.

یەکگرتوویی وەک هەموو چەمکێکی سیاسی دیکە، مانا و ناوەرۆکی خۆی هەیە: یەکگرتوویی یانی بوونی ئیرادەی هاوبەش بۆ گەیشتن بە ئامانجی هاوبەش، پلانی هابەش، ستراتیژیی هاوبەش، گوتاری هاوبەش و بوونی بەرە و دامەزراوەگەلی هاوبەش لە مەیدانی کردەوە دا.

ئایا ئێمە لەو قۆناخە داین! ئایا حیزبەکانمان بۆ ئەگەری ڕووخانی ڕێژیم و ئیدارەی کوردستان دوای کۆماری ئیسلامی هەیا دەگاتە بارودۆخی هەڵبژاردنی ئازاد و دیموکراتیک، پلانی هاوبەشیان هەیە؟ بەرنامەیان بۆ ئەو قۆناخە داڕژراوەی ئێستا چیە؟ ئایا لەسەر نەخشەڕێگا و گوتارێکی هاوبەش بۆ وتوویژ و هاوکاریی و پێکهێنانی کۆبەندیی و ئالترناتیف لەگەڵ لایەنە جیاوازەکانی ئوپوزسیونی ناوەندگەرا ساغ بوونەتەوە؟ یار و نەیارەکانمان دیاریی کراون؟ پلان و پەیامی هاوبەشی حیزبەکانمان ڕوو بە وڵاتانی خاوەن بەرژەوەندیی لە ئێران دا (دەرەکی و ناوچەیی) چیە و دیپلوماسیێکی ڕوون و واقعبینانەی کوردمان هەیە کە چمان دەوێ و ئەگەر سبەی ڕۆژێ ئەو وڵاتانە گەیەشتنە ئەو باوەڕە کە دەبێ بۆ ڕووخانی کۆماری ئیسلامی یارمەتیی سیاسی بە ئوپوزسیونی ئێرانی بدەن، ئەوکاتە کورد دوای ئەو هەموو فیداکاری و ماندووبوونە نەکەوێتە پەڕاوێزەوە و بەهۆی ئامادەنەبوونی حیزبەکان، ڕەنجبەخەسار نەبێ؟

**پشتبەستن بە دوو پرس دەتوانێ کورد تووشی تەوەهومێکی کوژەر بکات:**

١- لە ئاڵووگۆڕەکانی ئەو جارە دا بە کۆمەڵێک هۆکار، وێدەچێ هیچ لایەنێکی ئوپوزسیون نەتوانێ دەست بەسەر شۆڕشی خەڵک و دەسکەوتەکانی دا بگرێ و هیچ لایەنێک ئەوەندە بەهێز و خاوەن پێگەی کۆمەڵایەتی نیە کە بتوانێ بەتەنیا دەسەلات بەدەستەوە بگرێ و دەوڵەت پێکبێنێ، بەڵام ئایا بەڕاستی دڵمان بەوە خۆش کردووە و دەبێ پاڵی لێبدەینەوە؟ ئەوە سیاسەتە، لە چاونووقاندنێک دا دەتوانێ فاکتور و هاوکێشەکان بگۆڕن و حاڵەتێکی تەواو پێچەوانە و چاوەڕواننەکراو بێتە گۆڕێ و کورد لەبەر ئامادەنەبوون هیچ مافێکی پێ دەستەبەر نەکرێ. نەیارەکانی کورد دوای کۆماری ئیسلامی بە کەم نەگرین!



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

٢- ئەو باوەڕە کە خەڵکی ئێمە وشیار و خەباتگێڕن و کوردستان حیزبگەلی ناسراو و ڕیشەدار و خاوەن نفووزی خۆی هەیە و پشتئەستوورن بە پشتیوانیی خەڵکی کوردستان و حیزبە کوردستانیەکان خاوەنی هیزی پێشمەرگن (بەداخەوە هەتا ئێستا هەر حیزبەی بۆخۆیەتی و هیزێکی نیشتمانی بە مانای یەکگرتوو و لەژێر یەک فەرماندەییمان نیە) و ...

بەبڕوای من، خاڵی یەکەم بەڕواڵەت و خاڵی دووەم بەواقیع ڕاستن. بەڵام مێژووی خەباتی نەتەوەی کورد و بەتایبەتیی بەلەبەرچاوگرتنی ئەو هەڕەشانەی لەسەر کورد بەدی دەکرێن، دەیسەلمێنێ کە هیچکام لەوانە نابێ ببێتە هۆی دڵنیاییمان.

بەڵێ، ئەگەر کورد بەو مانایەی لەسەرەوە ئاماژەی پێکرا، یەکگرتوو و ئامادەی بەرەنگاربوونەوەی هەڕەشە و ئەگەرە نەخوازراوەکان بێ، دەتوانێ پشت بەو دوو فاکتورەی باس کران، ببەستێ و لانیکەم بەشێک لە ئامانجەکانی خۆی وەدی بێنێ.

دەنا ئەگەر ئامادە نەبین و پلان و ستراتێژیی هاوبەشمان نەبێ، ئەوکاتە نابێ گلەیی لە کەس بکەین کە بۆچی چەرخەکە بە دڵی ئێمە نەگەڕا!

ئەوە تەمابڕاویی نیە، بەڵکوو نیگەرانییە. ئەگەر کەسێک جۆرێکی دیکە بیر دەکاتەوە و بەڵگەی سەلمێنەری بۆ ڕەتکردنەوەی بۆچوونەکانی نووسەری ئەو دێڕانە هەیە، زۆرم پێخۆشە گوێی بۆ ڕاگرم و بیبیستم.

سەرچاوە: دیواری فەیسبووکی نووسەر – ڕێکەوتی: ١١ی جانێوێری ٢٠٢٣



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# سیستمی کۆنفیدڕاڵی باشترین بژاردەی چارەسەرکردنی پرسی فرە نەتەوەیی لە ئێراندا!



محەممەد سلێمانی

ڕەزا پەهلەوی لە ماهیەتیدا نیە قبووڵی فرە نەتەوەیی بوونی وڵات بکا و شێوەی بیرکردنەوەی هاوشێوەی ڕێژیمی ئاخوندیە و وەختێک هەر وەک ڕابردوو بە یەک وڵات و ئاڵا و نەتەوە خۆی گرێداوە، نیشانەوەی ئەوەیە کە زەمینەی ئەوەی تێدا نیە مەرجی هێزە تێکۆشەرەکانی ڕۆژهەڵات لە بەرچاو بگرێت.

ئەو زاتە گەلێک جار زمان فەلسەفی دەکا و ڕایگەیاندووە کە باوەڕی بە ئێرانێکی دێمۆکراتیک هەیە، بەڵام وەختێک باس دێتە سەر خوێندن و نووسین بەزمانی دایک بەداخەوە ئەو نارەسەنەش بە گاڵتە جاریەوە دەڵێت: سەری لەو مەسەلەیە دەرناچێ و چۆن دەکرێت لە وڵاتێکدا چەند زمان هەبێت. بەوەش ناوەستێ و زیاتر ڕووی شۆڤێنیزمانە دەر دەخات و ئەوە بە کێشەیەکی گەورە بۆ لێک تێگەیشتن و هاوکاری لە بەڕێوەبردنی وڵات دەزانێ.

نەموونەش بەوە دێنێتەوە کە وەختێک ئەندازیارێک پردێک چاک بکات، پێێوایە کێشە لێک حاڵی بوون دروست دەبێت و ئەگەر کەس لێک تێناگات. وەختێک سەیری ئەو ڕوانینەی دەکرێت، مرۆڤ باشتر لە نیەت خراپی یان تێدەگا و دیارە هەر لە ئێستاوە خۆیان لە پرسی فرەنەتەوەیی بوونی ئێران دەزنەوە و دەیان هەوێت بە هۆکاری بێ بنەما وڵاتێک بەڕێوەبەرن لەسەر چەشن و فۆڕمی باوباپیرانی و میراتی ڕێژیمی ئاخوندی ئێرانی داهاتوو ئیدارە بکات.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

کوڕی شای لە دەسەڵات کەوتوو دەمێکە ژێر بەژێر خەریکی پیلان گێرانە بە دژی بزووتنەوەی دیمۆکراسیخوازی لە ئێراندا و هەوڵی خۆیان بەگەڕخستووە کە دەستەی دامەزرێنەری حکوومەت لە تاراوگە، بە بێ ئاگاداری نوێنەری نەتەوەکانی وڵات پێک بێنێ و بەوجۆرە بۆ جارێکی دیکە بە زیندووی تەڵقینی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی سەرانسەری بدات.

لە ماوەی ڕاپەڕینی نەتەوەکانی بندەستی ڕێژیمی ئاخوندیدا، بەردەوام گوێ بیسی هەواڵ و لێدوانی سەیر و سەرنج ڕاکێشین لە هەمبەر داهاتووی سیاسی ئێران پاش ڕوخانی ئەو دەسەڵاتە.

هەڵوێستی سەڵتەنەتخوازەکان جگە لە خۆبواردنیان پرسی فرەنەتەوەیی بوونی ئێران و حاشاکردن لەو چەمکە گرینگەی ئێران وەک پێک هاتەی فرەنەتەوەیی، هەر وەک ڕابردوو بیر دەکەنەوە وسەیری ڕووداوکان دەکەن.

ئەو فارسە شۆڤێنیستانەی باوەڕیان بە فرە نەتەوەیی بوونی ئێران نیە، هاتوون لەسەر بنەمای ٢٥٠٠ ساڵەی سیستەمی کۆنەپەرستی و ستەمی سیاسی و نەتەوەیی بەدوور لە ئیرادەی گەلانی وڵات، خەریکەن نەخشەی حکوومەتێکی تری دیکتاتۆری بەسەر ئیرادەی گەلانی ئێراندا بسەپێن و ئەوەش لە نەوحی خۆیدا درێژەدانە بەو سیاسەتەی لە کوردستان بە دژی گەلی کورد پەیرەو کراوە لە ڕابردوو و ئێستاشدا.

ڕەزا پەهلەوی لە پشت پەردەیدا هەنگاوی زۆر مەترسیداری گەڵگرتووە بەدژی گەلانی ئێران، کاتێک دەسەڵاتی نیە ئەوە بکات، ئەی ئەگەر لەسەر شانی گەلانی وڵات بگاتە لوتکەی بڕیاری سیاسی چ دەکات!

بنەماڵەی شای دەستەیەک لە سیاسی و ماستاوچیەکانی وڵاتیان لە دەوری خۆیان کۆکردۆتەوە کە ڕوانینی سیاسی و کۆمەڵایەتی یان بەتەواوی پێک دەچێت و لەسەر ئەوەی کۆکن کە بڵێن یەک نەتەوە و ئاڵا و وڵات.

بێگومان ئەو تێ فکرینە سیاسیەی هاوبیرانی پەهلەوی جیاوازیەکی ئەوتۆی لە گەڵ خوێنمژانی ئەمڕۆدا نیە و، بگرە زۆریش لەوان مەترسی دارتر دەبن بۆ سەرداهاتووی سیاسی و نەتەوەیی ئێران.

لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی و کۆڕوکۆبوونەوەیان لە گەڵ کۆمەڵگای دەرەوەدا بە ڕوخسار و بیرکردنەوەی تر خۆیان دەنوێنن، تا بتوانن بەو ڕێگایەدا حوکمڕانی بەسەر چارونووسی گەلی کورد و گەلانی تری ئێراندا بکەن و بە هۆقەبازیەکی تر مافەکانمان پایەماڵ بکەنەوە.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

بەخۆشیەوە ئەمڕۆ لە نێو گەلانی پێک هێنەری ئێراندا ئەو وشیاریە سیاسی و نەتەوەییە بە جۆرێک گەشەی کردووە کە لێ ناگەڕێن لەو گەمە سیاسیە نوێیەدا بقیچێن و مایەپووچ و سیاسیەکی قیچا و کە خەڵک تاج و تەختی یان بەر لە ٤٣ لە زەویدا کێشاون، ببنەوە مەترسی و بێن حوکمڕانی وڵات بگرنەوە دەست.

ئێمەی کورد زۆرمان دەست بەزمان و پێشمان بە ڕۆشنبیرانی کورد دەگرت کە کارێک نەکرێت، یەکریزی نەتەوەیی و هاوپشتی گەلانی وڵات تێک بدات و با جاری بزانین ئەوانیش چۆن دەڕوانە ڕووداوەکان و چیان لە هەگبەیدایە بۆ داهاتووی وڵات.

بەداخەوە شاپەرستەکان سەبارەت بە ماف و ئازادی گەلان جیاوازیان لە گەڵ ڕابردووی خۆیان نیە و لەو بارەوە بەهەق لە ڕێژیمی ئاخوندی کەم ناهێنن و لە ژێر دروشمی ئازادی و دێمکڕاتیکدا دەیان هەوێت بیروڕای گشتی نێوخۆ و دەرەوە لەسەر خۆیان بەلارێدا بەرن تا دەگەنەوە دەسەلات.

کەلی کورد و هێزە تێکۆشەرەکانی ڕۆژهەلاتی کوردستان لازمە بۆ ئەو مەبەستە و داهاتووی سیاسی وڵات لە گەڵ ئەو نەتەوە و هێزە سەرانسەریانەی ئێران دابنیشن  کە باوەڕیان بە فرە نەتەوەیی بوونی وڵات هەیە و لاریان نیە لە پێک هێنانی عکوومەتێکی دیمۆکڕاتیک و فیدڕاڵ.

ناکرێ لە بەرخاتری دراوسێی نارەسن و، دوژمنی خوێن و خاک، هەرچاوەڕێ بکرێ و نێومالّ و ژیانی سیاسی و کۆمەلایەتی خۆت ڕێک نەخەی، خێلّی ڕەزا پەهلوێ چاویان بە ڕووداوە سیاسی و شۆڕشگێڕیەکانی ڕۆژهەلاتی کوردستان هەلنایەت و،  ئێستاش ئەگەر ئالای کوردستان دەبینن واقیان وڕدەمێنێ و دووچاری سەرسوڕمان و توندئاژۆی دەیانگرێ.

دیتمان ئەو نەتەوەیی بەتەواوی بە پشتیووانی لە ڕاپەڕینی  شارەکانی کوردستان هاتە مەیدان و خوێنی لێ دەچۆڕا گەلی خەباتگێڕی بلوچستان بوو.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران  وەک هێزێکی دیار و شوێندانەر لازمە زیاتر لەو پەیوەندیەدا بێتە مەیدانێ و دەرکەوتووە کە سەڵتەنەتخوازەکان هیچ باوەڕێکیان بە فرە نەتەوەیی بوونی ئێران نیە و ئەوان لەسەر پنجی خۆیان بەسیسی سەوزبوونەتەوە و با کورد نە بێتە هۆکاری  گەشەکردنەوەیان.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

جێگای خۆیەتی سیاسی و ڕۆشنبیرانی کورد لە پەیوەندی لە گەڵ دامەزراندنی حکوومەتی نوێ لە دەرەوە لە لایەن ڕەزا پەهلەوی ، جگە لە بڵاو کردنەوەی زانیاری لەسەر ئەو هەنگاوە، خەڵکیش بزانێ کە مەترسیەکان زۆرن بۆسەر بزووتنەوەکەمان و گەلانی پێک هێنەری ئێران.

کاتێک کە باس دێتە سەر ڕووخاندنی ڕێژیمی تیرۆریستیی ئاخوندی و پرسی سیاسی و نەتەوەیی لە ئێراندا، بەشێک لە بژاردە و فکرخۆشەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە ئائومێدییەوە ڕوانینی خۆیان دەردەبڕن لەبارەی پێشهات و ئەگەری گۆڕانکاریی گەورە لە ئێراندا.

دیارە ئەو نیگەرانی و دڵەڕاوکەیەش بەدڵنیاییەوە هەر لە خۆیەوە سەر هەڵناداو و بەرئەنجامی ئەو بارودۆخەیە کە لە دەرەوەی وڵات، پاش سەرهەڵدانی ڕاپەڕین و شۆڕشی نوێ بەدژی ڕێژیمی ئاخوندی لە ئێراندا سەری هەڵداوە، هاتۆتە ئاراوە.

١- زۆرێک دەۆرسن ئاخۆ بڵێی شۆڕشی کوردستان ئەو جارە بتوانێت شتێک بۆکورد بکا و مافەکانی زامن و دەستەبەربکات لە ئێرانێکی کۆنفیدراڵی و دیمۆکراتیکدا؟
٢- یان ئەوەتا بەشی کورد هەر ئەوەیە کە ژێردەستە و بۆ پاراستنی بەرژەوەندیی خەڵکی تر لە گەمەسیاسییەکاندا بەشداری بکات و دەرفەتی ئەوەی نەبێت بپەرژێتە سەر ئامانجی ئەو خەباتەی کە لە مێژساڵە بە دژی داگیرکاری و ستەمکارەکان لە کوردستان بەڕێوەی دەبات؟

هگەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەزموونی زۆر ناخۆشی سەبارەت بە جووڵانەوەی سیاسی و بزووتنەوەی کورد بەگشتی و هەڵکەوتە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی شۆڕشەکانی کوردستان هەیە. زۆر جار مێژوو بەسەرکورددا دووبارەبۆتەوە و قەدەری ئەو گەلە جۆرێک بووە، نەتوانێت دەستکەوتە بەدی هاتووەکانیشی وەک پێویست بەهۆی ناکۆکی و دژایەتییە نێوخۆیەکانی بپارێزێت.

ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ئێستادا بە بار و دۆخێکی هەتا بڵێی هەستیاردا هەنگاو دەنێ و، لە هەموو وەختێک زیاتر نیازی بە هاوپشتی و کۆدەنگیی سیاسی و کۆمەڵایەتیی نێو خۆیی هەیە و ڕێبەرانی سیاسی بەتەواوی دەبێت ڕەچاوی بەرژەوەندی گشتی کورد بکەن و بەتەنیا سازان و ڕێککەوتن زیانی گەورە بە شەقامی سیاسی کوردستان دەگەیەنێت.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

یەکگرتنەوە و لێک نزیکتر بوونەوەی هێزەکانی ئەو بەشەی کوردستان، ئەو دەرفەتەی بۆ کورد دێنێتە ئاراوە کە بتوانێت بە هێزتر لە گەڵ گەلانی تری وڵاتدا سەبارەت بە پرسی نەتەوایەتی، قسە و دیالۆگ و گفت و گۆی ئەنجامبدات و، مەرجەکانی خۆی جێگیر بکات.

مەبەستی ئەو چەند دێرە هەرگیز ئەوەنییە کە دژی لێک نزیکبوونەوەی هێزێکی کورد لە گەڵ حیزبێکی غەیری کورد دابین لە ئێراندا. ئەوەی لێرەدا کاکڵی باسەکەیە و مەبەستمانە باسی بکەین ئەوەیە کە پەیوەندەیەکانیان لە گەڵ هێزە ئێرانییەکانی تر دا، لەسەر ئەساسی بەرژەوەندیی ستراتیژیی نەتەوەیی بەردی بناخەی بۆ دابنرێت، کە ئەوە خاڵەش شتێکی گەلێک جەوهەری و باش و زۆر بەسوودە بۆ پرۆسەی سیاسی داهاتوو.

بەڵام ئەگەر بێت و لادان لەو چەمکە فیکرییە رووبدات و پێمان وابێت موجاهیدین یان سەڵتەنەتخوازەکان دێن و هاسانکاری بۆ بەرەسمی ناسینی مافی سیاسی گەلی کورد دەکەن، ئەوە هیچ کاتێک پێی ناگوترێت پەیوەندیی ژیرانەی سیاسیی هێزێکی تێکۆشەری کوردستان لەگەڵ هێزە ئێرانییەکانی تر.

ئەو جار کورد دەبێت هەوڵی دامەزراندنی کۆنفیدراڵی لە داهاتووی ئێراندا بدات و دەستووری نوێی وڵات، بەجۆرێک ئامادە و تەنزیم بکرێت کە زامنی پاراستنی مافی نەتەوایەتیی گەلانی بەتەواوی تێدا رەچاو کرابێ و، دەرفەتی بووژانەوە و سەرهەڵدانەوەی حکوومەتێکی دیکتاتۆر پێک نە یەت.

ئاخۆ چۆن دەکرێت، کورد داوا لە لایەنێک بکات،(رەزا پەهلەوی) مافی سیاسی و نەتەوەیی گەلانی ئێران بسەلمێنێت کە خۆی وەک هێزێکی دیمۆکرات و مێژوویی هەرگیز خەباتی نەکردووە؟. چوونکە بێ ئەوەی خۆیان هەستیان پێکردبێت، بەشێکی سیاسەت و تێروانینی ئەوانیش لە گەڵ حکوومەتی ناوەندیدا زۆر پێک دەچێت! بەتایبەت ئەو بەشەی کە پەیوەندیی بە پێک هاتەی نەتەوەیی و چۆنیەتیی ئیدارەکردنی وڵاتەوە هەیە، لە پاش روخاندنی حکوومەتی ئاخوندیدا!

کێشەی کورد بابەتێکی ئاینی و کولتووری نییە و بگرە بەتەواوی پرسێکی سیاسی و نەتەوەییە و بۆ چارەسەرکردنێکی جەوهەریانەی ئەو بابەتەش، رێبەری جووڵانەوەی سیاسیی کورد ئەبێ هەنگاوی ژیرانەی بهاوێژێ و، بە رێکەوتن و دوو قسەی لووسکەی فارس نابێت هەڵخەڵەتێن.

ئەگەر بێت و هێزەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان لە ئێستاوە بەسەر جەمسەرە جیاواز و دژبەیەکەکاندا دابەش بن، بێگوومان



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ئەو زەمینەیە پێک دێ کە لە هەندێک میحوەردا ناکۆکییە نێوخۆیەکانی گەلی کورد، دیسانەوە سەرهەڵدەداتەوە کە ئامانجی نەیارنی کورد ئەوەیە.

لە هەلومەرجێکی ئەوتۆدا بزووتنەوەی کورد خێرێکی ئەوتۆی بۆ پرۆسەی سیاسی کوردستان نابێ و ڕووداوەکان جگە لە بەدبەختی، شتێکی دیکەی بەداوەنابێت.

ڕێکەوتی: ١٢ی جانێوێری ٢٠٢٣

---

## پاراستنی ئیرادەی سەربەخۆی جەماوەری ئێران ئەرکمانە!



عوسمان حاجی مارف

گەر ئەو هەلومەرجە بە فەرمی بناسین کە هەرئێستا کۆمەڵگەی ئێران لە بەرامبەر هەلومەرجێکی تازەی جدی و ئاڵوگۆڕێکی پڕ کاریگەر بەرەوڕووە، لەهەمانکاتدا ئایندەی دەسەڵاتی سیاسی بەو مانایە پێشبینی لێدەکرێت کە کۆتایی کۆماری ئیسلامیە، پێویستە سەرنج و هەڵوێستەو کاریگەری و هەڵسورانی پێشڕەوانە لە ڕەوتی ڕوداوەکاندا لە بەرچاو بگیرێت و کاری لەسەر بکرێت، کە لە ڕاستای بەرژەوەندی بەدەستهێنانی ئایندەی ژیانێکی باشتر بۆ خەڵکی ئێران هەنگاو بنرێت.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

لەوانەیە سەبارەت بە خرۆشانە جەماوەریەکانی ئەم ماوەیە، بەدوای نزیک بە چوار مانگ لە بەردەوام بونیدا، وەها بێتە پێشچاو کە ئەو هەڵمەتانەی سەرەتا دەبینران لە خرۆشانی بەرفراوان و سەراسەری کە تەواوی شارەکانی ئێرانی شڵەقاندبوو، پاشەکشە بەناڕەزایەتیە جەماوەریەکان کرابێت، هەڵبەتە لە سیمای کەمبونەوەی جۆری خۆپیشاندانەکاندا ئەوە دەبینرێت کە لە یەک ڕۆژو لە یەک کاتدا، ئەوە ئاشکرایە کە لە زۆربەی شارەکاندا پێکەوە نمایشی ناڕەزایەتیەکان نابینرێت، ئەم حاڵەتە هەر جۆرێک بێت لە وێنایەک بۆ لێکدانەوە لە جۆری نمایشی ناڕەزایەتیەکان، بەڵام ئەوەی ڕەچاودەکرێت هیچ پەیامێکی وەهامان پێ ڕاناگەیەنرێت کە پاشەکشە لە بڕیاری ڕوخانی کۆماری ئیسلامی کرابێت، بەڵکو بە هەر سەرکوت و فشارێکی سەرسەختانە کە دادگاو هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامی لە ڕفاندن و گرتن و پەلامارو کوشتن و سێدارە ئەنجامی ئەدەن، خواست و هەوڵدان بۆ کۆتاییهێنان بەدەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی ئاستەکەی ڕۆژبەدوای ڕۆژ بەرەو باڵاتر هەنگاو دەنێت و ئایندەی کۆتایی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی نزیکتر دەخاتەوە، لەهەمانکاتدا شێوازی جۆراوجۆر لە خەباتی جەماوەری لە ڕۆژانی ئایندەدا خۆیمان نیشان ئەدات.

بە ڕوبەڕوبونەوەی هەر سەختی و بارگرژیەک لە چۆنیەتی دۆخەکەو پەرچەکردارێک دەسەڵاتی سیاسی دەینوێنێت، لە ساتەوەختێکی گونجاودا ئیمکانی تەقینەوەی بەرفراونی جەماوەری ئەرکی ئەو کۆتاییهێنانەی کۆماری ئیسلامی بەئەنجام دەگەیەنێت.

واتە کۆتایی و مەرگی کۆماری ئیسلامی بەجۆرێک لە ناواخنی نارەزایەتیە جەماوەریەکانی تەواوی دانیشتوانی ئێراندا بۆتە پرۆسەیەکی عەمەلی راگەیەندراو، بەهیچ جۆرێک پاشەکشەو گەڕانەوەی تیا بەدی ناکرێت.ئەوەش جێگای سەرنجە لەهەمانکاتدا کۆمەڵگەی ئێران چۆتە قۆناغێکی تازە لە هەوڵدان بۆ بەرجەستەکردنەوەی ڕۆڵ و ئیرادەو دەخالەتی ڕاستەوخۆی خەڵک لە دیاریکرنی چارەنوسی خۆیدا، بۆ بەدەستهێنانی ئیرادەیەکی شۆڕشگێرانە لە پراکتیزەکردنی ئیرادەی خەڵک لە دەسەڵاتی سیاسیدا، ڕەوتێکی پێشبینیکراوی هەنگاوەکانی ڕێڕەوی نارەزایەتیەکان و چۆنیەتی خرۆشانەکانە، کە هیچ هێزێکی سیاسی ناتوانێ بەئاسانی و بە رەهایی، بەبێگەڕانەوە بۆ ئیرادەودەوری خەڵک ئاوێزان بێت بە نارەزایەتیەکانەوە بۆ بڕیار دان لەسەر ئایندەی ئێران.

درککردن بەم پرۆسەیە لە چەسپاندنی ئیرادەو دەورو دەخالەتی ڕاستەوخۆی خەڵک لە دەسەڵاتی سیاسیدا، لایەنێکی ئەرێنی و ئومێدبەخشە و دۆخێکی لەبارە بۆ هەر لایەنێکی یەکسانیخوازو ئازادیخواز گەر لە ڕێڕەوی خەباتی سیاسیدا ئیرادەی خەڵک بۆ دەوری لە دەسەڵاتی سیاسی و بڕیار لەسەر دیاریکردنی چارەنوسی سیاسی خۆیدا بەڕەسمی بناسن و بە ئەسڵ وەریبگرن، دەتوانن ڕۆڵێکی گرنگیان هەبێت بۆ ڕێکخستن و ڕابەریکردنی ناڕەزایەتیە جەماوەریەکان و سەرکەوتنی ئەو



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

خرۆشانە جەماوەریە بەرەو شۆرشی کۆتاییهێنان بە کۆماری ئیسلامی و دابینکردنی ژیانێکی باشتر بۆ خەڵکی ئێران بە ڕێرەوی دەستپێشکەری هاتنەمەیدان و چەسپاندنی رۆڵی دەسەڵاتی شوراکان لەباری عەمەلیەوە هەلومەرجێکی گونجاو و لە بارو ئەرێنیە.

لەلایەکی تریشەوە مەسەلەیەک کە پێویستە ئاماژەی پێبدەین،واقعیەتی بونی چەند لایەنێکی تره لەنەگونجان و قەبوڵ نەکردنیان بە پرۆسەی پێشڕەوی جێگاورێگای ئیرادەو دەورو دەخالەتی ڕاستەوخۆی خەڵکە لە دەسەڵاتی سیاسیدا، کە وەک پەرچەکردارێک لە هەوڵی خاڵیکردنەوەو بەلارێدابردنی نارەزایەتی و خرۆشانە جەماوەریەکانن، لە رێگای هەوڵدان بۆ نیشاندانی هێزی تایبەتی سەرو خەڵکی و دوور لە بەرژەوەندی گوزەرانی خەڵک و بەکارهێنانی خرۆشانە جەماوەریەکان، کە ئاکامەکەی بە قازانجی باڵێکی تره لە بزوتنەوە کۆمەڵایەتیەکانی بۆرجوازی لە ئێراندا، یان بۆ پاشکۆبون و بەکارهێنانی بەرژەوەندی دەخالەتی هەر وڵاتێکی سەرمایەداری زلهێزی دنیا کاری لەسەر دەکرێت.

هەرئێستا لە مەیدانی بارودۆخی سیاسی ئێراندا بە هەر ئاستێک لە دەرکەوتەی چۆنیەتی خرۆشانە جەماوەریەکاندا، وڵاتانی سەرمایەداری ڕۆژئاواو دەوڵەتی ئەمریکا، دەبینین چاودێریەکی بە پەرۆشی دۆخەکە دەکەن و باش دەزانن ئاڵوگۆرەکان لە رێگای دەورو کارکردی چونە پێشەوەی خرۆشانە جەماوەریەکان و کۆتاییهێنان بە کۆماری ئیسلامی بە دەورو ئیرادەی خەڵک، پێشبینیەکی واقعیەو ڕودانیشی ئەگەرێکی جدیە، بۆیە لە بۆچونی بەرژەوەندی ئەو هێزانەوە گەر ئەو ئاراستە جەماوەریە، پێشی پێ نەگیریت و بەلارێدا نەبرێت، سیستمی سەرمایەداری و دەورو دەخالەتی وڵاتانی زلهێزی دنیا لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دەخاتە بەردەم مەترسی پاشەکشەو کارەساتێکی گەورەوە.

بە مانایەک چەندە هێزە ناسیۆنالستە توندرەوەکان و فاشست و کۆنەپەرست و وڵاتانی ئیمپریالی.. درک بەو مەترسیە دەکەن لە بەرامبەر خرۆشانی جەماوەری ناڕازی ئێراندا، بەوەی سیمای رۆڵی ژنان و رادیکاڵبون و دژی ئیسلامی سیاسی و بەرزکردنەوەی ئاڵای یەکسانخوازی و یەکریزی تەواوی دانیشتوانی ئێران و ئاسۆی ژیانێکی باشتری لە خۆی نیشان ئەدات، چارەنوسی کۆمەڵگەی ئێران بەرەو قوناغێکی یەکلاییکەرەوەو هەڵگیرسانی کڵپەی شۆرشێکی کۆمەڵایەتی بۆ ئاڵوگۆڕی ڕیشەیی دەبات، لەهەمانکاتدا پێویستە هێزی ئازادیخوازو یەکسانیخواز و بزوتنەوەی ڕزگاری و یەکسانی هەمەلایەنەی ژنان و پیاوان، درک و هۆشداری تەواویان هەبێت بە مەترسی هەر دەخالەت و پلانێکی دژ بە رۆڵی خەڵک و بە جدی لە بەر چاوی بگرن و مامەڵەی کەن و پوچەڵی کەنەوە. چونکە لەگەڵ ئەوەی دۆخەکە هەلومەرجی شۆرشگێرانەی فەرهەم هێناوە، ئاشکرایە ئاواڵەیی سیاسی بە جۆرێک کراوە دەبێت، هەلی گونجاو بۆ دەورو دەخالەتی هیزی دەوڵەتی و ناوچەیی و ناوخۆییش دەکاتەوە کە لە هەوڵی ئەوەدا دەبن ڕێرەوی ڕوداوەکانی بە زیانی خەڵک و ڕاگرتنی گۆشەگیری و وەلاخستنی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

دەورو دەخالەتی ڕاستەوخۆی خەڵک بە شێوازی تر لە پێکهێنانی دەسەڵاتی سیاسی سەرو خەڵکی دوبارە بکەنەوەو جارێکی ترو بۆ چەندین ساڵی تر بێئیرادەیی بەسەر کرێکاران و زەحمەتکێشاندا بسەپێننەوە.

ڕوبەڕوبونەوەی ئەم مەترسیە پێویستی بە ئامادەیی و ڕێکەوتن و کاری هاوبەشی هێزە ئازادیخوازو ڕادیکال و کۆمۆنیست و ژنان و پیاوانی ئازادیخواز و ئینساندۆستانە لە پاڵ جەماوەری ناڕازیدا پەیگیرانە هەنگاو بنێن و ئامانج و ئاسۆی خواستی جەماوەری ئێران بەسەرکەوتن بگەیەنن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی هاوڵاتی – ڕێکەوتی: ١٢ی جانیۆیری ٢٠٢٣

---

## شۆڕشی ژینا و تێڕامانێک



تووبا ئەلیاسی

شۆڕشی ژینا دەکرێ بە یەکێک لە نوێترین، مودێرنترین و سەردەمیانەترین شۆڕشەکان لە مێژووی مرۆڤایەتیدا پێناسە بکرێت؛ چونکە ئەم بەرخۆدان و ڕاپەڕینە بە شەهید کردنی کچێکی بێتاوانی کورد کە تەنیا لەبەر کورد بوون و ژن بوونی، لە لایەن دەسەڵاتدارانی جنایەتکاری حکومەتی ئاخوندەکانی ئێرانەوە شەهید کرا هەڵگیرسا.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

دیسان ئەم شۆڕشە بە ڕێبەریی ژنان درێژەی کێشا و گڕ و بڵێسەی ئاگری ئەم شۆڕشەش لە ژێر دروشمی سەرەکیی "ژن، ژیان، ئازادی" لە ماوەیەکی کەمدا هەموو ئێرانی گرتەوە. نەک تەنیا ئێران و کوردستان، ئەم شۆڕشە لە ژێر کاریگەریی دروشمەکەی کە دوای شۆڕشی دیموکراسیخوازی پڕلایەنگرترین خواست و ئامانجە، توانی هەر زوو پەلوپۆ بهاوێتە نێو کۆڕ و کۆمەڵگای نێودەوڵەتی و پەرلەمانەکانی تەواوی دونیا و دەنگی مافویستیی کورد و هەموو ئێران بە گوێی تەواوی دونیا بگەیەنێ. ئەم شۆڕشە لە مێژووی پڕ لە جنایەت و سەرکوتی حکوومەتی ئاخوندەکانی ئێران و ڕێژیمە دیکتاتۆر و سەرکوتکەرەکانی پێش ئەم ڕێژیمەش بێوێنەیە، چونکە بۆ یەکەم جار توانی یەکریزی و کۆدەنگییەک لە نێو نەتەوەکانی جوغرافیای ئێران دروست بکات کە لە ڕووخانی حکومەتی ئێراندا پاڵپشتی یەکتر بن. پاشانیش گرینگیی ئەم شۆڕشە دەگەڕێتەوە، بۆ ئامانج و ویستی شۆڕشگێڕانی سەر شەقام کە خوازیاری نەمان و ڕووخانی ڕێژیمی ئاخوندەکانی ئێرانن لە تەواویەتی خۆیدا، کە زیاتر لە چوار دەیەیە، لە سەر بنەمای ساختارێکی دژە مرۆیی، ئیدئۆلۆژی، مەزهەبی، دواکەوتوویی و پڕ لە هەڵاواردنی ڕەگەزی، نەتەوەیی، زمانی و مەزهەبی دامەزراوە. ئەوان دەیانەوێ ئەم ساختار و ڕێژیمە هەڵوەشێتەوە و سیستەم و ساختارێکی دیموکراتیک و یەکسان دامەزرێنن، کە ماف و ئازادییەکانی هەموو نەتەوەکانی ئێران تێیدا وەک یەک و هاوسان پارێزراو بێت.

### ئایا ئەم شۆڕشە، ویست و ئامانجی تەنیا لابردنی حیجاب یان ڕووسەریی زۆرەملیە؟

بەدڵنیاییەوە نەخێر! هەروەک دەزانین، هەم ڕێژیمی ئێران و هەمیش لە هەندێک جێگا و کۆمەڵگای دیکەدا، کەم نەبوون ئەو کەسانەی کە هەوڵی بەلاڕیدا بردنی ئامانجەکانی ئەم شۆڕشەیان دەدا و دەیانگوت، ئەم شۆڕشە و ژنانێک کە هاتوونەتە سەر شەقام داوای بەرەڵایی ژنان دەکەن. ئەوانە بە مەبەستەوە ئەو شتانەیان دەگوت، تا بتوانن پێش بە گڕکانی لەبڕاننەهاتووی ئەم شۆڕشە بگرن. بەڵام بەهەڵەدا چوون، چونکە خەڵکانی سەرشەقام، وشیارترین مرۆڤەکانی ئەو کۆمەڵگایە بوون و هەن، هەربۆیە مەحاڵە فریوی نیازە چەپەڵەکانی ئەوان بخۆن.

دیسانیش با بە ڕوونی بڵێین، کێشە و خواستەکانی ژنانی ڕاپەڕیوی سەر شەقام، زۆر لەوە گەورەترە کە نەیارانی ئەم شۆڕشە بتوانن بەلاڕێیدا بەرن. کێشەی ژنانی کۆمەڵگای ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان، تەنیا ڕووسەریی زۆرەملی نییە. واتە، نەبوونی مافی وەک یەک و هاوسان لە گەڵ پیاوان لە هەموو بوارەکانی ژیانە، کە ئەم ڕێژیمە لە ماوەی دەسەڵاتی خۆیدا، ژنانی لە بەشێکی هەرە زۆر و سەرەکیی مافە مرۆییەکانیان بێبەش کردوە. ئەم ڕێژیمە، بەشێکی زۆر لە مافەکانی لە ژنان سەندۆتەوە و ئەم بێمافیانەشی بە یاسایی کردووە و بەندی یاسایی بە دژی ژنان چەسپاندووە تا بە پێی یاسای بنەڕەتیی وڵات، ژنان دیل و یەخسیری بێمافی و نەبوونی ئازادی بکات.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

ژنانی ئەم کۆمەڵگایە بە پێی یاسای بنەڕەتی، مافی خۆپاڵاوتنیان بۆ سەرۆکی وڵات، یان بوون بە قازی، یان ئەندامەتی لە مەجلیسی خیبرەگان نییە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە ڕێژیمی ئاخوندەکانی ئێران ژنیان پێ مرۆڤێکی بێ ئەقڵ و کەمتوانایە لە بەڕێوەبەریی سیاسیدا و ئەم مافە تەنیا بۆ پیاوان بە ڕەوا دەزانن. هەڵبەت بۆ سەرۆککۆماری و مەجلیسی خیبرەگان هەتا هەموو پیاوانیش ئەم مافەیان نییە، واتە پیاوێکی کورد یان غەیرە نەتەوەی فارس و مەزهەبەکانی غەیرە شیعە ناتوانێ ببێتە سەرۆککۆمار یان ئەندامی مەجلیسی خیبرەگان. ژنان بۆیان نییە، بێ ئیزنی مێرد یان پیاوی گەورەی ماڵ کار بکەن، یان بڕۆنە زانکۆ، یان سەفەری دەرەوەی وڵات بکەن؛ هەتا وازۆیان پێویستە لەم بوارەوە. ئەمە لە کاتێکدا کە ئەو مافانە سەرەکیترین مافی ژنانن کە لە جاڕنامەی مافی مرۆڤدا بە ڕوونی ئاماژەیان پێ دراوە و جەختیان لەسەر کراوەتەوە و ڕێژیمی ئاخوندەکانیش، ئەندامی ئەم ڕێکخراوەیە. چەند ژنی و سیغەی بێ ئەژمار بۆ پیاوان ڕەوایە و لەبەرانبەردا ئەگەر ژنێک لە دەرەوەی ژیانی هاوبەش پەیوەندیی لەگەڵ پیاوێکی دیکە هەبێت، مەرگی بەسەردا دەسەپێنن. دیسانیش لێرەدا بۆمان ڕوون دەبێتەوە، کە ڕێژیمی دژە ژنی ئیسلامیی ئێران، پەیوەندیی سێکسی لە دەرەوەی ژیانی هاوسەریی بۆ پیاوان بەیاسایی کردووە و بۆ ژنانیش ئەو پەیوەندییە مەرگی حەتمییە. کوشتنی ژنان و کچان لە ژێر ناوی پاراستنی شەرەفی بنەماڵە ئاسانکاریی بۆ کراوە و بکوژەکەی بە دانی دییە ئازاد دەبێ. ژن و بەهای ژن لە یاسای ئەم نیزامەدا لە هەموو بوارەکاندا لە پیاوان کەمنرخترە. بۆ نموونە ئەگەر ژنێک لە پێکدادانی ئوتومبیلێکدا گیانی لە دەست بدات، دیەی کەمترە لە جنینێکی کوڕی نێو زگی دایکێک کە لەو پێکدادانە یان، هەر پێکدادانێکی دیکەدا لەبار بچێت. ژنان لە مافی تەماشا کردنی کێبڕکێی فوتباڵ و هەروەها لە زۆر وەرزشی دیکەش بێبەش کراون. سەپاندنی ڕووسەریی زۆرەملی و ئەسیدپاشیی ڕوومەتی ژنان، یەکێکی دیکە لە ئازار و بیمافی و ستەمەکانی ئەم ڕێژیمە دەرهەق بە ژنانە. بەو ئاماژانە و دەیان خاڵی دیکەش کە هەن، دەگەین بەو ئاکامە، کە کێشەی ژنان لە کۆمەڵگای کوردستان و ئێراندا تەنیا ڕووسەریی زۆرەملی نییە و ئەوان گیرۆدەی زۆر گرفت و بێمافیی دیکەن کە لە گەردنیان ئالاوە و تەنیا بە ڕووخانی ئەو ڕێژیمە ڕزگاریان دەبێت و ڕووی خۆشی و یەکسانبوون لە ماف و دەرفەتی وەک یەک لەگەڵ پیاوان بە خۆیانەوە دەبینن. ئەمانەش نیشاندەری ئەوەن کە ئەو پروپاگەندانەی کە ڕێژیم و دارودەستەکەی و هەروەها کەسانی وەک ئەوان دەیانکرد بۆ بەلاڕێدا بردنی ئەم شۆڕشە، کە گوایە ژنان خوازیاری کۆمەڵگایەکی بەرەڵا و بێسنوورن، ڕاست و دروست نییە.

لە لایەکی دیکەشەوە، کێشەی ئەم کۆمەڵگایە و بەتایبەت ڕۆژهەڵاتی کوردستان، زۆریش لەوە گەورەترە کە ئاخوندە دەسەڵاتدارەکانی ئێران و لایەنگرانی باسی لێوە دەکەن. ئەڵبەت نەک تەنیا کورد، ئێران خاوەنی چەندین نەتەوە و میللەتی جیاوازە و هەموو ئەم نەتەوانەش بێجگە لە نەتەوەی سەردەست واتە فارس و ناوەندگەراکان، هیچ کام لەم نەتەوانە هەتا، سەرەتاییترین ماف کە خوێندن و نووسین بە زمانی دایکییە لە خوێندنگە و زانکۆکان نییانە. لە پاڵ ئەوانەشدا، ئەم نەتەوانە، بەتایبەت نەتەوەی کورد کە هەر لە سەرەتای هاتنە سەرکاری ئەم ڕێژیمەوە، دەنگی نای بەم



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ڕێژیمە داوە و خەبات و بەرخۆدانی دەست داوەتێ، ئەوە چوار دەیەیە، بێڕەحمانە دەچەوسێتەوە و بە خراپترین شێوە ستەم و ئەشکەنجەی دەرهەق دەکرێ. ئەم ڕێژیمە لە کوردستان، بێڕەحمانە، ڕۆڵەکانی ئەم میللەتە، زیندانی، ئەشکەنجە و ئیعدام دەکات و هەر ڕۆژە و لە ژێر ناو و بیانوویەک لاوێکی ئەم نیشتمانە لە زیندان دەهاوێ و دوای ئەشکەنجە و زیندانی، لە سێدارەی دەدات. واتە بۆ ئێمەی کورد ئەم شۆڕشە، خەبات و بەرخۆدانێکە لە پێناو مافە نەتەوایەتییەکانمان کە ئەم ڕێژیمە و ڕێژیمەکانی پێش ئەمیش، لە ئێمەیان زەوت کردووە. واتە شۆڕشی ژینا لە کوردستان ئامانجەکانی سەرەڕای هەموو نەتەوەکانی دیکەی ئێران، ڕووخان و هەڵوەشانەوەی دیکتاتۆری و دژە مرۆیی کۆماری ئیسلامی ئێرانە، کە چوار دەیە لەمەوپێش بەزۆر خۆی بەسەر هەموو ئێران و کوردستاندا سەپاند و ڕێژیمێکی ئیدئۆلۆژیی مەزهەبیی دواکەوتووی دامەزراند. ڕیژیمێک کە بە شێوەیەکی سیستماتیک ئامانجی، ئاسیمیلە، قەڵاچۆ و تاڵانی سەروەت و سامانی نەتەوەکانی دیکەی غەیرە فارس بووە و هەیە.

## ئاکام:

شۆڕشی ژینا، بەرخۆدان بۆ ڕووخان و لەگۆڕنانی ڕێژیمی سەرکوتکەری حکومەتی ئاخوندەکانی ئێرانە و تا گەیشتن بەو ئامانجەش، ئەم ڕاپەڕینە بێ دوودڵی درێژەی دەبێت. ڕەنگە بە هۆی سەرکوتەکانی ڕێژیمی ئێرانەوە ئەم ڕاپەڕینە کۆسپ و هەوراز و نشێوی زۆری لەپێش بێت، بەڵام سەرکەوتنی مسۆگەرە و خەڵکی سەرشەقام بڕیاری خۆیان داوە کە بۆ ڕزگاری لە دەست ئەم حکوومەتە جنایەتکارە ئامادەی دانی قوربانی و تێچوون. پاشان دەشزانن کە شۆڕش و بەرخۆدان تێچووی هەیە، بەتایبەت ئەگەر دژبەرت، ستەمکار، دیکتاتۆر و دژە مرۆڤ بێت.

زۆر ڕوونە کە ئەم حکوومەتە لە ماوەی دەسەڵاتدارێتیی خۆیدا، سەروەت و سامانی لەبڕاننەهاتووی ئەم سەرزەمینەی تاڵان کردووە و بە هەزاران خۆفرۆش، بەسیج و پاسداری بۆ پاراستنی خۆی لە دەوری خۆی کۆکردۆتەوە و ڕەنگە دڵی بەوە خۆش بێت، کە پوتانسیالی ئەوەی هەیە ئەم شۆڕشە سەرکوت بکات. بەڵام مێژووی خەبات و بەرخۆدانی میللەتانی دیکەی دونیا ئەوەیان سەلماندووە کە ئیرادەی بەرخۆدانی گەل و کۆمەڵگا لە تانک و تۆپ گەورەترە و ئەگەر کۆمەڵانی خەڵک ئیرادەی بەرخۆدانیان هەبێت، هیچ ڕێژیمێکی سەرکوتکەر ناتوانێ دەوام بێنێ؛ هەروەک چۆن دەبینین لە شۆڕشی ژینادا ئەم ئیرادەیە کەمویننەیە و ڕیژیمی ئاخوندەکانی بەچۆکدا هێناوە.

شۆڕشی ژینا ڕەنگە کاتی زیاتری پێویست بێت و بەم زووانە بە ئاکام نەگات، بەڵام سەرکەوتنی مسۆگەرە، چونکە ژنان و لاوان و خوێندکارانی ئیلیتی کۆمەڵگا ڕێبەریی دەکەن.

سەرچاوە: گۆڤاری تیشک – ڕێکەوتی: ١٣ی جانیۆیری ٢٠٢٣



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# مەرگی ژیانبەخشی ژینای کوردستان و ئەرکە هەنووکەییەکانی کۆمەڵگای کوردستان




**هاوڕێ کرماشانی**

هەمووکەس ئەیزانی ئەم حکوومەتەی ناوێ، بەڵام کارەسات ئەوە بوو کەس نەیئەزانی چۆن حکوومەتێکی ئەوێت. ئەمە قسەی میشێل فۆکۆی فەیلەسووفە کە ماوەیەک پێش رووداوی شۆڕشی ساڵی ٥٧ی گەلانی ئێران، دوای سەردانێک بۆ ئێران و لە نامیلکەیەکدا لە ژێر ناوی "ئێرانییەکان چ سەودایەکیان لەسەردایە" باسی کردووە. ئەودەم فوکۆ هیچ زانیارییەکی لە شۆڕشی کوردستانی رۆژهەڵات و عەقڵیەتی سیاسیی کۆمەڵگای کوردی و هێزە سیاسییەکان نەبوو، تا بیزانیبا کوردستان ئەزانێ چی ئەوێت.

لەم ماوەدا سلاڤی ژیژەک لە کورتە ڤیدیۆیەکدا باسی راپەڕینی خەڵکی ئێرانی کرد و هەمان قسە کە فۆکۆ نەیکرد ئەم ئاماژەی پێدا کە رێبەرایەتی شۆڕش بەدەست کوردەوەیە و ئەگەر ئێرانییەکان ئەیانەوێ رزگار بن ئەوا کلیلی رزگاری ئەوانیش بە دەست کوردستانەوەیە، ئەمەش جیا لە ئەوەی کوردستان ناوەندی هەڵگیرسانی شۆڕش بوو، بەشێکی زۆری لەبەر ئەوەیە کە ئەگەرچی کورد بووندارییەتیەکی یاسایی سەرووتر لە هەرێمێکی (باشووری کوردستان) دیفاکتۆی لە چوارچێوە یاساییەکانی دەوڵەت نەتەوە لە ناوچەکەدا نیە، بەڵام بووندارییەتییەکی بەهێزی کۆلتووریی و بزووتنەوەی مەدەنی و سیاسی و چەکداریی هەیە.

هەر دوو بابەت چ لە سەر زاری فۆکۆ و چ لە سەر زاری ژیژەک، پێوەندیی بە دۆخی شۆڕش یا رێڤۆلەیشنەوە هەیە،



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

داهاتوویەک کە لە نەبوونی ئەڵتەرناتیڤدا ناڕوون و جێی مەترسییە، ئەڵتەرناتیڤێک کە چ سەردەمی شۆڕشی ٥٧ و چ ئێستەش لە ساڵی ١٤٠١دا هەر کورد هەیەتی.

ئەگەر ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی لە نێوان چەندین پلانی ڕیفۆرمخوازیی بۆ مانیفیستی هەنووکەیی، سەڵتەنەتی مەشرووتەی نیۆپەهلەوی، چەپی مارکسیستی یان فرانکفۆرتی، تا ئێرانشاریی بەناو دیمۆکراتیکی تا ئێسقان فاشیستیدا سەرگەردانن، ئەوا ئۆپۆزیسیۆنی کوردی و کۆی پێکهاتەی بزووتنەوەی سیاسیی کوردستان زۆربەی لە سەر ئەڵتەرناتیڤی ئێرانی فیدراڵی دیمۆکرات کۆکن و هەندێ لایەنیش کە بە نیسبەت کەمتر و گچکەترن باس لە ئەڵتەرناتیڤی دابڕان لە ئێران و سەربەخۆیی دەکەن. کە وەک ڕێکخراوەی سیاسی دەنگیان ئەوەندە بەرز نیە.

کارەساتی قوربانی بوونی ژینا تەزوویەکی بە گیانی ڕۆژهەڵاتدا هێنایەوە و دواتریش هەموو ئێرانی هەژاند و نیشانەکانی ئەوەش دەرکەوتووە کە ببێتە هێمایەکی جیهانی. هێمایەکی نوێ لە سەر بنەمای سێکۆلاریزم و ئازادیخوازی کە ئەگەری هەیە ببێتە مەشخەڵی ئاراستەیەکی نوێ لە بزاڤی ژنانی جیهاندا، ئاراستەیەک کە تەنیا ژنان خاوەنداریی نەکەن و بگرە پیاوانیش تێکەڵ بەو بزاڤە بوون. ڕاستە چۆنیەتی مەرگی ژینا و کێشەکانی پێوەندیدار بە گەشتی ئێرشاد و هەموو ئەو بەربەستە ئایدیۆلۆژیکانەی کە بۆ ژنان دانراوە، بوو بە ڕۆژەڤی شەقامی هەموو پانتایی ئێران، بەڵام کوردستان دیسانەوە سەلماندی کە کێشەی مافی ژنان و خەڵکی ڕاپەریو نابێ وردبکرێتەوە بۆ سەرپۆش و حیجاب؛ لە هەماکاتیشدا نابێ لەبیرمان بچێ لە بنەڕەتدا حیجاب و بەربەستەکانی پێوەندیدار بە جلوبەرگی ژنان تەنیا بۆ بەلاڕێدا بردنی بیری خەڵک بوو لە چەوسانەوە و گرانی و هەلاوسانی ئابووری و نایەکسانیی نەتەوەیی و هەموو نەهامەتییەکانی تر پێوەندیدار بە ژیانی خەڵکەوە، ئەگینا ڕژێم لە کارناڤاڵی قاسم سولەیمانی و هەیئەتەکانی عاشوورا و هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماریدا هیچ بەربەستێکی ئەوەندە توندی بۆ حیجاب دانەدەنا و ئەوەی بۆی گرنگ بوو کۆبوونەوەی خەڵک بوو لە دەوری هێماکانی خۆی.

سەرەڕای هەموو ئەو داگیرکاری و چەقبەستوویيانەی کە دەرەنجامی چەقخوازی سیاسی، نەتەوەیی، کولتووری، ئابووری، کۆمەڵایەتی و تەنانەت جێندەری بوو، بۆ یەکەمجارە کە ڕووداوێک لە ئێراندا دەقەومێ کە واقیعی کۆمەڵایەتی و سیاسی و کولتووریی کورد وەک خۆی و لە شێوازی کۆمەڵگایەکی جیاوازدا دەردەخات، ئەویش خاوەنداریی کوردستان بوو لە ژینای خۆی، خاوەندارێتییەکی تایبەت کە بووە سەرچەشنێک بۆ باقی پێکهاتەکانی ئێران و بەتایبەت تاران و شارە گەورەکانی تر.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

دەبێ لەبیرمان بێت سەرەڕای ڕەهەندی چەوسێنەریی کۆمەڵگای کوردی لە بواری جێندەری و مافی ژناندا، بۆمان زیاتر دەرکەوت کە کۆمەڵگای ئێمە بەهەموو نوقسانەکانی لەو بوارەدا لە هەموو گەلانی ئێران باشتر و پێشکەوتووتر و چاوکراوەترە. ئەوەش بەرهەمی شوعوورێکی سیاسی و مەدەنیە کە لانیکەم لەم ساڵانەدا دەرکەوتووە و بووەتە ڕۆژەڤی هەموو جیهان.

سەرهەڵدانی کوردستان بوو بە سەرچەشنی هەموو سەرهەڵدانەکانی تر بە تایبەت لە پێتەختی ئێراندا. و ئەمەش کاریگەریی پەراوێزە لە سەر ناوەند و پەراوێزەکانی تر، کە لە دونیای ئەمڕۆدا بە مۆدێلی گەشەی جێگرەوە (توسعه بدیل) ناسراوە وئەم کاریگەرییەش بۆ هێزێکی مەعنایی و مەعریفی و مەدەنی دەگەڕێتەوە کە لە دڵی کولتووری کوردستاندا هەیە و بەردەوام لەگەشەکردندایە، کە جگە لە سەردەمی کۆماری ئیسلامی و لە ژێرکاریگەریی ئیسلامێکی شەریعەتی و فیقهی ئەو ڕێژیمەدا حیجاب تێیدا کێشە نەبووە.

لە درێژە ڕووداوەکاندا، دەرکردنی بڕیاری مانگرتنی گشتیی ڕۆژهەڵات لە لایەن ناوەندی هاوکاریی حیزبە کوردستانییەکانەوە خاڵێکی یەکجار بەهێز بوو و ئەوەش کە دواتر مەکتەب قورعان کە لە دەرەوەی ڕێککەوتنی ئەو ناوەندەوە بوو، دەنگی خستە پاڵ دەنگی ناوەندی هاوکاری حەماسەکەی بەهێزتر کرد. بە شێوەیەک کە لە یەکەم هەنگاودا کۆمەڵگای کوردستانی ڕۆژهەڵات خاوەندارییەکی شۆڕشگێڕانەی لە کەیسی ژینا کرد، و پاشان هاودەنگی حیزبە کوردییەکان لە دەرەوە و ناوەوە بۆ ڕاگەیاندنی مانگرتنی گشتی و لە کۆتاییدا بەهاناوەچوونی خەڵک بۆ ئەو بڕیارە و سەرکەوتنێکی تر بوو کە لە پاش مەرگی ژینا سرنجی هەموو ئێران و تەنانەت جیهانیشی بۆ لای خۆی ڕاکێشا. ئەمەش خاڵێکی گرنگی ترە کە بەشێکی پشکی یەکگرتوویی حیزبە کوردستانییەکان بوو. یەکگرتوویی و هاودەنگی کێشی کوردی زیاتر کرد و خەڵکی کوردستان و حیزبە کوردستانییەکان ئەبێ ئەمە بگوازنەوە و نابێ لێی غافڵ بن و لێرە بەدواوە دەنگێکی بەرزتر و بڕوابەخۆبوونێکی زیاترەوە لە دانیشتنە سیاسی و دیپلۆماتیکەکاندا دەرکەون. ئەمە هێزی سیاسی و کولتووری سیاسیی و مەدەنیی کوردە و دەبێ ببێتە هەوێنی پێکهێنانی بەرەیەکی نیشتمانیی هاوبەش لە لایەن حیزبەکانی ناوەندی هاوکاریی و هەر حیزبێکی تر کە ئیستراتیژییەکی سەربەخۆ و ڕاستەوخۆی هەیە بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

واقیعی کوردستان هەرچییەک بێت لە گەمارۆی فاشیزمی نەتەوەکانی تر و وانە چەوت و توندەکانی ئێرانی فەرهەنگی و فیندەمێنتالیزمی ئایینی و چەپی پاتریمۆنیالی ناوەندخواز دایە، هەربۆیە ئەو دیسکۆرسەی کوردستان هەرچەند تۆکمە و تەواو و پێشکەوتووش بێت، تەنیا یەک شت دەتوانێ گەرەنتی مانەوە و سەقامگیربوونی بکات لە ئەرزی واقیعدا، ئەویش هێزی چەکدارییە. ڕۆژهەڵاتی کوردستان نابێ ئەزموونی ڕۆژاوای کوردستان دووپاتە بکاتەوە، وەک چۆن تا دواهەناسە شەڕی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

دێوەزمەی داعشی کرد و بۆ دونیای نوێ مۆمی هیوا بوو لە ڕەشاییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، بەڵام دوایی کە داعش کۆتایی پێهات، تورکیا هێرشی کردە سەری و لە گەمارۆی هەموو هێزە پاوەنخواز و فاشیستییەکاندا عەفرین داگیرکرا و لە بێدەنگی و بێ هەڵوێستی هەموو دونیادا خەسار و ماڵوێرانییەکەی بۆ کوردستان مایەوە. بۆیە ئەبێ ئەو بزاڤە مەعریفییە پشت ئەستوور بە هێزی چەکداریی نیشتمانی بکرێ.

ئەبێ کۆمەڵگای مەدەنی کوردستان و حیزبە سیاسییە کوردستانییەکان، ئاگایان لەوە بێت کە عەقڵیەتی فاشیستی لە ڕێگەی دابەزاندنی کەیسی ژینا و ڕووداوەکانی دواتری بۆ مەسەلەی حیجاب، کێشەی نەتەوەیی نەخاتە پشت گوێ، و کوردیش بە ڕۆحێکی کوردستانییەوە نابێ کڵاوی وشە و دەستەواژەی بریقەداری دیموکراسی و سۆسیالیزم و ئێرانیی فەرهەنگی بچێتە سەریەوە. بەرەی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی، بەرەیەکی لێکپچڕاو و پارچە پارچەیە تا ئەو ڕادەیەی کە کەسایەتییەکی ناپوختەی وەک ڕەزا پەهلەوییان کردۆتە پێشەنگ بۆ ئەوەی بەستێنی کۆمەڵگا و بەشێک لە هێزەکان لە پێناو پاراستنی تەمامیەتی ئەرزیدا لە دەوری کۆببنەوە. ئەوەیە لەم دۆخەدا یەکیەتی و یەکریزی کۆمەڵگای کوردستان بە نوێنەرایەتیی بەرەیەکی دیپلۆماتی کوردستانیەوە باش ئەتوانێ زاڵتر بێت و وەک چۆن لە هەڵگیرسانی شۆڕشدا پێشەنگ بوو لە ڕەهەندی دیپلۆماتیکیشەوە ئەگەر نەبووە پێشکۆ، بە هیچ شێوەیەک پاشکۆیی قەبووڵ نەکات و دیموکراسی و فیدرالیزم وەک ئەڵتەرناتیڤێکی بەهێز پێداگری لەسەر بکرێ و لەم پێناوەشدا، کورد ئەبێ پێکهاتە نەتەوەییەکانی تری ئێرانی وەک تورک و عەرەب و بەلووچ هانبدات تا لە سەر هەمان ئەڵتەرناتیڤ ساغ ببنەوە و بێنە مەیدان تا دوایی بە شۆڕشی پەراوێز، ناوەند و چەقخوازان ناچار بکەن کە هەمان ئەڵتەرناتیڤ قبووڵ بکەن.

لە ئەنجامدا سەرەڕای بگۆڕ(متغیر)ە ناوچەیی و جیهانییەکان کە بێگومان کاریگەریی خۆیان هەیە، کۆریدۆری تێپەڕبوون لە دیکتاتۆریی ئیسلامی ئێرانی بەرەو دیمۆکراسی ئەگەر بە ناو شەڕی دەستەویەخە و خوێندا تێپەڕ نەبێت، ئەوا لە ئەنجامدا هەر پێکهاتەیەکی نەتەوەیی لەئێراندا پشتئەستوور بەو هێزە چەکدارییە نەبێت لە دانووسانی دیپلۆماتیکدا، هیچی بۆ ناسەلمێندرێت بگرە هەر گوێشی بۆ نەگیرێت.

ئێرانی دیمۆکراتیک و فیدرال ئەو ئەڵتەرناتیڤەیە کە بەشێکی بەرچاو لە حیزبە سیاسیەکانی ڕۆژهەڵات لەسەری تەبان، و مێژوویەکی دوور و درێژی لەپشتەوەیە، و کۆماری ئیسلامی ئۆپۆزیسیۆنی فاشیستی و پاوەنخوازیش باش ئەزانن کە تەنیا ئەڵتەرناتیڤ لە کوردستاندایە، و تەنیا دیسکورسی ڕەکەبەری دیسکورسی ئێرانی فارسی دیسکورسی کوردستانە. هەر بۆیە بەردەوام لە پەرەسەندنی ئەم دیسکورسە بۆ باقی شوێنەکانی ئێران ترسیان هەیە و مووشەکباران و بوردومانی کەمپەکانی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە باشووری کوردستان و هاوکات هاودەنگی و هاوئاهەنگیی ناڕاستەوخۆی میدیای



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی لەگەڵ ئەم کارەی کۆماری ئیسلامی و هەموو فرتوفێڵەکانی تر، نیشانەن بۆ ئەوەی کوردستان دیسکورسێکی تۆکمە و بەهێزی هەیە، کە بەم هەوڵانە دەیانهەوێ بە بیانووی تەجزیەتەلەبی خەڵکی ئێران بترسێنن و کەلێن بخەنە نێوان ئەو هاوئاهەنگی و هاودەنگییەی کۆی جوغرافیای ڕاپەڕیوی ئێران دژ بە کۆماری ئیسلامی.

سەرچاوە: گۆڤاری تیشک – ڕێکەوتی: ١٣ی جانیۆێری ٢٠٢٣

---

## فەلسەفەی لەسێدارەدان لە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیدا



سۆران شەمسی

نارەزایەتییە سەرتاسەرییەکان لە ئێران کە بە هۆی گیانلەدەستدانی شەهید ژینا ئەمینی، کچێکی کوردی تەمەن ٢٢ ساڵی دەستبەسەرکراو لەلایەن گەشتی ئێرشادەوە دەستی پێ کرد، ئێرانی گەیاندە قۆناغێکی نوێی قەیرانی قووڵی حکوومەت و کۆمەڵگە.

بزووتنەوەی شۆڕشگێڕیی جەماوەریی گشتگیر و سەرتاسەریی ئێران بە دروشمی بنەڕەتیی "ژن، ژیان، ئازادی" چووەتە ناو



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

چوار مانگی خۆیەوە.

هەموو بەڵگەکان ئەوە دەردەخەن کە رووبەڕووبوونەوەی ڕێژیمی ئیسلامی و ڕاپەڕینی ناڕەزایەتی چووەتە قۆناغێکی چارەنووسسازەوە.

سەرەڕای فۆرمە دڕندەکانی سەرکوتی حکوومەت، بەردەوامیی ئەم بزووتنەوە مێژووییە دەبێت بە سەرکەوتن و دەسکەوتێکی گەورە بۆ نەوەیەکی ئازا و گەنج کە بە دەستی بەتاڵەوە شەڕی ستەمکارترین و دڕندەترین و چەکدارترین حکوومەتی تیرۆریستیی ئیسلامی دەکەن کە بە هۆی ئامێرە سەربازییە ترسناکەکانیەوە جیهانیان ئاسایشیان نەماوە.

سەرکردە سەرەکییە تێئۆری و پراکتیکییەکانی ئەم بزووتنەوە شۆڕشگێڕانەیە، کچ و کوڕی گەنجن کە بە دەستپێشخەریی جۆراوجۆر و داهێنەری و ئازایەتیی کۆمەڵایەتیی بێهاوتایان توانییان دیوارە بەرزەکانی ترس و ستەم بڕووخێنن. بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی نوێی گەل، بە بیرۆکە و ناسنامە و سیمبولە بەهێز و نوێیەکانیەوە، بووەتە واقیعێکی بنەڕەتی لە کەشوهەوای سیاسیی ئێراندا.

سەرەتای بزووتنەوەی مەزنی ئێران لە هەموو ڕوویەکەوە بە بەراورد لەگەڵ ناڕەزایەتی و بزووتنەوەکانی ساڵانی ڕابردوو زۆر جیاوازە.

ئەو فاکتەرانەی کە بزووتنەوەیەکی وەها گەورەیان دەست پێ کرد، قەیرانی بێشومارن کە کۆمەڵگا دەیان ساڵە گیری خواردووە. ئەم قەیرانانە ئابووری و سیاسی و ژئۆپۆلەتیکی و هەروەها کولتووری و کۆمەڵایەتی و ژینگەیین. کەم کەس لە ئێراندا بتوانێت لە زیانە گەورەکانیان پارێزراو بێت. ژیانی بەشێکی زۆری خەڵک کەوتۆتە ژێر هێڵی هەژاری، گرانی نرخی کاڵای پێویست، پیسبوونی ژینگە و قەیرانی ئاو، گەندەڵیی بەربڵاوی بەرپرسانی حکوومەت، قەدەغەکردن و سانسۆر لە بوارەکانی ڕۆشنبیری و ژیانی کۆمەڵایەتی، نەبوونی ئازادییە مەدەنی و تاکەکەسییەکان، هەڵاواردنی نەتەوەیی، ڕەگەزی و ئایینی بووەتە هۆی ئەوەی کە بەشێکی زۆر گەورەی خەڵک لەمڕۆدا لە ئێراندا ناڕازی و تووڕە بن. ڕێژیمی ئیسلامی کە بانگەشەی پاکترین حکوومەتی جیهان دەکات، بە یەکێک لە گەندەڵترین و ستەمکارترین و چەپەڵترین حکوومەتەکانی جیهان دادەنرێت.

ڕێژیمی ئیسلامی، لە بناری ڕووخانی حاشا هەڵنەگرانەی خۆیدا، هەنگاوێک ئەنجام دەدات کە تەنانەت لە چوارچێوەی یاسا



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

کۆنەپەرستەکانی خۆیدا ڕێگەپێدراو نییە. حکوومەتی ئیسلامی لە دادگاکانیدا سزای قورس دەردەکات، ئەمەش دەبێتە هۆی هەڵگیرسانی ئاگری ناڕەزایەتییەکان.

ئێستا بێتوانایی و شکستی حکوومەت لە ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم قەیرانانە بۆ هەموو لایەک ئاشکرایە. بۆ بیروڕای گشتی ڕوون بووەتەوە کە هەموو ئەم قەیرانانە ڕەگ و ڕیشەی لە گەندەڵی و سیاسەتی هەڵە و تێکدەرانەی ناوخۆیی و دەرەکیی ڕژێمی ئیسلامیدایە.

سەرەڕای هەموو شکست و شکستە گەورەکان لە بوارە جیاجیاکانی ئابووری، سیاسی، کۆمەڵایەتی و ...، بە سەرکوت و زیندان و لەسێدارەدان وەڵامی داوەتەوە. لە پرۆسەیەکی وەهادا کۆمەڵگای ئێران بە ئەزموونی خۆی لە ٤٣ ساڵی ڕژێمی ئیسلامیی ئێراندا گەیشتووەتە ئەو ئەنجامە گرنگەی کە ئەم حکوومەتە گەندەڵ و خۆسەپێن و توندوتیژ و شەڕخواز و تیرۆریستە، هیچ چاکسازییەکی قەبووڵ نەکردووە کە بە سوودی خەڵک بێت، بۆیە دەبێ بڕووخێنرێت.

فاکتەرێکی دیکەی گرینگ ئەوەیە کە ئێستە گەنجان و بەتایبەت ژنان گەیشتوونەتە ئەو بڕوایەی کە لە چوارچێوەی ڕژێمی ئیسلامیی ئێراندا هیچ هیوا و ئاسۆیەکیان بۆ داهاتوویان نییە. ڕێبەرایەتی و هیچکام دامودەزگا سیاسی و قەزایی و نیزامییەکانی ڕژێمی ئیسلامیی ئێران گوێ بۆ هیچکام لە ناڕەزایەتی و پەیامە ڕوونەکان و دەنگ و هاواری کۆمەڵگای ناڕازی ناگرن و جگە لە سانسۆر و سەرکوتکردن و زۆر ڕێگەیەکی تر نازانن. بەتایبەت لە ماوەی ٤٣ ساڵی حوکمڕانیی ڕژێمی ئیسلامیدا هیچکام لە داخوازییەکانی ژنانی قبوڵ نەکراوە و بە شێوەیەکی سیستماتیک ژنان چەوسانەتەوە و سەرکوت کراون.

دەرئەنجامی ئەم بنبەستە سیاسییە و سەرکوتی سیستماتیکی حکوومەتی بۆشاییەکی قووڵی لە نێوان خەڵک و حکوومەتدا دروست کردووە.

لە مێژووی ٤٣ ساڵەی ڕژێمی ئیسلامیدا، تاوانی زۆر گەورەی وەکوو کۆمەڵکوژییەکانی کوردستان، کۆمەڵکوژییەکانی ساڵانی شەستەکان، کوشتنی چەند هەزار زیندانی سیاسی لە ساڵی ٦٧ و ٦٠ و ٥٩ و ٦٢، هەزاران تاوانی دیکە بەڕێوە چووە.

کردەوەیەکی تری تاوانکاری و ڕقاوی، بەشێک لە مێژووی ڕژێمی ئیسلامی تا ئێستا، هەوڵ بۆ ترساندنی خەڵک بووە. ئەمە ڕژێمی ئیسلامییە. لەسێدارەدان و تاوان و بەردبارانکردن پێکهاتە و مانا و فەلسەفەی بوونیەتی.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

لەسێدارەدان بەشێکە لە ستراتیژیی گشتیی بەدەستهێنان و پاراستنی دەسەڵاتی سیاسیی ڕێژیمی ئیسلامی. ئەمە دەسەڵاتێکە بەبێ کوشتن و خوێنڕشتن ناتوانێت بژی، ئامێرێکی کوشتنە. کوشتن مەرجی سروشتیی خۆیەتی.

ڕێژیمی ئیسلامی لەژێر کاریگەریی ناڕەزایەتی خەڵکدایە. ڕووبەڕووی کەسانێک دەبێتەوە کە هەموو دەرفەتێک دەدۆزنەوە بۆ هێرشکردنە سەری، لەم دواییانەدا ئەم دەسەڵاتە زەربەی توندی لە خەڵکی ئازادیخواز و یەکسانیخواز بەرکەوتووە، هێما و پیرۆزییەکانی سووتێنراون. لەسێدارەدانی ئەو ئازیزانە، هەروەها ئەو لەسێدارەدانانەی کە چەند مانگێک لەمەوبەر ڕوویان داوە، هەوڵێکە بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەو شکست و لێدانانەی کە بەریان کەوتووە.

لەسێدارەدان بەشێکە لە هەوڵەکان بۆ گۆڕینی هاوسەنگیی هێزە سیاسییەکان لە کۆمەڵگەدا. هەوڵێکی نائومێدانە و ئەمەش بەشێکە لە ستراتیژیی ڕێژیمی ئیسلامی. بێدەنگی و ڕەزامەندی لەسەر هاوسەنگیی هێزەکان بە مانای مردنە بۆ ئەم لێشاوە، ئەوان دەزانن کە هەر پلەیەکی پاشەکشە یان ڕازیبوون بە هاوسەنگییەکی خراپتری هێز تەنیا سەکۆیەکە بۆ هێرشی زیاتر بۆ سەر خەڵک و خواستی ئازادی و یەکسانی و ناچارکردنیان بۆ پاشەکشەی زیاتر لە بناری کەوتن. بۆیە بە نهێنی خەڵک لە سێدارە دەدەن، چونکە دەزانن کە دەکرێت مرۆڤ لەسێدارەدانەکەیان لەت بکات. ئەمە لۆژیکی گشتیی سیاسەتی لەسێدارەدانی ڕێژیمی ئیسلامییە لەم بارودۆخەی ئێستادا. هەوڵی تێکدانی هاوسەنگیی هێزەکان لە کۆمەڵگادا دەدەن.

هەوڵی ترساندنی خەڵک دەدەن. بەڵام دەزانن کە دەڕۆن. دەزانن کە ناتوانن کارەساتی ٦٠ و ٦٧ دووبارە بکەنەوە. کۆمەڵگا ڕێگەیان پێنادات چونکە ئیدی هێزیان نییە، یەکگرتوویی پێویستیان نییە، ئەوان ڕووبەڕووی کۆمەڵگەیەکی ئاگادارتر و داهێنەرتر و وریاتر دەبنەوە.

لەبەر ئەوەی ڕێژیمی ئیسلامی پێی وایە "یەکەم پاشەکشە گەورەترین پاشەکشەیە"، ڕۆژانە تووڕەیی هەمووان بەرامبەری زیاتر دەکات. - سەرکوتی توندوتیژی پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە لاوازی و ترسی حکوومەتەکانی وەک ڕێژیمی ئێرانەوە هەیە، تا لاوازتر و ترسناکتر بێت، مەودای سەرکوتکردن زیاترە!

ڕێژیمی ئیسلامی لە کایەی نێودەوڵەتیدا ڕووبەڕووی گوشاری زۆر بووەتەوە، قەیرانەکانی ناوخۆی هێندە زیاد کردووە کە گەردنی تەنگەکانی ئەو سیستەمەی لە هەموو لایەکەوە قووڵتر کردووەتەوە.

بەمەبەستی کۆنترۆڵکردنی کەشوهەوای ناو وڵات، دامەزراوەی بیرکردنەوەی نیزام بەردەوامە لە سەرکوتکردنی خۆپیشاندەران



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

بە شێوەیەکی جددیتر لە پێشوو. لە لایەک، دوادەسەڵاتی کەمی سیستەمەکە بۆ سەرکوتکردنی خۆپیشاندەرانی سەر شەقام بەکاردەهێنرێت و لە لایەکی دیکەشەوە "دەرکردنی سزای لەسێدارەدان" بۆ خۆپیشاندەرانی دەستگیرکراو لە بەرنامەی کاریدایە.

تاکتیکی ڕژێمی ئیسلامی هێشتا لەسەر بنەمای شیکارییەکی کۆن دامەزراوە و ئەم پرۆسەیە وای کردووە کە سیستمی ئیسلامی ڕۆژانە تووڕەیی و بێزاریی خەڵک بەرامبەری زیاتر بکات و هێزێکی کۆمەڵایەتیی گەورەتر لە دژی سیستەمی مەرکەزی وەربگرێت.

ڕژێمی ئیسلامی کە لە ڕیزبەندی بەرزترین جەللادەکانی جیهاندایە، زیاتر لە چل ساڵە بە بەردەوامی تاوانی لەسێدارەدانی ئەنجام داوە، تەنانەت ڕێگەی بە نوێنەری تایبەتی نەتەوە یەکگرتووەکان نەداوە بچێتە ناو ئێران و بەدواداچوون بۆ ئەو دۆسییانە بکات.

لەسێدارەدان لە ڕژێمی ئیسلامیدا خزمەت بە سەرکوتکردنی داواکاری و خەباتی خەڵک دەکات، ئامرازێکە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ڕاپەڕینەکانی داهاتوویان و چەسپاندن و ڕاگرتنی پێگەی ڕژێم لە دژی ئیرادەی گەل.

وڵاتی ئێران ڕووبەڕووی بارودۆخێکی زۆر هەستیار بووەتەوە، نارەزایی و تووڕەیی لەنێو چین و توێژەکانی خەڵکدا بە خێرایی تەشەنە دەکات. ئاژاوەی بەربڵاوی سەر شەقامەکان خەوی سەرکردە گەندەڵ و بێتواناکانی حکوومەتی دزیوە. بەتایبەت کە ماوەیەکە نارەزایەتی و مانگرتن لە کەرتە سەرەکییەکانی ئابووریدا بە خێرایی زیادی کردووە. هاوکاتی نارەزایەتی لە شەقام لەگەڵ مانگرتن لەسەر ئاستی سەرتاسەری، دەتوانێت سیستەمی ئیسلامی لەکار بخات و دەسەڵاتی ڕژێم بۆ سەرکوتکردن کەم بکاتەوە.

دەسەڵاتی سیاسی بە سەرکردایەتیی وەلی فەقیهـ لە چەقبەستوویەکدا گیری خواردووە و چاوەڕوانی ئایندەیەکی تاریکی دەکات.

ئەمجارەیان وەک ڕابردوودا سەرکردەکانی نیزامی تیرۆریستیی ئیسلامی پەنایان بۆ توندوتیژی و ستەم بردووە، ئەوان هەر لە سەرەتای هاتنە سەر دەسەڵاتەوە، بە سەرکوتکردن و دانانی دار لەگەڵ خەڵکی ناڕازی و نەیارانی سیاسی قسەیان کردووە، بەڵام ئەمجارە خەڵک ڕووبەڕوویان دەبنەوە.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

وەک نـارەزایەتییەک بەرامبەر بەم دۆخە شەپۆلێکی بەرفراوانـی هاوسۆزی بـۆ بنەماڵەکـان و ئەوانەی کە حوکمی ئێعدامیان بەسەردا سەپێنراوە دەبینرێت و داوای هەڵوەشاندنەوەی حوکمی ئێعدامی نامرۆڤانە لەلایەن ڕێژیمی ئیسلامییەوە دەستی پێکردووە و پەرەی سەندووە.

با ئەزمونی ئازاربەخشی کۆمەڵکوژییەکانی ڕابردووی ڕێژیم و بەتایبەت کۆمەڵکوژییەکانی شەستەکان دووبارە نەبێتەوە. بە هەر شێوەیەک کە بتوانین هەوڵی ڕزگارکردنی گیانی ئەو کەسانە بدەین کە سزای لەسێدارەدانیان بەسەردا سەپێنراوە، بۆ ڕزگارکردنی گیانی زیندانییانی سیاسی، بەتایبەت ئەوانەی کە مانیان لە خواردن گرتووە و، بەرپرسانی تاوانکاری ڕێژیم لە ئەنجامدانی تاوانی نوێ پاڵ بە دواوە بنێین.

بەپێچەوانەی نەوەکانی پێشوو، نەوەی ئێستای لاوانی ئێران لە ژینگەیەکی جیهانی و لە سەردەمی پەیوەندیی جیهانی و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی سووڕانەوەی زانیاریدا دەژین و ژیانێکی ئینسانیی شایستە هاوشێوەی لاوانی وڵاتانی پێشکەوتووی جیهان و ڕێزگرتن لە کەرامەتی ئینسانییان دەوێت، شێوازی ژیان و مافی هاووڵاتیبوون، لە هەمووی گرنگتر نەوەی گەنج خوازیاری تێوەگلانی ڕاستەوخۆیە لە هەموو کاروباری ئابووری، سیاسی، کۆمەڵایەتی، کولتووری و بەگشتی بەڕێوەبردنی گشتیی وڵاتەکەیان.

گەنجان و هەموو ناڕازیانی کۆمەڵگای ئێران بە بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی نزیک بە چوار مانگە، بە دروشمی "ژن، ژیان، ئازادی" سەرکەوتوو بوون لە گۆڕینی پرسە گرنگ و بنەڕەتییەکان لە عەقڵیەتی کۆمەڵگا و کەشوهەوای سیاسیی وڵاتدا.

ئێستا ڕێژیمی ئیسلامی ڕووبەڕووی ژن و پیاوێک دەبێتەوە کە بێ ترس لە سەرکوت دژایەتی دەکەن و خەبات دەکەن و تەحەدای تەواوی دەسەڵاتی حکوومەت دەکەن. هێزی لاوان لەم ماوەیەی نزیک بە چوار مانگەدا، توانیویەتی بە دەسەڵاتی خۆی بیر و بۆچوون و ناسنامەی نوێ بخوڵقێنێت و ببێتە نوێنەرێکی واقیعی و بێگومان کۆمەڵگای نوێ و کولتوور و سیاسەتی نوێ و سەردەمییانە بۆ ئێران شایەنی مرۆڤە.

لەسێدارەدانی گەنجانی ناڕازی لە ئێران شەپۆلێکی بێزاری و تووڕەیی لە وڵات و هەروەها لە جیهاندا دروست کردووە. ئەگەرچی حکوومەت بە کۆکردنەوەی ئەوپەڕی هێزی سەرکوتگەر و گۆڕینی شار و ناوچە نارەزایەتی و ڕەخنەگرەکان بۆ ناوچەی داگیرکراو هەوڵی ڕێگریکردن لە نارەزایەتیی جەماوەری دەدات، بەڵام تا ئێستا نەیانتوانیوە بە ئامانجی یەکەمی خۆیان لەم لەسێدارەدانی بەپەلەدا بگەن کە ترساندنی خەڵکە.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

لە هەموو گۆشەیەکەوە نارەزایەتی دژی لەسێدارەدانەکان هەڵدەقوڵێت، لە زانکۆکاندا هاوار ی "ئیعدام مەکەن!" دەبیسترێت، دەرگا و دیواری هۆڵەکانی خوێندن و کەمپی زانکۆکان پڕن لە دروشم کە ئیدانەی ئەو لەسێدارەدانانە دەکەن و بەڵێنی تۆڵەسەندنەوە دەدەن. لەناو حکوومەت و تەنانەت لە ناو پیاوانی ئایینی پلە باڵادا، نارەزایەتی بەرامبەر بەم حوکمانەی دەسەڵاتی قەزایی کە بە پشتیوانی و فەرمانی راستەوخۆی خامنەیی دەدرێن، دەنگێکی بەرزتر دەبیسترێت. نابێ گومان لەوەدا بکرێت کە لەسێدارەدانەکان ئاگری تووڕەیی خەڵکیان زیاتر کردووە و بەپێی لێکدانەوەی بەشێک لە بەرپرسانی حکوومەت تەنانەت وای کردووە کەسانی بێلایەن نارەزایەتیان بەرامبەر حکوومەت دەرببڕن. ئەم تووڕەییە لە یەکەم دەرفەتدا دەرژێت. بارودۆخی ئیلتیهابی کۆمەڵگا بەجۆرێک نییە کە خەڵک ئەو کەسانە لەبیر بکەن کە لەسەر ڕێگای ئازادی و تاوانە یەک لە دوای یەکەکانی حکوومەتەکەی عەلی خامنەیی گیانیان لەدەست داوە.

لەسەر ئاستی جیهان، نارەزایەتییەکان گەیشتوونەتە ئاستێکی بێوێنە. ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانی داکۆکی لە مافی مرۆڤ بەردەوام لێدوان دەدەن و لەسێدارەدان شەرمەزار دەکەن. زۆرێک لە حکوومەتەکان فشاریان خستۆتە سەر حکوومەتی ئیسلامی

تا کۆتایی بە لەسێدارەدانەکان بهێنێت، سزای نوێ بەسەر ئەم حکوومەتە خوێنرێژە دەسەپێندرێت. بازنەی گەمارۆی جیهانی و زیادبوونی فشارە ناوخۆییەکان، ئەم لەسێدارەدانانە لەدژی خۆیان دەگۆڕن و خەڵک زیاتر ئیرادەی بۆ ڕزگاربوون لەم حکوومەتە تاوانبارە هەیە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا – ڕێکەوتی: ٢٤ی بەفرانباری ٢٧٢٢ = ١٤ی جانێوێری ٢٠٢٣



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## کەمنین ئەو هێز و کۆنەپارێزانەی ئێران کە زراویان لە وشەی فرە نەتەوەیی بوونی ئێران چووە.




محەممەد سلێمانی

حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستانی ئێران وەک هێزێکی دیار و گاریگەری ڕۆژهەڵای کوردستان و ئێران، زۆر جەوهەریانە هەنگاوی سیاسی خۆی لەسەر ئاستی وڵاتدا دەهاوێژێ و مەرجی هاوپەیمانی و ئیتلافی سیاسی گرێداوە بە پرشی فرە نەتەوەیی و زامن بوونی مافی سیاسی و نەتەوەیی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی نوێ و فیدراڵدا.

نیشانەکانی ڕوخانی ڕێژیمی ئاخوندی تادێ باشتر دەردەکەوێ و، زەمینەی شیاوتری دارمانی بەسەریەکدا لە سەرئاستی نێو خۆ و نێودەوڵەتیدا بۆدەرەخسێ.

گەلانی وڵات ئازادی و ژیانێکی شایستە و ئابووریەکی ئەو تۆیان دەوێت کە بتوانێ ئاسایشی کۆمەڵایەتی خەڵک بەگشتی و بە بێ جیاوازی سیاسی و نەتەوەیی و ئاینی دابین بکات و دەرفەتی ژیانێکی شایستە بۆ هەموو لایەک برەخسێ ئازادیە دێمۆکڕاتیکان گەشە بستێنن.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

گەلانی پێک هێنەری ئێران ئازادیەکیان دەوێت کە دەرفەتی بەشداری لە حوکمڕانی وڵاتیان بە بێ جیاوازی و هەڵاواردەن بۆ دەستەبەر بکرێ و مافی نەتەوایەتی گەلانی ئێران لە بە دەستووری وڵات بۆ هەموو نەتەوەکان دابین بکرێ و، کە ڕەنگدانەوەی سازانی سیاسی و نەتەوەیی گەلانی ئێران بێت.

لەوەش گرینگتر ئەوەیە کە بنەماکانی دیاریکردنی مافی نەتەوایەتی گەلانی وڵات لەسەر بنەمای فیدراڵی بێ و بە جۆرێک دەستوور ڕێکبخرێ، هەرکاتێک یەکێک لە نەتەوەکان بڕیاری جیابوونەوەی خۆیدا. لە گەڵ دژایەتی و توندوتیژی سیاسی و سەربازی بەرەوڕوو نەبێتەوە.

چوونکی سروستی پێک هاتەی سیاسی و نەتەوایەتی ئێران تایبەت مەندی سیاسی و مێژووی خۆی هەیە و لە داهاتووی وڵاتدا بەتەواوی دەبێت ڕەچاوی ئەو خاڵە گرینگ و جەوهەریە بکرێت و نابێت ڕێگا بە نەتەوەیەک بدرێ هێرش بکاتە سەر سنووری سیاسی و ئیداری هەرێمێکی دیکەی ئێران.

وڵاتی ئێران بە تەنیا خاکی فارس یان نەتەوەیەکی تر نیە، بەڵکوو هەموو نەتەوەکان خاوەن خاک و سنووری نەتەوەین و دەکرێ ئەو باسە لە داهاتووی سیاسی وڵاتدا بەتەواوی یەک لای بکرێتەوە و کارێک نەکرێت بە ڕێککەوتن زیان بە داهاتووی سیاسی گەلی کورد بگات.

بڕیاری سەربەخۆی و ڕاگەیاندنی دەوڵەت بۆ هەموو نەتەوەکانی پێک هێنەری ئێران وەک مافێکی سیاسی و نەتەوەیی، بێ ئەوەی گیروگرفتی بۆ سازبکرێ، لە دەستووری وڵاتدا جێگر و پەسند بکرێ، بەداخەوە زۆر هێزی ئێرانی هەن هەر لە ئێستاوە زراویان لە وشەی فرە نەتەوەیی بوونی ئێران چووە و بە دیاریکراویش ڕەزا پەهلەوی و هاپێرەکانی هەوڵی پیلان گێری بەدژی پێک هاتەی سیاسی و نەتەوەیی وڵاتیان لە تاراوگە دەست پێکردووە.

هەتادێت گوشارەکانی سەر ڕێژیمی ئاخوندی لە سەر ئاستی نێوخۆ و نێودەوڵەتیدا بە دوای ڕاپەڕین و شۆڕشی گەلانی ئێران بەدژی ڕێژیمی ئاخوندی زیاتر پەرەدەستێن و کۆمەڵێک وڵاتی ڕۆژئاوای و لە نێویاندا بریتانیا و ئاڵمان و فەڕانسە و هێندێک وڵاتی دیکە، هەڵوێستی ڕەقتر لە هەمبەر ڕێژیمی ئاخوندیان دەست پێکردووە.

لە سێدارەدانی ئەو بەشەی کە بەشداری ڕاپەڕینی هێنانەیان کردووە، تووڕەی زۆری لە سەر ئاستی نێەدەوڵەتیدا لێکەوتۆتەوە و ئەو هەوڵەهەیە کە زۆر وڵات سەفارەتی ئێران لە وڵاتەکانیان دابخن و فشاری دیپلۆماسی زیاتر بخەنەسەر



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ئێران.

درێژە کێشانی ڕاپەڕینی سەرانسەری و پەرینەوەی بۆشارەگەورەکانی ئێران، بێگومان حکوومەتی ناوەندی بەرەو دارمانی حەتمی دەبا و تاران هێزی کۆنتڕۆڵکردنی نامێنێ و هەر ئێستاش لە زۆر شار و ناچەدا دەسەڵاتیان بەتەواوی لاواز بووە.

چوونکی لە کاتی تێکچوونی بارودۆخی سیاسی و سەربازی وڵاتدا، هێزە چەکدارەکانیش لە ژێر هەژموونی حکوومەتدا نامێن و ڕیزی خۆیان لە دەسەڵاتی دیکتاتۆری حاکم بەسەر ئێراندا جیا دەکەنەوە و پشتیووانی شەقامی سیاسی وڵات دەکەن.

ڕێژیمی ئاخوندی بە هەموو هێز و ئیمکاناتی لەبەرەدەستیدایە، هەوڵی زۆر دەدات بۆ ئەوەی متمانەی خەڵک بۆ حکوومەت بەدەست بێنێتەوە ،بەڵام گەلانی ئێران ئەوەندەیان چەرمەسەری و نادادپەروەری سیاسی و نەتەوەیی و کۆمەڵایەتی لە سایەی ئەو ڕێژیمەدا بینیووە، هەرگیز بۆ جارێکیتر شوێنی قەول و بەڵێنیەکانیان ناکەونەوە و بڕیاری ڕوخانیانداوە و پێکەوە خەباتی بۆ دەکەن.

ئەمریکا و هاوپەیمانە نێەدەوڵەتیەکانی خەریکن جەمسەری دژایەتی لە گەڵ ڕێژیمی ئێران پێک دێن و بێ باکانە تر ڕێژیمی ئێران بە هۆی کردەوە و سەرکوتی بێ بەزەیانەی ڕاپەڕین و لە سێدارەدان مەحکووم دەکەن و زۆر وڵاتێش لەو باوەڕەیدان دەبێت هەڵوێستی توند بەرامبەڕ بە تاران بگرنەبەر.

ئیسرایل جگە لە فشاری سیاسی و ئابووری و ناوچەی بۆ سەر پێگە و نفووزی ئێران، بەڕاشکاوی ڕایگەیاندووە هێرش دەکەنە سەناورندە ئەتۆمیەکانی تاران و هەوڵی لاوازکردنی یان زۆر بە جدی دەست پێکردووە.

حکوومەتی ئێران بەتەواوی لە گەڵ قەیرانە جۆر بە جۆرەکان بەرەوڕووبۆتەوە و شوعاری خەڵک ئەوەیە کە دەسەڵاتداران وازلەکاری سیاسی بێن و وڵات بەجێ بێڵن. ڕێژیمی تاران هەوڵی زۆریدا پاش کوژرانی قاسم سلیمانی و ساڵ یادی لرناوبردنی وەک بەدەست هێنانەوەی متمانە و پشتیووانی گەلانی وڵات بەکار بێنێ.

ئەم ساڵ بە تێکڕای وێنەکانی ئەو جەلادە و خومێنی و خامنەی لە لایەن خەڵکی ڕاپەیو ئاگریان تێبەر دەدرێت و پەیکەرەکانیان دادەڕمێنن.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

هەروەک بینیمـان، خۆپێشـاندەران لە شـارەکانی ڕۆژهەڵات و ئێـران، هەتـا وێنەکـانی ئەو گەورە تیرۆریستەشـیان لە دارودیوارەکان دەکردەوە و دەیان خستە ژێر پێڵاوەکانیان.

گەلانی وڵات ڕوخانی ڕێژیمیان کردۆتە شوعاری ڕۆژیان و بە پێچەوانەی حکوومەتی ئاخوندی، خەڵک و گەلانی ئێران جگە لە ڕێز و خۆشەویستی بۆ یەکدی و ئەو وڵاتەی هاوکاریان بکات، شتێکی دژیان نیە.

دەرکەوت ئەگەر تاوێنێ ئشوعاری بمرێ ئەمریکا یـان لە تـاران و شـارەکانی دیکەی وڵات دەگووتەوە، ئێستا شـوعارەکە زۆر ڕوونە و، بە دەنگێکی بەرز و پـاراو شـوعاری ڕوخـانی ڕێژیمـی ئاخونـدی دەڵێنەوە و ئەوەی گەلانـی ئێران بەدوژمنـی خـۆی دەزانێت، تەنیا ڕێژیمی کۆنەپەرستی تارانە.

بارودۆخی سیاسی و ئاسایشی کاربەدەستانی وڵات بەتەواوی کەوتۆتە ژێر گوشـار و هەست بە دوو بەرەکی زۆر دەکرێت لە نێو کاربەدەستانی نیزامی حاکم بەسەر چارەنووسی سیاسی گەلانی وڵاتدا.
ئێران هەوڵی زۆر دەدات تۆزێک شانیان لە ژێر گوشاری ئالۆزییە ناوچەی و نێو دەوڵەتیانکاندا ڕاست بکـاتەوە، کەچی بەو دوایانە کەیسی پێکانی فرۆکە ئوکراینیەکە و گەیاندنی یارمەتی سەربازی تـاران بـۆ رووسیە، ئـاڵۆزیەکی گەورەی سیاسی و دیپلۆماسـی لەسـەر ئاسـتی ئورووپـا و ئەمریکـادا لێکەوتـۆتەوە و شـڵژانی نێوخـۆی وڵات، پـاش سـەرهەڵدانی شۆڕشـی ڕزگاریخوازی، مەترسی لەسەر پێگە و داهاتووی ڕێژیم دروست کردووە.

حکوومەتی ئێران کە دەسەڵاتێکی بەتەوای داخراو و چاوچنۆک و مرۆڤ کوژ و دژی ئازادیەکـان دەوەستێ و ئەوەی ئێستا بە سەریاندێ، بەدڵنیاییەوە هۆی خراپ جووڵانەوەی خۆیان بووە لە ماوەی تەمەنی حوکمڕانیان بەسەر گەلانی وڵاتدا.

هێزەکـانی ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان لازمە سـەبارەت بە داهـاتووی وڵات و پـاش ڕوخـانی ڕێژیمـی تـاران، بەجۆرێـک مـاف و ئازادییەکانی گەلی کوردیان گەڵاڵە و ڕێکخست بێت کە کورد وەک گەلێکی دیاری نێو بزووتنەوەی سیاسی ئێران و کوردستان بەتەواوی بە مافەکانی بگات.
چـوونکی ئەگەر لە ئێسـتاوە ئەوە نەکرێ، بەدڵنیـایەوە کە کـاتی ڕوودانـی بـارگرژی و تێکچـوونی هاوسـەنگی سیاسـی و سەربازیدا، کورد بە کۆی دەسکەوتەکانی ناگات.

سەرچاوە: دیواری فەیسبووکی نووسەر – ڕیکەوتی: ١٤ی جانێویری ٢٠٢٣



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕۆحمان نەقشی

بەفرانباری ٢٧٢٢ی کوردی = چانیۆیری ٢٠٢٣ی زایینی






سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com